# شانۆیی هاملێت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ویلیام شێکسپیر

# شانۆییی هاملێت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

د. ئازاد حەمە شەریف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: شانۆییی هاملێت
نووسینی: ویلیام شێکسپیر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف
پێشەکی: ئەحمەد سالار + دانا رەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٢٤
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٩١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە:

* هەموو ئەوانەی بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لە شێکسپیر بزانن بەنەزانییەوە دەستیان داوەتە سەقەتکردنی شانۆییەکانی ئەم کەڵە نووسەرە.
* هەموو ئەوانەی زۆر لە شێکسپیر دەزانن بەڵام دەزانن وەرگێڕانی دەقەکانی ئەو بلیمەتە پێویستییان بەوپەڕی شارەزایی لە زمان و هزر و شێوازی ئەو کەڵە نووسەرە هەیە بۆیە نەوێراون خۆیان لەکارێکی وا مەزن بدەن.



– تێبینی: ئەم شانۆیییەم لەو دەقە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە:

William Shakespeare, **Hamlet**, (ed.)  Bernard Lott, (London: Longman, 1978)

– تێبینی: بۆ هیچ گروپ و دەستە و تیپێکی شانۆیی نییە کە بەبێ ڕێپێدانی بەنووسینی وەرگێڕ ئەم دەقە بخاتە سەر شانۆ یان بۆ تەلەفزیۆن ئامادەی بکات.

# هونەری هاملێت و هونەری وەرگێڕان

شانۆڤانی کورد: ئەحمەد سالار

٣/ مایس/ ٢٠٠٨ عەینکاوە – هەولێر

ئەو دەمەی برای ئازیزم د. ئازاد حەمە شەریف، مزگێنی ئەنجامدانی بە کوردیکردنی شانۆیی (هاملێت)ی (ولیەم شێکسپیر)ی پێ ڕاگەیاندم، جگە لەوەی بەو هەواڵە گوشادی کردم، دەسبەجێ کۆمەڵە وەرامێکی لە کەللەما چەسپ کرد و ورووژاند. یەکەمیان: بەردەوامی و نەپسانی کۆششە جوانەکەی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، بە شاکارە نەمرە هەمیشە درەوشاوەکانی (شێکسپیر) و دابڕنەبوون لەو ڕێگایەی دەمێک ساڵە ڕێبوارییەتی و لە هەگبەیا تەنیاو تەنیا ئەو خەمخۆرییەیە، مشورخواردنی بنیادنانی ئاییندەی جوانترە لە ئاسۆ چراخانەکانی ئاواتی گەورە بۆ هەنگاوە گەورەکان، ئەو هەنگاونانەی کەلێنی گەورە پڕدەکەنەوەو مایەی بنیادنانن.

لە هەمان کاتدا هۆشیارییە بەرزەکەی دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) کە حەقیقەت و فەلسەفەی بوونی لە فراوانترین و جوانترین پەنجەرەی ڕووناک هێنەرەوە سەلماندووەو ئاشکرا کردووە. بەتایبەت، بایەخ و گرنگیدانی گەورە بە شاکارەکانی (شێکسپیر)ی مەزن.

کاتێک مامۆستا (د. ئازاد) ڕێزی ئەم پێشەکی نووسینەی لێ نام،



لەگەڵ سوپاس و پێزانینما، هەژاندمی و چەپکە هەستێکی جوان هەڵبژێراو و پوخت دەسکەنەکراوی لەلا دروست کردم، (هاملێت) ئەو شاکارەیە کە بە پێی ئامارێکی ساڵی (١٩٨٠) پتر لە نیو ملیۆن توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بێگومانیشم لەو دەمەوە تا هەنووکە هەزارانی دی چۆتە سەر.

بەر لە هەمووان ئەو ڕۆژ و سەعاتەم لەلا هاتەوە ئارا و لەدایک بوویەوە ئەو ڕۆژە بوو، نزیکەی بەر لە چل ساڵێک بوو، هەر وەک ئێستا لەبەر چاومە، لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا، قوتابییەکی قیت و زیت و گەش بووم، بینراوێکی ئەم شانۆییەم دەنواند و مامۆستاکەم پرۆفیسۆر (ئەسعەد عەبدولرەزاق) خوا دەست بە باڵییەوە بگرێ، لێی پرسیم: کاکە سالار دەتوانی واتای ئەم رستەیەی (هاملێت)م پێ بڵێی «ببیت یان نەبیت، ئا ئەمە مەسەلەکەیە»؟

تاوێ بۆی وەستام و وتم: بەڵێ، مەبەستی لەوەیە، لێ گەڕێ یان لێ نەگەڕێ و، ڕووی زاری لە خودی خۆی دەکات: ئایە بێت یان نەبێت؟

فەرمووی: هەر ئەوەندە؟

ویستم پتر ڕوونی بکەمەوە، بۆیە ئەمجارە وتم: تۆڵە بسێنم یان نەسێنم.

فەرمووی: ئەی واتای دی؟

وەرامێکی ئەوتۆی دیم شک نەدەبرد، بۆیە کەوتە ئاخافتن لەسەر ئەو رستەیە و شانۆیی (هاملێت) و گەورەیی (شێکسپیر) وتی: ئەوی لەسەر تەنیا ئەم رستەیە نووسراوەو، ئەوەی خۆم ئاگادارم و بەچاوی خۆم دیومە، هەر لە کتێبخانەی (ئاکادیمیای درامای ڕۆما) دا پتر لە

سەد کتێبی قەوارە ئەستوورو گەورە لەسەر ئەو رستە بەناوبانگەی (هاملێت) نووسراوە، جگەلەوەی هەر توێژەرەوەیە، بە بۆچوونی خۆی و بە دیدی فەلسەفەیەکی جیاوە لەسەری دواوە.

هەڵشاخینە، بە ئاگاهاتنەوەیە، یاخیبوونە، یان رەتبوونییەتی لە ئاستی چەند رێیانێ و ئاکام هەڵبژاردنی تەراژیدیانە هەڵدەبژێرێ، واتە هەڵبژاردنی ئەو راستە رێیەی، هەرچەندە مەرگ و کۆتایی بێ، بەڵام گرنگ هاوتا بوونەوەو راستکردنەوەیەو کۆتایی هێنانە بە نەنگی و ناتەواوی و نادادی... کە ئەمە ئەرکێکەو خاسیەتێکی گەوهەرینی تەراژیدیایە.

ئەمە خۆی بوارو دەرفەتی بینینەوەیە، لەپای بنیادنانی شانۆییدا، هەر بۆیە لەو هەزاران جارە نواندنی شانۆیی (هاملێت)دا، هەزاران جۆر بۆچوون و بینینەوەو بنیادنان هاتۆتە ئاراوەو گەنجینەیەکی گرانبەهای زانستی پێکهێناوە، ئەمە نیشانەی زیندووێتی و مەزنی ئەم شاکارە و قەڵەم و هونەری (شێکسپیر)ە، کە دەیەوێ ناکامی ئەو (هاملێت)ەی بە شێتۆکەیی خۆی دەنوێنێ و دەیەوێ تۆڵەی باوکی لە مامە بکوژەکەی بکاتەوە...

هەر لەو رۆژانەدا بوو، وەک هەر هەموو گچکە شاگردێکی هونەری شانۆ، گرفتاری ئەڤینە ئەفسووناوییەکەی نواندنی کەسایەتی (هاملێت) بووبووم، ئەوەش باوەو هەروا بووە، بۆیە نواندنی رۆڵ و کەسایەتی (هاملێت) بە (خەونە ئەکتەر) ناوزەد دەکرێ، ئەمەش بە هۆی کۆمەڵە هۆکارێکەوەیە، لە پێشیانەوە، خواستی بەهرەو تواناو ماندووبوونێکی فرەی گەرەکە، هەرچۆن رەتبوونی کەسایەتییەکە بە کۆمەڵە وێستگەیەکی گۆڕانکاری پێکهێنەر، جگە لە کۆبوونەوەی



چەندین لایەنی ناکۆک لە بیرو بۆچوون و جۆری پەروەردەو پێکهاتەی کەسایەتییەکەو، ئەو گشت وردەکارییەی هونەری شێکسپیر.

هەروەها لە رووی بەراوردکارییەوە بە کۆمەڵە تەراژیدی شانۆییەکی هەمان نووسەر، وەک: شا لیر، ماکبێس، ئۆتێللۆ... جگە لە (رۆمیۆ و جۆلێت)، قارەمانەکەی گەنجەو لە بواری حەزو ئارەزوو و بەرەنگاربوونەوەو شێوازی مامەڵەی گەنجانەیە، بۆیە لە دوتۆی ناکۆکی نێوان خوێندنی فەلسەفەو هێمنی و قووڵ بیرکردنەوە، لە تەک شمشێربازی و هەڵشاخێن و کوشتن، کوشتنی کێش؟ دایکی و مامی، لەپای تۆڵە سەندنەوەیەک، حەقی باوکایەتی و فرزەندی لە ئەستۆی ناوە، گەیشتنە ئاستی قایلبوون بەوپەڕی (لۆجیک) ەوە بۆ گۆڕانکاری گەورە، هەرچۆن لە سەرەتاوە گەنجێکی، تا رادەیەک، هەرزەکارانە، بەرە بەرە، سەدو هەشتا پلە وەردەچەرخێ، لە هێمنی و ساکارییەوە، بۆ گرژی و ئاڵۆزە باریی و، پاشان هەڵبژاردنی ئەو ئاکامەی، وەک دەوترێ، (چی دەبێ با ببێ) گرنگ راستکردنەوەی نەنگی و نادادییە.

هەر لە کەسایەتی (هاملێت)دا جۆرە خۆشەویستییەکی بێگەردو ئەوپەڕی رۆمانتیکانە، لە نێوانی ئەو و (ئۆڤیلیا) دا، بەهەرحاڵ گەلێک هاندەرو بزوێنەرە بۆ بوونە مایەی ئەو خەون بینینەی ئەکتەرانی گەنج بە نواندنی ئەو کەسایەتییەوە دەیبینن، جگە لەوەی لە لایەن مەزنترین ئەکتەرانی جیهانەوە وەک: (سێر لۆرانس ئۆلیڤیە) و (پیتر ئۆتۆڵ) و (جاکۆبی) و ئەو شا ئەکتەرە سۆڤێتییانەی جاران کە لە شانۆی هونەری (مۆسکۆ) و شاکارە سینەماییەکانی دەزگای (مۆسفلم)ە و، هێندەی شکۆ و بریق و باقیان خەڵاتی ئەو شانۆییە کردووە کە بێ وێنەیە .

من بەش بە حاڵی خۆم ئەو ڕۆژانەی مامۆستای هونەری شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووم، بە جۆش و خرۆش و ئاواتێکی گەورەوە کاری دەرهێنانم بۆ کرد، جوانترین هەستی لە ناخی شانۆیاریما سەوز کرد، هەر لە مەڕ بەخت یاریم، سەبارەت بە (هاملێت) ئەوە بوو، لە گەشتێکما بۆ (لەندەن) هەر ئەو ئێوارەیە سواری مەترۆ بووم و رووم لە شانۆکەی (گلۆپ تیاتەر)ی (ئەلیزابێس) کرد، ئەو شانۆیەی (شێکسپیر) هونەری باڵای تیادا خەڵاتی شانۆ کرد، ئێستاش بە هەمان جوانی و شێوازو روخسارەوە کاری تیادا دەکرێ، هەر کە پۆستەرو تکیتەکەم بینی، (هاملێت) دەدرەوشایەوە، جارێکی دی بە عەشقی (هاملێت) بووژامەوە.

ئەوا ئەمڕۆش دەمەوێ چەند پەیڤێک لەسەر ئەم وەرگێڕانەی (د. ئازاد حەمە شەریف) بنووسم، بۆیە ناهەقم نییە ئەو شەکراوە لە شیرینی خواردنەوەیدا بنۆشم.

کاتێ (برێخت) لە نووسراوەکەیدا (ئۆرگانوونە گچکە) لە بارەی پەیوەندی توندی شانۆ و سەردەمەوە دەدوێ، دەقی شانۆیی (هاملێت) بە نموونە دەهێنێتەوە: (...... دەبێ شانۆ بە دەم پێداویستییەکانی سەردەمەکەیەوە بێت. با بۆ نموونە کۆنە شانۆیی (هاملێت) بهێنمەوە، لەو بڕوایە دام بە هۆی چینە فەمانڕەوا تاوانبارەکانەوە و ئەو کەنەفتەی ساڵی (...) هۆشی پێوە گرفتاری نائومێدی بوو، دەتوانرێت ئەم شانۆییە ئاوا بخوێنرێتەوە: - کات کاتی جەنگەو باوکی (هاملێت) پاشای (دانیمارک)ە و، لە جەنگێکی سەرکەوتووا پاشای (نەرویج)ی کوشتووەو ئەوەی تاڵان دەکرێ تاڵانی کردووە، لە هەمان کاتدا کوڕی پاشاکەی دی خەریکی خۆئامادەکردنی جەنگێکی نوێیە،



هەروەها پاشای (دانیمارک)یش بە دەستی براکەی دەکوژرێ، هەردوو برای هەردوو پاشایانی کوژراو بە پاشا دەبن و پەیمانێ لە نێوانیاندا دەبەسترێ، لە لایەکی دییەوە سوپاکانی (نەرویج) رووەو جەنگی دژی (پۆڵەندا) دەبنەوەو رێگایان پێ دەدرێ بەناو خاکی (دانیمارک) دا رەت بن. ئا لەم کاتەدا تارمایی باوکی (هاملێت) دەردەکەوێ و داوا لە (هاملێت)ی کوڕی دەکات تۆڵەی بسێنێ. پاش تیاڕامان و دڵەڕاوکێ کە دەبێ کارێکی خوێناوی دی بێنێتە بان ئەو خوێن رشتنەی پێشوو و، بە دوودڵیشەوە قایلە بە چوونی بۆ مەنفا، لە کەناری دەریا چاوی بە (فراتبرس) و سەربازانی دەکەوێ، کە بەرەو (پۆڵەندا) دەچن، بەرەو قەڵا دەبێتەوەو لە بینراوێکی دڕندەیدا مامی و دایکی و خۆشی دەکوژێ، وڵاتی (دانیمارک) بۆ نەرویجییەکان بەجێ دێڵێ... دەبینین ئەم گەنجە ئەو زانستەی لە زانکۆی (ویتنبرگ) وەری گرتووە خراپ بەکاری دێنی ئەو زانستە دەبێتە بەربەست بۆ چارەسەرکردنی ململانێیەکانی جیهانی دەرەبەگی، هۆشمەندییەکی نەگونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەو بارێکی ناهۆشمەندانەو، دەبێتە قوربانییەکی تەراژیدی، ئەمەش بەهۆی جودایی نێوان لێکدانەوەی هۆشی و کاری کرداری».

وردەکاری و دەستڕەنگینی (شێکسپیر) لەم کارەیدا، بۆ قووڵکردنەوەیەکی لە ئەندازە بەدەری گیانی تەراژیدی دەگەڕێتەوە، واتە چڕکردنەوەیەکی ئەوتۆی تیایە، کە لێوان لێوە لە دوا خەسڵەتەکانی تەراژیدیا، لە سەرەتاوە (هاملێت)ێکی گرفتارو شەکەت، پەنا بۆ شێتۆکەیی و بێ پەروایی دەبات و وردە وردە دەستە بەستەی داو تۆڕێکی ئاڵۆزی بارودۆخێک دەبێ، کە دەربازبوون و سەرفرازی

دەچێتە ئەو سەری مەحاڵەوە، دەکەوێتە ژێر بارێکی یەکجار گرانەوە، بە دەرو دوور لە توانا و بیرو بۆچوونی، ناچاری چۆک دانانی دەکات، لەلایەکەوە تارمایی باوکی دەیبزوێنێ و، لە لایەکی دییەوە دایکی و هاو پیلانی کوشتنی باوکی لە تەک مامییا، سەربوردەکەی بە خەمناکیترین ئاواز دەڕوا و تەنیا مەرگ دەتوانی بیگۆڕێ و کۆتایی پێ بێنێ.

لە دوتوێی ئەم هەموو خەمناکییەدا، بینراوی (گۆڕهەڵکەنان) بەبالاترین و کاریگەرترین جۆری (کۆمیدیا) هەست و هۆشی دەبزوێنێ و، پتر ئالوودەی بیرکردنەوەو تاوتۆکردنی دەکات.

هەر رستەو وشەیەکی گەلێک هەڵدەگرێ و کورد وتەنی (ئاو زۆر دەکێشێ) ئەم گشت هەژاندنەی، کە چ شانۆییەکی دی لە جیهانی رەخنەو توێژینەوەو باس لەسەر کردندا بە خۆیەوە نەدیوە. لە پای ئەمە و بە هۆی گەلێک هۆکاری بەهێزەوەیە، بەر لە هەمووان بوونی توخمی رێگا بەخشین بە هەموو جۆرە لێکدانەوەو بۆچوونێک، لە هەمان کاتدا دژ کەوتنەوە و بەرپەرچدانەوەیەک بۆ ئەوی دی. ئەمەو جگە لەو گیانە زیندووە بەربلاوەی کە بەردەوام بە پێزتر و زیندووتر و نوێتر دەبێتەوە.

## وەرگێڕان و بە کوردی کردن:

کاری وەرگێڕان لەهەرە بابەتە گرانەکانی هونەر و ئەدەبە، بە تایبەت هونەری وەرگێرانی شانۆیی، بۆیە دەڵێم شانۆیی، لەبەر ئەو هەموو تایبەتمەندییەی زمانی شانۆ هەیەتی، جگە لەوەی لەهەر جۆرە شانۆییەک، یان شێوازو رێبازێک، بەپێی فەلسەفەی بابەت و سەردەمەکەی، زمان و لێکدانەوەی خۆی هەیە، بۆ نموونە: شانۆی



(ئەبسۆرد) تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها (کلاسیک) ...

پاراستنی لایەنەکانی شانۆییە کە ئەرکی گەورەی وەرگێڕە، بۆیە دەبێ کۆمەڵێ توانا، یان دەسەلاتی لە خودی وەرگێڕدا هەبێ.

**یەکەمیان:** دەست بالایی لە زماندا، واتە دەسەلاتداری لەو زمانەی شانۆییەکەی پێ نووسراوە لە تەک ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێ.

**دووەمیان:** شارەزایی بە زانستی دراماوە بە گشتی و جۆری ئەو شانۆییە، مەبەستم لە رێبازو تەرزو سەردەمی شانۆییەکەیە.

**سێیەمیان:** رۆشنبیرییەکی فراوان، یان با بڵێین (ئەنسکلۆپیدی)یانە.

**چوارەمیان:** هەستبالایی لە رووی ئەدەبەوە و هەر چۆن کارەکەی ئەدەبە و ئەدەبێکی بالاش.

**پێنجەمیان:** گونجاندن، مەبەست خۆپاراستنە، لە وەرگێڕانی کتومەتی رەق و تەق، یان جڵەو شلکردنی خەسڵەتە رەسەنەکانی لە دەست بدات، بۆیە گونجاندن مەبەستە.

ئەمانەو چەند لایەنێکی دی هۆشیاریی و زیرەکانە، بەڕای من وەرگێڕانی چاک، گرانترە لە نووسین. ئەو خالانەی مەرجی سەرەکی و بنەڕەتین بۆ وەرگێڕ، ئەوانە و پتر لەوانە لە وەرگێڕی ئەم شانۆییەدا هەیە.

مامۆستا ئازاد، ئەزموونداریکی گەورەی ئەم بوارەیە، بە تایبەت بواری شانۆیی وەرگێڕان و تایبەتیش لە زمانی ئینگلیزییەوە، هەر چۆن لەو بوارەدا، لە زمانی ئینگلیزی پسپۆرە و ساڵەهایە کاری تیادا دەکات، لە رووی شارەزایی دراماشەوە، ئەوەش هەر بواری خۆیەتی و گەلێ جریدبازی و گورزگۆرزانێی دیاری هەیە و گرەوبردنەوەکانیشی

گەواهی زیندوون.

وەرگێڕ توانیویەتی لە دووتۆی زمانێکی پوختی کوردی و ئامێز شیعری و وزە شانۆییدا، لە تەک پاراستنی گیانە شێکسپیرییە ئەلیزابێسییەکەدا، دەست پاکانە مەبەست بگەیەنێ، بەوپەڕی هۆشیارییەوە لە گشت وشە و بن وشەکان گەییوە. بۆیە واتاو مەبەست و گەوهەری تێکست هاوشان لەگەڵ بریسک و باق و بەو مەرامەی دەقە رەسەنەکە بە رەسەنایەتی گەیشتووە، حسابێکی وردی بۆ کاردانەوەی وشە لەسەر شانۆ کردووە.

بۆ خۆم بەراوردکارییەکی چەند (دایلۆگ) ێکی وەرگێڕاوەکەم کرد، چ لەگەڵ ئینگلیزییەکە و چ ئەوانەی بە عەرەبی هەن، لە (خلیل مطران)ەوە تا (جبرا ابراهیم جبرا) بە پشت ئەستوورییەوە دەڵێم: ئەم وەرگێڕانەی مامۆستا ئازاد نموونەیەکی باڵای هونەری وەرگێڕانە، بۆیە کە کوردییەکەم دەخوێندەوە، جۆش و خرۆشی ئەو گوڕو تینەی بە گیانم دەبەخشی کە سەرلەنوێ ئەو دەمەو رۆژانی (لۆرانس ئۆلیڤیە) و (گلوپ تیئاتر)ی لای بووژاندمەوەو، عەشقی نواندن لە ناخمەوە گڕی گرت. دەسا با ئەم دیالۆگە بە نموونە بهێنینەوە وەک «مشتێ لە خەرواریّ» بۆ ئەوەی راستی رایەکانم لەسەر جوانی وەرگێڕانەکە پەسەند بفەرموون. فەرموون ئەم دیالۆگە و پیرۆزبێ و هەزارو یەک ماشەڵڵا.

**هاملێت:** ببیت یان نەبیت – ئائەمە مەسەلەکەیە.
ئاخۆ ئابڕومەندانەترە کە مێشکت ئازاری
پلار و تیرەکانی چارەنووسی دژوار بچێژیت،
یان دژی دەریایەک کێشە بجەنگیت و



بەوەی دژایەتییان دەکەیت کۆتاییان پێ بهێنیت؟ –بمریت – بخەویت
هەرئەوەندەیە و بەس، جا ئەگەر وابێت ئێمە بەخەوتن کۆتایی
بەئێشی دڵمان دەهێنین، لەگەڵ هەزاران کارەساتی ژیان
کە جەستە میراتگریەتی، ئەمەش سەرەنجامێکە کە زۆر جەرگسۆزانە
حەزی لێ دەکرێت. بمریت – بخەویت–
بخەویت! لەوانەیە خەون ببینیت. ئای ئەمە گرفتەکەیە،
چونکە لەو خەوتنەی مەرگدا لەوانەیە چ خەونێک ببینین،
دوای ئەوەی ئارێشەکانی ئەم ژیانە تووڕ هەڵدەدەین،
ئەمەیە وامان لێ دەکات دوودڵ بین. هەر ئەم لێکدانەوەیە
کە دەردەسەری ژیانێکی وا درێژ پەیدا دەکات.
ئەگینا کێ بەرگەی قامچی و ریسوایی رۆژگار دەگرێت،
خراپەی چەوسێنەران، گوفتارو کرداری ئابڕووبەرانەی لەخۆباییان،
ئازاری عیشقێکی ریسواکراو، بەدواخستنی یاسا،
قسەی رەق و وشکی کاربەدەستان، ئەو جوێنانەی
کە مرۆڤە پشوودرێژە چاکەکان لە کەسانی هیچ و پووچ قبووڵی دەکەن،
لەکاتێکدا لەوانەیە ئەو کەسە بتوانێت بە خەنجەرێکی رووت
گیانی خۆی ئازاد بکات؟ کێ هەیە ئەو بارە قورسانە هەڵبگرێت
و

لەژێر باری ئەو ژیانە مرۆڤ رەتێنەدا بنقێنێت و ئارەقە
دەربدات،
مەگەر لەترسی شتێکی دوای مردن نەبێت –
ترسی ئەو وڵاتە نەدۆزراوەیەی کە هیچ گەشتکەرێک
لەودیو سنوورەکەی ناگەڕێتەوە – ئەمەیە سەر لە ویست
دەشێوێنێت و
وامان لێ دەکات هێشتا هەر ئەو دەردانە بچێژین کە هەمانە و
نەفرین بەرەو ئەوانەی کە نازانین چین؟
ئا بەم جۆرە هۆشیاری وا لە هەمووومان دەکات ترسنۆک بین،
هەر بۆیەشە رەنگە سروشتییەکەی بڕواقایمی
بەهۆی رەنگ زەردییەکانی بیرکردنەوەوە روخساری نەخۆشانی
گرتووە.
جا کارو پرۆژە بەرزو مەزنە شایستەکان
کە بەم جۆرە بیریان لێ دەکرێنەوە، گوڕوتینیان لاخوار
دەبێتەوە و
ناوی جێبەجێکردن بەخۆوە نابینن....



ئازاد حەمە شەریف (٢)

# هاملێت و تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەردەمە

دانا ڕەئووف

١

پیتەر بروک بەم شێوەیە پێناسەی هاملێت دەکات: دەکرێت تراژیدیای (هاملێت) هەمیشە و سەرلەنوێ وەک جیهانێکی شاراوە بدۆزرێتەوە و بژێنرێتەوە. هەر لەم دەروازەیەشەوە ئێمە دەتوانین لە(هاملێت)دا بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین، ئەو ڕاستییانەی دەبنە وێنەیەکی ڕاستەوخۆی ڕاڤە و سترکتوری ڕژێم، دەسەڵات، پەیوەندییە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و سیستەمە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەم پێناسەیەی ڕێژیسۆری جیهانی پیتەر بروک دووپاتی ئەو جیهانە بەرفراوانە سەراپاگیرەی شانۆنامەی هاملێت دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکە بۆ نەمری و خوێندنەوەیەکی بەردەوامی جیاواز.

(هاملێت) ئاوێنەی هەموو سەردەمێکە، هەموو سەردەمێکیش فۆرم و ناوەڕۆکی خۆی لە (هاملێت)دا دەدۆزێتەوە، ناشکرێت (هاملێت) وەک خۆی و بەبێ هیچ مانایەک، خوێندنەوەیەکی جیاواز و دیدی سەردەمەکانەوە نمایش بکرێت. هەر لەبەرئەوەشە کە (هاملێت) بەردەوام جێگای سەرنجی ریژیسۆر و ئەکتەرەکانی جیهان بووە، چەندین نەوە لە (هاملێت)دا ماناکانی خۆیان دۆزیوەتەوە، مەزنی (هاملێت)یش لەوەدایە کە هەموو کەسێک وێنەی خۆی، وەک

ئاوێنەیەکی روون و ئاشکرا، وەک میتافۆرێک لە (هاملێت)دا دەبینێ و لە (هاملێت)دا دەدۆزێتەوە.

هەر پیتەر بروک دووپاتی گرنگی شرۆڤەکردنێکی بەردەوامی شێکسپیرمان بۆ دەکاتەوە و دەڵێت:(ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لە شێکسپیر بکۆڵینەوە، چونکە هەموو ئەو شتانەی جێگای گرنگپێدانن لەلای برێخت، بێکێت و ئارتۆ لەلای شێکسپیر هەن.) شێکسپیر هەموو جیهان و فۆرمەکانی شانۆی لە شانۆنامەکانیدا کۆکردۆتەوە، لەم ڕووەوە (هاملێت) دەستپێکی گرنگی ئەو گەردوونە هونەری، فیکری، دەروونی و شانۆییەیە.

(هاملێت) پاڵەوانێکە کە لەدەرەوەی تێکستەکاندا، لە دەرەوەی ئەدەب، شانۆ و فەلسەفەدا دەژی. ناوی (هاملێت) بۆ ئەو کەسانەشی کە هەرگیز شێکسپیریان نەخوێندۆتەوە یان لەسەر شانۆکان نەیانبینیبوو، شتێک دەگەیەنێ. (هاملێت) (هاملێت)ە و بە هەموو مرۆڤایەتی، لەمسەری دنیاوە بۆ ئەوسەری دنیا ئاشنایە.

ئەو جیهانەی کە لە (هاملێت)دا بەرجەستە دەکرێت، ئەو بەسەرهاتەی لە (هاملێت)دا دەگێڕدرێتەوە، توندوتیژە، دڕندانەیە و هەموو کارەکتەرێکیش ئەزموونی تایبەتمەندی خۆی لەگەڵ چەمکەکانی توندوتیژی و دڕندەییدا هەیە. هەندێ لە کارەکتەرەکان لە توندوتیژی یاخی دەبێت، بە گژیدا دەچێتەوە، هەندێکی تر ملکەچی یاساکانی توندوتیژی و دڕندەیی سروشتی مرۆڤ دەبن. هەردوو بەرەکە، ئەوانەی کە یاخی دەبن و ئەوانەش کە ملکەچی دەبن، لە کۆتاییدا تووشی ڕووخان و تێکشکان دێن. یاساکانی ئەو جیهانە دڕندەیە لە هیچ کەسێک نابوێرێ. ئەوانەی لەسەر شانۆ ڕۆڵەکانی شانۆنامەی



(هاملێت) دەبینن مرۆڤن، مرۆڤی ڕاستەقینەن! تێدەکۆشن، سوێند دەخۆن، یەکتری دەکوژن و بەناوی خۆشەویستییەوە تاوانەکانیان دەکەن و بەناوی خۆشەویستییەوە شێت دەبن، بۆسە بۆ یەکتر دادەنێنەوە و خۆشیان دەکەونە ئەو بۆسانەوە. بەرگری لە دەسەڵاتی خۆیان دەکەن یان لە دەسەڵات یاخی دەبن، دەیانەوێت جیهان باشتر بکەن یان تەنیا خۆیان ڕزگار بکەن، بۆ هەموو ئەمانە شتێک، هۆکارێک و بنەمایەک هەیە، تەنانەت جۆرە مەزنییەک لە تاوانەکانشیاندایە و تاوانەکانیان جۆرە شێتێتییەک لە ناوەوەی خۆیدا حەشار ئەدات.

لە کۆتاییشدا لاوێکی بەهێز (فۆرتینبراس) لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دێت و بە فەرمانێکی ئەفسووناوی، بە خەندەیەکی لەخۆبایی و بە بڕیارێکی سەربازییەوە دەڵێت: (لاشەکان ببەن. دیمەنی وا بۆ گۆڕەپانی جەنگ شیاوە، بەڵام ئێرە جێگای نییە. بڕۆ بە سەربازەکان بڵێ تۆپ بتەقێنن.)

٢

ولیەم شێکسپیر لە ساڵی ١٥٦٤ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٦١٦ دا، لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. پەنجا و دوو ساڵ ژیانێکی هێندە درێژ نییە و شێکسپیر بە گەنجی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ژیانێکی هونەری دەوڵەمەند و درێژ. شێکسپیر لەو کاتەوەی کە لە شارەکەی خۆیەوە، ستراتفۆرد – ئۆن –ئەڤۆن و لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٠ دا، کە تەمەنی لەو دەمەدا بیست و پێنج ساڵ بووە، دێتە لەندەن تا ئەو ڕۆژەی کە گەڕاوەتەوە بۆ زێد و شوێنی لەدایکبوونی، لە دەوروبەری ساڵی ١٦١٢ دا، نزیکەی

چل شانۆنامەی نووسیون، جگە لە شیعر و سۆناتاکانی.

شێکسپیر لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژنی هێناوە، ژنەکەی (ئانا هاتوەی) هەشت ساڵ لەخۆی گەورەتر بووە، یەکەم منداڵیان کچێک بووە و ناویان ناوە سۆزانە و ئەم کچەیان هەر دوای شەش مانگ بەسەر زەماوەندەکەیاندا لەدایک بووە. دوای دوو ساڵ دوانەیەکیان بووە، کچێک و کوڕێک، کوڕەکەی کە ناوی (هاملێت) بووە، لە تەمەنی یازدە ساڵیدا مردووە. لە ساڵی ١٥٩٢ دا بۆ یەکەم جار ناوی شێکسپیر لە لەندەن دەرکەوتووە، لەم ساڵەدا نووسەر و شانۆنامەنووسێک بەناوی ڕۆبێرت گرینێ باسی شکسپیری ئەکتەری کردووە و لە ساڵی ١٥٩٤یشدا ناوی شێکسپیر لەگەڵ گروپی لۆردەکانی لەندەندا هاتووە. The Lord Chamberlains Troupe.

شێکسپیر لە ساڵی ١٥٩٣ و ١٥٩٤ دا بۆ یەکەم جار دوو شیعری درێژ و هەر لەم ساڵانەدا بەشێکی زۆری لە سۆناتاکانی بڵاوکردۆتەوە، یەکەم شانۆنامەکانیشی لە ساڵی ١٥٩٤ دا چاپ کراوە.

شانۆنامەی (دوو پیاوی گەنج لە ڤێرۆنە) یەکەم شانۆنامەی شێکسپیرە، لێکۆڵەرەوەکان دڵنیانین کە کەی نووسراوە، بەڵام وای بۆ دەچن کە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٠ دا نووسرابێت، بابەتی شانۆنامەکەش کۆمیدیایەکی ڕۆمانتیکییە و ڕووداوەکانی لە ئیتاڵیا ڕوودەدەن.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی نیوەی شانۆنامەکانی لە سەردەمی خۆیدا و بە ڕەزامەندی خۆی چاپ کراون. بەڵام یەکەم جار سەرجەم شانۆنامەکانی، حەوت ساڵ دوای مردنی شێکسپیر لەژێر ناوی کۆمیدیا، مێژوویی و تراژیدیاکانی ولیەم شێکسپیر



Mr William Shakespeare’s Comedies, Historie and Tragadies. بڵاو کراونەتەوە. ئەکتەر و شانۆنامەنووس نیکۆلایس رۆف ١٦٧٤– ١٧١٨ لە دەوروبەری سەردەمی شێکسپیردا ژیاوە، یەکەم کەسە کە کتێبێکی چل لاپەڕەیی بچووکی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی شێکسپیر نووسیوە، ئەم دیکۆمێنتە دەبێتە بنەمایەکی گرنگی بیۆگرافیا و دەروازەکانی شیکردنەوە و نووسینی هەزارەها کتێب لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ولیەم شێکسپیر.

زوربەی سۆناتاکانی شێکسپیر باسی دڵداری و نزیکبوونەوە لە جیهانی ئافرەتەوە دەکات. پسپۆڕەکانی شێکسپیر دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە سۆناتاکانی بنەمایەکی بیۆگرافییان هەیە، ئەو پسپۆڕانە شیعر و سۆناتاکانی شێکسپیر وا ڕاڤە دەکەن کە گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆی چیرۆکە خۆشەویستییە تایبەتمەندەکانی ژیانی شێکسپیر خۆیەتی.

## ٣

شانۆنامەی (هاملێت)، وەک شانۆنامەی (ماکبێس) هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە ئەتمۆسفێرێکی شەڕانگێزە و سەرەتای تراژیدیایەکی خوێناوی لە دەروازەکانی دیمەن و لەنێو دێڕ و وشەی سەرزاری کارەکتەرەکانەوە دەردەخات. ئەم دوو شانۆنامەیە (هاملێت) و ماکبێس) هەردووکیان بە هێزێکی ئەزەلی و نادیارەوە زایەڵەی چارەنووسەکان، سەرەتای تراژیدیاکان و ڕەوتی شانۆنامەکان دەستنیشان دەکرێت: تارماییەکە لە (هاملێت)دا و جادووبازەکان لە (ماکبێس)دا. تارماییەکەی (هاملێت) هەر لە سەرەتاوە بە وردی لەگەڵ تۆڕی ڕووداوەکاندا چنراوە و هاوشانی پێودانگە دراماییەکە،

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە بەرەوپێشەوە دەبات.

**هۆراشیۆ:**

لەم کاتانەدا نازانم بە دروستی بیر لەوە بکەمەوە کە چی بکەم،
بەڵام بە بیروبۆچوونی من
ئەمە نوقلانەی ڕوودانی ئاژاوەیەکە لە وڵاتەکەماندا.

(هاملێت)، پەردەی یەکەم، دیمەنی یەکەم

هەر لە دیمەنەکانی پەردەی یەکەمەوە گرێکانی شانۆنامەکە دەکرێنەوە، هەموو شتێک دەربارەی (هاملێت)، باوکی (پادشا– تارمایی)، دایکی (شاژن)، مامی (پادشای ئێستا) و گیروگرفتەکانیان دەخرێنە ڕوو، هێڵی تراژیدیاکە ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا چ بینەران و چ خوێنەران لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەبەستێتەوە بە ڕووداوەکانەوە.

**هاملێت:**

ڕۆحی باوکم بە چەکەوە! ئەمە هەرگیز شتێکی باش نییە.
گومان لە شتێکی خراپ دەکەم، خۆزگە شەو دابهاتایە!
ئەی ڕۆحی من، تا ئەوسا ئارام بگرە! کاری خراپ هەر سەر دەردەهێنێت!
ئەگەر خۆڵی هەموو دونیاشی بەسەردا بکەیت لەبەرچاوی مرۆڤ خۆی دەنوێنێت.

(هاملێت)، پەردەی یەکەم، دیمەنی دووەم





(هاملێت) شانۆنامەیەکی چڕە، لە هەمان کاتدا مەوداکانی فراوانە و سنوری ڕووداوەکانی چەندین ئاستی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لە (هاملێت)دا چەندین گرێ و گرفت هەن: ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری زەبروزەنگ و مۆراڵ، پرسەکانی بوون و نەبوون، ئاست و بوارەکانی کێشە و گرێ دەروونییەکان. (هاملێت) سەبارەت بە بەرئەنجامەکانی کۆتایی و ماناکانی ژیان تراژیدیایەکی خۆشەویستییە، (هاملێت)، ئۆفیلیا و شاژن، تراژیدیایەکی خێزانی و لە هەمان کاتدا تراژیدیای وڵاتێکە، قەیرانی فەیلەسووفێک و تراژیدیایەکی میتافیزیکییە – (هاملێت) لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی قووڵ و هەژێنەرە.

لە مۆنۆلۆژەکانی (هاملێت)دا دیالۆگێکی ناوەکی لەنێوان لۆژیک و سیاسەتدا هەیە و لە هەمان کاتدا دنیابینی (هاملێت)ە، خەون و ئەندێشە و بینینی جیهانە میتافیزیکییەکانە.

**هاملێت:**

باوکم، وا بزانم، باوکم دەبینم.

**هۆراشیۆ:**

کوا، لەکوێ، ئەی سەروەری چاکم؟

**هاملێت:**

بەچاوی بیرم، ئەی هۆراشیۆ.

(هاملێت)، پەردەی یەکەم، دیمەنی دووەم

مۆنۆلۆگە گرنگەکەی (هاملێت)یش (ببیت یان نەبیت، ئا ئەمە

مەسەلەکەیە) گفتوگۆیەکی قووڵی فیکرییە کە (هاملێت) لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکات و بەپێی زۆربەی بۆچوونەکانیش: ببیت مانای ئەوە بۆ (هاملێت) دەگەیەنێ، کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە و پادشا بکوژێت، یان نەبیت، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کۆڵ بدات و واز لە تۆڵەسەندنەوە بهێنێت. باوکی کارەکتەرە گەنجەکانی ئەم شانۆنامەیە، (هاملێت)، لێیرتس و ئۆفیلیا، تەنانەت فۆرتینبراس، شازادەی نەرویج، هەموویان کوژراون یان دەکوژرێن.

(هاملێت) بۆ یەکەم جار لە بوون و دەرکەوتنی تارماییەکەوە هەست بە بوونی خۆی، کێشەکان و دەوروبەرەکەی دەکات، تارماییەکە وەک دەسەڵاتێکی بەهێز (هاملێت) دەوروژێنێ و ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە تەنیا لەو دووڕێیان و جەنگەڵستانەدا، بەبێ یارمەتی بەجێ دەمێنێ. پەیوەندییەکانیش لە میکانیزمێکی دڕندە و توندوتیژدا بەرجەستە دەبێت، ئەم توندوتیژییەش زۆرجار لە بڕیار و چارەسەرکردنی خێرا و دەستوبرددا دەردەکەوێت و تەنگژەی قەیران و گرفتەکان زیاتر دەکات. شێکسپیر لە (هاملێت)دا دیدو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە تاوان و سزا دەربڕیوە و هەموو کارەکتەرەکان بە سزای خۆیان دەگەن: شاژن دەمرێت. پادشا دەمرێت. (پۆلۆنییەس) لە پشت پەردەی ژووری شاژنەوە بە دەستی (هاملێت) دەکوژرێت، ئۆفیلیا شێت دەبێت و خۆی ئەدا بەدەم رووبارێکەوە و دەخنکێت، (لێیرتیسی) برای لە ڕووبەڕووبوونەوەی (هاملێت)دا دەکوژرێت و (هاملێت) خۆیشی دەمرێت. (پۆلۆنییەس) دەیەوێت تەڵە بۆ (هاملێت) بنێتەوە، لە پشت پەردەکەی دایکییەوە خۆی حەشار ئەدات و دەیەوێت لە پەیوەندییەکی



توندوتیژدا، پلەوپایەی خۆی زیاتر بەرەو پێشەوە بەرێت، بەڵام لەم گەمەیەدا خۆی دەکوژرێت و بۆشاییەکی گەورەی ژەهر و تاوان بۆ پادشا و بۆ دەروازەی بەرەنگاربوونەوەیەکی تری (هاملێت)/(لێیرتیس) دەکاتەوە.

**شا:**

هاملێت، هەر ئێستا پێم بڵێ پۆلۆنیەس لەکوێیە؟

**هاملێت:**

خەریکی نانخواردنی شێوانە.

**شا:**

نانی شێوان! لە کوێ؟

**هاملێت:**

لە جێگایەکدایە کە ئەو نان ناخوات بەڵکو بەخۆی دەخورێت.

ئێستا کۆبوونەوەی هەندێک کرمی سیاسی لەسەر ئەوە.

کرمی تۆ ئیمپراتۆری تۆیە لە خواردندا. ئێمە هەموو بوونەوەرێکی تر قەڵەو دەکەین تا خۆمان پێیان قەڵەو بکەین و خۆشمان بۆ کرمەکان قەڵەو دەکەین. شایە قەڵەوەکەی تۆ و سواڵکەرە لاوازەکە تەنیا جۆرە خواردنی جیاجیان – دوو خۆراکن بۆ سەر هەمان مێز، ئەمەش کۆتاییەکەیە.

(هاملێت)، پەردەی چوارەم، دیمەنی سێیەم

ئەم گەمەیەی (هاملێت) گەمەی زمانە، لە هەمان کاتدا گەمەیەکی سیاسی و دوو دیو و دوو بنەما و دوو مانای هەیە، یەکێکیان گاڵتەئامێز، ڕیسواکردن و سووکایەتی پێکردن، ئەوی تریان

مامەڵەیەکی توندوتیژە و دوورە لە ڕێساکانی مۆراڵ و تەنانەت بەها ئایینییەکانیشەوە.

تراژیدیای (هاملێت) تراژیدیای ژەهرە، باوکی (هاملێت) بە ژەهر کە دەکرێتە گوێچکەیەوە دەمرێت، یەکێک لە دیمەنە ژەهراوییەکانی تر ئەوەیە کە کلۆدیۆسی پادشا چۆن تۆڕی پیلانەکانی بۆ (لێیرتیس) دادەنێ بە ژەهراوی کردنی نووکی شمشێرەکەی، هەروەها ژەهرکردنە پێکی شەرابەکەی (هاملێت)ەوە کە لەبری ئەو شاژن دەیخواتەوە و دەمرێت.

یەکێک لە گرفتەکانی (هاملێت) ئەوەیە کە ئاگاداری تاوانەکانە، بەڵام بەردەوام پلانی تۆڵەسەندنەوەکانی دوادەخات. (هاملێت) زۆر دەزانێ و زۆر تێدەگات و بە ئاسانی هەموو شتەکان دەبینێ و پیلانەکانی بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش وای لێدەکات توانای کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەی نەمێنێ.

(هاملێت) تەنیا بە وتەکانی تارماییەکە قایل نابێت، هەرچەندە کاریگەرییەکی زۆری تێ دەکات، هەر لەبەرئەوەشە شانۆنامەکە ڕێکدەخات و کاردانەوە بەهێزەکەی پادشا بۆ ئەو دەبێتە بەڵگەیەکی تەواوەتی، لەگەڵ ئەوەشدا توانای تۆڵەسەندنەوەی نییە.

(هاملێت) تا ئەو کاتەی دایکی هاوار دەکات کە دەرمانخوارد کراوە بەو شەرابەی کە بۆ (هاملێت) ئامادە کرابوو، شمشێرە ژەهراوییەکەی لە ورگی پادشای مامی توند ناکات. کە دایکی لەبەردەمیدا دەمرێت و خۆی بریندارە، ئەوکاتە دەست لە پادشا ئەکاتەوە و پاشا دەکوژێت. (هاملێت) تۆڵەی دایکی دەکاتەوە.

بەدرێژایی مێژوو خوێندنەوەی جیاواز بۆ (هاملێت) کراوە و هەموو



سەردەم و سەدەیەکیش (هاملێت) فۆرم و شێوازی خۆی وەرگرتووە، لەم پەنجا ساڵەی دواییدا جگە لە شرۆڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، چەندین خوێندنەوەی دەروونی و سێکسیشی بۆ کراوە، بۆ نموونە کوشتنی باوکی و بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە کەمتر بیر و هۆشی (هاملێت)ی داگیر کردووە، بەڵکو مەسەلە سەرەکییەکە زیاتر پەیوەندی بە پەلە شووکردنەوەی دایکی و ئارەزووە سێکسییەکانییەوەیە. دەروون ناسەکان ڕاڕایی و بێ توانایی (هاملێت) لە بڕیار و دواخستنی تۆڵەسەندنەوەی باوکی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هۆکارە.

٥

(هاملێت) وەک پاڵەوانێکی پۆست مۆدێرنیزم، هێدی هێدی وێنەکانی کۆمەڵگا، سیستەمی دەسەڵات و دیدی ڕۆژگارمان بۆ دەنەخشێنێت. ئەم پاڵەوانە بۆتە ناوەندێکی گرنگ بۆ کۆمەڵێک ڕووداو، لەم ڕووداوانەدا کەسایەتی (هاملێت) لە دیدی کارەکتەر و زۆربەی کەسانی تری دەوروبەرەکەیەوە بە شێت ئاماژەی بۆ دەکرێت. چەمکەکانی شێتی دەبێتە تاکە پێناسەیەک بۆ بە پەراوێزکردن و دوورخستنەوەی (هاملێت) لە چەقی ڕووداوەکانەوە. گەمەی شێتیش دەبێتە میتۆدێکی هوشیار و چەمکێکی فەلسەفی بەدەست (هاملێت)ەوە. هاوکێشە و پرۆسەی هۆش و لەدەستدانی هۆش لە یەک کاتدا، وەک گەمەیەکی هۆشیار، دەبێتە پێکداچوونێکی چڕ و بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی (هاملێت).

(هاملێت) خۆی وەک شێت پیشان ئەدات و خۆی لە پشت دەمامکەکانی شێتێتییەوە دەشارێتەوە، تا کودەتایەک یان ڕاستتر تۆڵەی باوکی بکاتەوە و بەئاسانی پیلانەکانی دابنێت.

## ٦

سیخوڕیی، شوێنپێ هەڵگرتن، چاودێری و بە نهێنی گوێگرتن بەشێکە لە گەمە سیاسی و پیلان و سیستەمی ڕژێم و ستركتورە کۆمەڵایەتییەکەی دانیمارکی (هاملێت).

لەنێو ڕووداوەکاندا و لەسەر شانۆ بە بەردەوامی باسی شوێنکەوتن و سیخوڕیی دەکرێت، هەموویان بەبێ جیاوازی سیخوڕیی بەسەر یەکترەوە دەکەن، سیخوڕییش میکانیزمێکی بەردەوامی سیستمی ڕژێمەکەیە. (پۆلۆنییەس) تەنانەت سیخوڕەکانی دەنێرێت بۆ فەڕەنسا بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتی (لێیرتیس)ی کوڕی بێت.

**پۆلۆنیەس:**

سەرەتا دەربارەی دانیمارکییەکانی پاریس پرسیار بکە،
بزانە ئەوان کێن، چۆنن و چی دەکەن و لە کوێ دەژین،
هاوڕێی کێن، خەرجییان چەندە، جا دوای ئەوەی
بەو جۆرە پرسیارە پەنا و پێچاویانەوە ئەوەت زانی
ئەوان کوڕەکەم دەناسن، تۆ ئەوسا بەم ڕێگایە
لە بابەتەکە نزیکتر دەبێتەوە لەوەی بەتایبەتی داوای زانیاری بکەیت.
ئینجا وا دەربخە کە تۆ لە دوورەوە ئەو دەناسیت،
وەکو ئەوەی '' من باوک و برادەرەکانی دەناسم و
تۆزێک ناسیاویشم لەگەڵ ئەودا هەیە.'' لەمە گەیشتی، ئەی ریناڵدۆ؟

(هاملێت)، پەردەی دووەم، دیمەنی یەکەم



پۆلۆنییەس (ئۆفیلیا)ی کچیشی ڕاپێچی گەمەکان دەکات و دەیکات بە بەشێک لە ئامێرەکانی سیخوڕیی و بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێت. پۆلۆنییەس بە نهێنی گوێ لە گفتوگۆکانی (ئۆفیلیا) دەگرێت، نامە تایبەتمەندەکانی دەخوێنێتەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات. (ئۆفیلیا)ش لەم گەمەیەدا بەئاسانی ڕادەستی فەرمایشتەکانی باوکی، (لێیرتیس)ی برای و پادشا دەبێت.

**پۆلۆنیەس:**

ئێوە دەزانن، جاری وایە ئەو چوار سەعات بەسەر یەکەوە
پیاسە دەکات، لێرە لەو ڕاڕەوەدا.

**شا:**

هەر بەڕاستی ئەو وا دەکات.

**پۆلۆنیەس:**

لەکاتێکی وادا من کچەکەمی بۆ بەردەدەم،
ئەوسا ئێوە و منیش خۆمان لەپشت پەردە دەشارینەوە،
سەرنجی دیدارەکەیان دەدەین.

(هاملێت)، پەردەی دووەم، دیمەنی دووەم

(ئۆفیلیا) لەیەک کاتدا بەشێکە لە پیلانەکان و لە هەمان کاتدا قوربانیشە، گوێڕایەڵی باوکییەتی و (هاملێت)یشی خۆش دەوێت، ئەو خۆشەویستییەش دەبێتە ئامرازێک بۆ (پۆلۆنییەس) و دژی کچەکەی و (هاملێت)یش بەکاری دەهێنێت. مەسەلە و پیلان و گەمە ڕامیارییەکان تەنانەت دەچێتە نێو هەست و سۆزە بچووکەکانیشمانەوە، هیچ کەسێک لە تۆڕەکانی ئەم گەمانە دەرباز نابێت.

(ئۆفیلیا) ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ بۆ ئەوەی باوکی و پادشا لە پشت پەردەکانەوە سیخوڕی بەسەردا بکەن. لەوانەیە (ئۆفیلیا) بەم ڕەزامەندی دەربڕینە بیەوێت (هاملێت) ڕزگار بکات، یارمەتی بدات و گومانەکانی بڕەوێنێتەوە، (ئۆفیلیا) ساویلکەیە و لە یاسای گەمەکان ناگات و ناتوانێ مەرامەکانی باوکی و پادشا بخوێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە خۆی دەکەوێتە تەڵەکەوە، ئەو تەڵەیەی کە پۆلۆنییەسی باوکی بۆ (هاملێت)ی داناوە. دواجار بەرئەنجامەکانی ئەو پیلانە (ئۆفیلیا) ڕاودەنێتە، یان ڕاستتر دەخزێنێتە ڕەوشێکەوە کە زۆر زەحمەتە لێی بێتە دەرەوە.

٧

شێکسپیر بەر لە هەموو شتێک ئەکتەر بووە و شانۆنامەکانیشی بۆ شانۆ نووسیوە، لە شانۆدا ژیاوە و ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ شانۆ مامەڵەی کردووە، لە نهێنییەکانی گەیشتووە، شارەزاییەکی وردی تەکنیکی بونیادنان و ستركتوری شانۆنامە نووسین بووە، هەر لەبەر ئەوەشە زانیویەتی چی دەنووسێت، چی دەگێڕێتەوە و بە چ شێوەیەکیش دەیگێڕێتەوە. شێکسپیر ئەو ئەزموونەی هەبووە کە چۆن کارەکتەرەکانی فۆرمی خۆیان وەربگرن و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بگونجێن و گەورەبن.

بنەمای مەزنی و زیندوویەتی شێکسپیر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ دەگونجێن و وەک لاستیک وایە، بە چ شێوەیەک بتەوێت دەتوانیت ڕایکێشیت. هەر لە زووەوە شانۆکاران توانیویانە چارەسەری کردەیی و پراکتیکی بۆ شانۆنامەکانی بدۆزنەوە و بە سەربەستی کاریان تێدا کردووە. هەر لە دێرزەمانەوە، لە



سەردەمی شێکسپیر خۆیەوە، شانۆنامەکانی زەمینەیەکی لەبار بوون بۆ پێشکەشکردن، ئامادەکردن و گونجاندنی لەگەڵ ستایلی جیاواز و خوێندنەوەی جۆراوجۆر و شرۆڤەکردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی.

شانۆنامەکانی شێکسپیر و زمانەکەی هەلومەرجێکی لەباری بۆ وەرگێڕانیش خوڵقاندووە و نەوە لەدوای نەوە وەرگێڕی جیاواز و بە زمانی جیاواز شێکسپیریان وەرگێڕاوە، زمانەکەیان تازە کردۆتەوە و جیهانێکی گلۆباڵی گەورەی شێکسپیریان خوڵقاندووە.

٨

شانۆ لە سەردەمی شێکسپیر دا زۆر بەربڵاو بووە، بۆ نموونە شانۆی GlobeTheatre لە هەزار کەس زیاتری گرتووە، لەم شانۆیەدا بینەران لە هەوای کراوەدا و لەبەردەم تەختەی شانۆکەدا بەپێوە وەستاون، ئەم بەشە گەورەیەی بینەران کراوە بووە و تەنیا لەژێر ئاسمانێکی شیندا ئەو خەڵکە بەپێوە سەیری شانۆنامەکانیان کردووە، بەچوار دەوری شانۆکەشدا، لەشێوەی نیوەبازنەیەکی کراوەدا و لە دوو نهۆمدا بینەران دانیشتوون.

ئەزموونی شانۆیی و شارەزایی شێکسپیر لە (هاملێت)دا ڕەنگی داوەتەوە و کارەکتەری (هاملێت) وەک کەسێکی شانۆپەروەر، شانۆخواز دەردەکەوێت، ئەو گروپە شانۆییەش کە دێنە کۆشک، دەناسێت و لەوەوبەر کارە شانۆییەکانی بینیون و لاسایی ڕۆڵی یەکێک لە ئەکتەر و مەنەلۆژی کارەکتەرەکان دەکاتەوە.

**هاملێت:**

جارێکیان گوێم لێت بوو وتارێکت دەگوت، بەڵام هەرگیز نمایش

نەکرا، یان ئەگەر نمایشیش کرابێت، لە جارێک تێنەپەڕی، چونکە من لەبیرمە شانۆییەکە بە دڵی ملیۆنان کەس نەبوو، وەک (کاڤیار) بوو لای خەڵکی گشتی. بەڵام ئەو شانۆییە، بە ڕای من و خەڵکی دی، ئەوانەی کە بڕیارەکانیان لەو بابەتانەدا لە سەرووی منەوە دەهات – شانۆییەکی نایاب بوو، دیمەنەکانی باش گونجێنرابوون، هێندە بە سادەیی بە قەد کارامەییەکەی جوان بوو. وەک لەبیرمە، یەکێک گوتبووی دێڕەکانی هێندە تام و بۆی تێدا نەبوو تاوەکو بابەتەکە تام و بۆدار بکات، شێوازی دەربڕینەکەشی وا نەبوو تا دانەرەکەی بە ڕواڵەتبازی تۆمەتبار بکرێت، بەڵام من بە ڕێبازێکی ڕاستگۆیانەی نواندنم دانا، بەقەد ڕاست و دروستییەکەی خۆش بوو، جوانتر بوو لەوەی بڕازێنرێتەوە.

(هاملێت)، پەردەی دووەم، دیمەنی دووەم

(هاملێت) دەستوبرد داوا لە (پۆلۆنییەس) دەکات کە ڕێگا و جێگای شیاویان بۆ دابین بکرێت، کە (پۆلۆنییەس) دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە (بە گوێرەی شایستەی خۆیان لەگەڵیان دەجووڵێمەوە) (هاملێت) بە ناڕەزاییەوە داوا دەکات کە (دەبێ لەوە باشتر بێت)

**هاملێت:**

...... ئەگەر هەر کەسێک بە گوێرەی
شایستەیی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، کێ هەیە لە قامچی
لێدان ڕزگاری بێت؟

(هاملێت)، پەردەی دووەم، دیمەنی دووەم



(هاملێت) ڕێنمایی ئەکتەرەکان دەکات و وانەیەکی هونەری نواندنیشیان پێ دەڵێتەوە و گروپەکەشیان بۆ نیاز و مەرامی خۆی بەکاردەهێنێت. بۆ ئەم مەبەستە (هاملێت) داوا لەم شانۆکارانە دەکات کە شانۆنامەیەکی تایبەتمەند ئامادە بکەن، هەر خۆیشی بابەتی شانۆنامەکە و ناوەرۆکەکەی دەستنیشان دەکات و یارمەتی ئەکتەرەکان Vەدات کە دواتر لە کۆشک نمایشی دەکەن.

**هاملێت:**

هێندەش دەستەمۆ مەبە، با وریایی خۆت ڕابەرت بێت.
کارەکە لەگەڵ وشە بگونجێنە، وشەش لەگەڵ کردار، تەنیا و بەتایبەتی
ئاگات لەوە بێت، لە میانڕەوی تێمەپەڕێنە، جا هەر شتێکی وا زێدەڕۆیی تێدا کراو دوورە لە مەبەستی نواندن، کە ئامانجەکەی لە سەرەتا و
ئێستاشدا، جاران و هەنووکە ئەوەیە و ئەوە بووە کە ببێتە ئاوێنە و سروشت
ڕەنگ بداتەوە، ڕوخسارەکانی چاکە دەربخات و وێنەکانیشی ڕیسوا بکات و
ڕۆژگار و جەستەی سەردەمەکە بکاتە شێوە و ناوەڕۆکی بابەتەکە.

(هاملێت)، پەردەی سێیەم، دیمەنی دووەم

٩

هەلومەرجەکانی شانۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتاکانی سەدەی شازدەی ئینگلیستاندا زۆر گران بووە، ئەو شانۆنامەیەی کە لەیەکەم ڕۆژی نەمایش کردنیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابێ، ئیتر هەرگیز جارێکی تر ڕێگەی پێ نەدراوە نمایش بکرێتەوە.

سانسۆر ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە و گرووپەکان هەموو شانۆنامەکەیان ئامادە کردووە و دواتر سانسۆر هاتووە نمایشەکەی بینیوە و بڕیاریان داوە چ دیمەنێک یان مەنەلۆژ و دێڕەکانی ئەو نەمایشە سانسۆر بکرێت. لەگەڵ هەموو ئەم ڕێسا و سانسۆرانەشدا، شانۆ لەکاتی دەسەڵاتی شاژن (ئەلیزابێس) دا ڕۆڵ و پێگەی بەهێز دەبێت و گرنگییەکی لەبەرچاوی پێ دەدرێت، گرووپە شانۆییەکان چوونەتە کۆشک و شانۆنامەکانیان بەتایبەتی بۆ (ئەلیزابێس)ی شاژن نەمایش کردووە. هەر شاژن (ئەلیزابێس)ی یەکەم ئاستی شانۆنامەکانی شێکسپیری بەرز نرخاندووە، نەک هەر ئەوە بەڵکو شێکسپیر لەسەر ڕاسپاردەی ئەو شاژنە ڕاستەوخۆ هەندێ لە شانۆنامەکانی نووسیون و بەپێی هەندێ لەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستدان، شێکسپیر لەماوەی تەنیا چل ڕۆژدا شانۆنامەی The Merry Wives of Windsor بۆ کۆشکی شاهانە نووسیوە.

١٠

شانۆنامەی (هاملێت) بۆ یەکەم جار لە مانگی مای ساڵی ١٦٠٣ و لە قەوارەیەکی بچووکدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، دوو دانە لەو چاپە دانسقەیە تا ئێستا ماوە و یەکێکیان لە کالیفۆرنیا و ئەوی تریان لە



مۆزەخانەی نەتەوەیی بەریتانیا پارێزراوە. ناونیشانی ئەو کتێبە قەوارە بچووکە بەم شێوەیە بووە:

The Tragicall Historie of Hamlet
Prince of Denmarke
By William Shakespeare

دوای ئەوە لە ساڵی ١٦٠٤ دا چاپ کراوەتەوە، ئەم چاپی دووەمە هێندە بایەخی زۆر بووە سەرلەنوێ لە ساڵی ١٦٠٥ و دواتریش لە ساڵی ١٦١١ دا چاپ کراوەتەوە و لە ساڵی ١٦٢٣ شدا بە شێوەیەکی تەواوەتی لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانیدا چاپ کراوەتەوە.

١١

شێکسپیر بۆ نووسینی زوربەی شانۆنامەکانی گەڕاوەتەوە بۆ سەر کتێبی مێژوو، بەسەرهاتی کۆن و سەرچاوەی جۆراوجۆر، بەڵام شێکسپیر هەمیشە ئامادەکاری لەو سەرچاوانەدا کردووە و توانیویەتی بە شێوازێکی تایبەتمەندی خۆی شانۆنامەکانی لەسەر دابڕێژێتەوە. نەژاد و سەرچاوەکانی (هاملێت)یش دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی چەندین ڕووداوی مێژوویی بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هۆکار و دەرئەنجامەکانی کرابێت. پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی بواری شانۆی ئینگلیزی و شانۆی شێکسپیر چەندین سەرچاوەیان دۆزیوەتەوە کە پێدەچێت شێکسپیر سوودی لێ وەرگرتبن. یەکێک لەو سەرچاوانە بە زمانی لاتین لەلایەن ساکسۆ گراماتیۆس ناوێکەوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ەکاندا نووسراوە و ئەم بەسەرهاتەی ساکسۆ گراماتیۆس بۆ یەکەم جار و بە شێوەیەکی تەواوەتی لە ساڵی ١٥١٤ دا لە پاریس چاپ کراوە، (هاملێت) لەم سەرچاوەیەدا ناوی (ئاملێت) بووە.

هەروەها چیرۆک و مێژووی (هاملێت) و لە ناوەڕاستی ١٥٠٠ەکاندا لەنێو کۆی بەرهەمەکانی نووسەری فەرەنسی Francois de Belleforests بەناوی مێژووی تراژیدی Histoires Tragiques دا بڵاو کراوەتەوە، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٦٠٨ دا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێک لەبەردەستدا نین بە دیقەت دووپاتی ئەوە بکەنەوە کە شێکسپیر سوودی لە چ سەرچاوەیەک وەرگرتووە، بەپێچەوانەوە، بەڵگەنامەکان ئاماژەی سەرچاوەیەکی تر دەکەن کە لەوانەیە شێکسپیر (هاملێت)ەکەی خۆی لێوەوەرگرتبێت.

هەندێ یاداشت و بەڵگەنامەی شانۆیی کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٥٩٠ ی لەندەن، ئاماژەی ئەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٥٨٩ دا شانۆنامەیەک بە ناوی (هاملێت)ەوە هەبووە و لە ساڵی ١٥٩٤ یشدا نەمایش کراوە. هیچ کەسێک نازانێت نووسەری ئەو (هاملێت)ە کێ بووە و خودی شانۆنامەکەش فەوتاوە.

هەموو ئەو بەسەرهات و شانۆنامانەی کە بەناوی (هاملێت)ەوە هەبوون و پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون، لە ڕووی ناوەڕۆک و کارەکتەر و بنەماکانی ڕووداوەوە لەیەکدی چوون و هەمووشیان زۆر نزیکن لە (هاملێت)ەکەی شێکسپیرەوە. ئەوەی (هاملێت)ی شێکسپیریش جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کارەکتەری تارماییەکە (پادشای باوکی (هاملێت) و شانۆکارەکانیش کە دێنە کۆشکی پادشا و شانۆنامەکانیان لەسەر ڕاسپاردەی (هاملێت) پێشکەش دەکەن، لە هیچ یەکێک لەو سەرچاوانەی تری کە باسمان لێوەکردن نییە و شێکسپیر ئەو مەودا قووڵانەی بەخشیوە بە (هاملێت)ەکەی خۆی. هەروەها زمانە شیعرییە ساکار و بەرزەکەی شێکسپیریش زۆر



جیاوازترە لەو زمانەی کە (هاملێت)ەکانی تریان پێ نووسراوە.

زمانەکەی شێکسپیر چەندین ئاستی گوزارشتئامێز لەخۆ دەگرێت: زمانێکی شیعریی وێنەئامێز، مەجاز و مەودای قووڵ و جیاواز دەبەخشێتە شانۆنامەکە و سەرلەنوێ ژیان دەکاتەوە بە خودی زمانەکەدا و گەمە بە وشە و دەستەواژە و مانا وێنەییەکان دەکات.

# شانۆیی هاملێت

**کەسایەتییە درامییەکان:**

کلۆدیۆس: شای دانیمارک

هاملێت: کوڕی شای جاران و برازای شای ئێستا.

پۆلۆنیەس: سەرەک وەزیران.

هۆراشیۆ: برادەری (هاملێت)ە.

لێیرتیس: کوڕی پۆلۆنیەس.

ڤۆڵتیماند: پیاوی ناو کۆشکی شاهانە.

کۆرنیلیەس: پیاوی ناو کۆشکی شاهانە.

رۆزینکرانتز: پیاوی ناو کۆشکی شاهانە.

گێڵدنستێرن: پیاوی ناو کۆشکی شاهانە.

ئۆسریک: پیاوی ناو کۆشکی شاهانە.

پیاوماقووڵێک.

قەشەیەک.

مارسیلیەس: ئەفسەر.

بێرناردۆ: ئەفسەر.

فرانسیسکۆ: سەرباز.

ریناڵدۆ: نۆکەری پۆلۆنیەس.



شانۆڤانان.

دوو گاڵتەجاڕ: گۆڕلێدەر.

فۆرتینبراس: شازادەی نەرویج.

سەرتیپێک.

باڵوێزانی ئینگلیز.

گێرترۆد: شاژنی دانیمارک و دایکی هاملێت.

ئۆفیلیا: کچی پۆلۆنیەس.

چەندین خانەدان، خانم، ئەفسەر، سەرباز، دەریاوان، پەیامبەر و دەستوپێوەندی تر.

تارمایی باوکی هاملێت: شا هاملێت.

**شوێنی دیمەنەکان: دانیمارک.**

# پەردەی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

*قەڵای ئێلسینۆر. بستوویەکی بەردەم قەڵاکە.*
*فرانسیسکۆ لەپاسگەی خۆیدایە و بێرناردۆ*
*دێتە ناوەوە و بۆ لای ئەو دەچێت.*

**بێرناردۆ:** کێ لەوێیە؟

**فرانسیسکۆ:** نەخێر، بوەستە، تۆ وەڵام بدەوە و خۆت ئاشکرا بکە.

**بێرناردۆ:** بژی شا.

**فرانسیسکۆ:** بێرناردۆ، خۆتی؟

**بێرناردۆ:** دەق خۆیەتی.

**فرانسیسکۆ:** لە کات و ساتی خۆت هاتی.

**بێرناردۆ:** هەر ئێستا کاتژمێر بووە دوانزە. فرانسیسکۆ، برۆ بخەوە.

**فرانسیسکۆ:** سوپاس بۆ ئەم پشووە. دونیا یەکجار ساردە و دڵیشم خۆش نییە.

**بێرناردۆ:** ئەرێ پاسەوانییەکەت بێ گرفت بوو؟

**فرانسیسکۆ:** مشکێکیش نەجوولایەوە.

**بێرناردۆ:** دە باشە، شەوت شاد.
ئەگەر تووشی (مارسیلیەس) و (هۆراشیۆ) بوویت،



ئەوان دەبێ لەگەڵ من ئێشک بگرن، پێیان بڵێ پەلە بکەن.

**فرانسیسکۆ:** وابزانم گوێم لێیانە. هۆو بوەستن! کێ لەوێیە؟
(هۆراشیۆ و مارسیلیەس دێنە ناوەوە)

**هۆراشیۆ:** دۆستانی ئەم وڵاتەین.

**مارسیلیەس:** خزمەتکاری دڵسۆزی شای دانیمارکیشین.

**فرانسیسکۆ:** شەوتان شاد.

**مارسیلیەس:** شەوت شاد، ئەی سەربازی دڵسۆز.
کێ پاسەوانییەکەی لێ وەرگرتیت؟

**فرانسیسکۆ:** بێرناردۆ هاتە جێی من.
شەوتان شاد. (دەچێتە دەرەوە)

**مارسیلیەس:** هۆو! بێرناردۆ، هۆو!

**بێرناردۆ:** چی، ئەوە هۆراشیۆ لەوێیە؟

**هۆراشیۆ:** کەرتێکی ئەوە.

**بێرناردۆ:** بەخێر بێیت هۆراشیۆ، بەخێر بێیت مارسیلیەسی چاک.

**مارسیلیەس:** پێم بڵێ، ئەرێ شتەکە ئەمشەو بەدەرکەوتەوە؟

**بێرناردۆ:** هیچم نەدیوە.

**مارسیلیەس:** هۆراشیۆ دەڵێت ئەوە ئەندێشەیە و بەس،
ئەو باوەڕ بە شتی وا ناکات.
ئەگەرچی دووجاریش خۆی پێمان نیشان داوە.
بۆیە لێی پاڕاومەتەوە
بەدرێژایی ئەمشەو لەگەڵمان ئێشک بگرێت.
تا ئەگەر تارماییەکە دەرکەوتەوە،

بڕوا بەو شتە بکات کە دیومانە و لەگەڵیشی بدوێت.

**هۆراشیۆ:** قسەی فش، هەرگیز بەدیار ناکەوێتەوە.

**بێرناردۆ:** تۆ کەمێک دانیشە،
با دیسان ئەو گوێچکانەت کە زۆر قایمن
بەرامبەر چیرۆکەکانمان بەو باسە پەلامار بدەین
کە ئەم دوو شەوە ئێمە بینیومانە.

**هۆراشیۆ:** دە باشە با دابنیشین و
لێ بگەڕێین بێرناردۆ باسی شتەکەمان بۆ بکات.

**بێرناردۆ:** هەر دوێنێ شەو بوو
کە ئەو ئەستێرێهێ کە لە جەمسەرەوە بەرەو رۆژئاوا
کەوتۆتە رێ بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو پارچەیەی ئاسمان و
وا ئێستا دەترووسکێتەوە، مارسیلیەس و من بووین،
زەنگەکەش جارێک زرینگەی لێوە—

**مارسیلیەس:** کڕ بە، قسە مەکە، بڕوانە وا دیسان لەوێوە دێت!
(تارماییەکە دێتە ناوەوە)

**بێرناردۆ:** بەهەمان شێوەی جارانە، هەر دەڵێی شایە مردووەکەمانە.

**مارسیلیەس:** هۆراشیۆ، تۆ خوێندەواریت، بەزمانی خۆت(*) قسەی لەگەڵ بکە.

**بێرناردۆ:** هۆراشیۆ، باش لێی وردبەرەوە. ئەرێ بە شایەکەمان ناچێت؟

**هۆراشیۆ:** زۆریش، ناخم بەترس و سەرسامی دەکێڵێت.

---

(*) واتە بەزمانی لاتینی کە ئەوسا زمانی کڵێسا بوو. (وەرگێڕ)



**بێرناردۆ:** پێی خۆشە بیدوێنیت.

**مارسیلیەس:** دەی هۆراشیۆ، پرسیاری لێ بکە.

**هۆراشیۆ:** ئەرێ تۆ چیت کە ئەم بەشەی شەوت داگیرکردووە
بەم شێوە نازدار و جەنگاوەرانەتەوە رێ دەکەیت
کە خاوەن شکۆی نێژراوی دانیمارک
هەندێک جار رێی دەکرد؟ تو خوا، قسە بکە!

**مارسیلیەس:** تووڕە بوو.

**بێرناردۆ:** بڕوانە چۆن بەئەسپایی دەڕوات!

**هۆراشیۆ:** بمێنەوە! قسە بکە! داوات لێ دەکەم قسە بکەیت!
(تارماییەکە دەڕواتە دەرەوە)

**مارسیلیەس:** وا ڕۆیی و وەڵام ناداتەوە.

**بێرناردۆ:** ئێستا چۆنیت، هۆراشیۆ! وا دەلەرزیت و ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە.
ئەرێ ئەوە شتێک نییە لە خەیاڵ پتر؟
بیروڕات چییە؟

**هۆراشیۆ:** بەو خوایەی هەرگیز باوەڕم نەدەکرد
ئەگەر بەو راستی و بەرهەستییەوە
بەچاوانی خۆم نەمدیبایە.

**مارسیلیەس:** ئەرێ بە شایەکەمان نەدەچوو؟

**هۆراشیۆ:** هێندەی تۆ بەخۆت دەچیت وابوو،
هەمان ئەو زرێیەشی لەبەردابوو
کە لەگەڵ شای چاوچنۆکی نەرویج پێیەوە جەنگا،
جارێکیشیان وا رووگرژ بوو، کاتێ لە گفتوگۆکردنە توندەکەیدا

بڕیاری لێدانی پۆڵەندییە خلیسکاوەکانی سەربەفری دا.
بەڕاستی سەیرە.
**مارسیلیەس:** دووجاری دیکەش، تەواو لەم کاتە خامۆشەدا
بەجۆرە ڕێکردنێکی سەربازانەوە بە پێش پاسەوانەکانماندا
ڕەت بووە.
**هۆراشیۆ:** لەم کاتانەدا نازانم بەدروستی بیر لەوە بکەمەوە چی بکەم،
بەڵام بەبیرو بۆچوونی من
ئەمە نوقڵانەی ڕوودانی ئاژاوەیەکە لە وڵاتەکەماندا.
**مارسیلیەس:** باشە، دابنیشە و پێم بڵێ، کێ دەزانێت
بۆچی شەوان وا بە وریایی و توندییەوە
ئێشک دەگیرێت و ئەمەش خەڵکی وڵاتەکەمانی ڕەتاندووە،
بۆچی ڕۆژانە سەرگەرمی داڕشتنی تۆپی زەردن و
بازرگانی لەگەڵ بێگانان دەکرێت بۆ کاروباری جەنگ.
بۆچی کرێکارە بێگار پێکراوەکان کەشتی دروست دەکەن و
یەکشەموان لەڕۆژانی تر جیا ناکەنەوە؟
چی لەگۆڕێدایە بۆ ئەم پەلەپەلییە ئارەقەپێکەرە،
کە شەو کارەکانی خۆی بەڕۆژەوە گرێ بدات؟
کێ دەتوانێت ئەم نهێنییەم پێ بڵێت؟
**هۆراشیۆ:** ئەوە من دەتوانم،
هەر هیچ نەبێت، دەنگوباسەکە وایە، شای پێشوومان
کە تۆزێک لەمەوبەر شێوەکەی بۆ ئێمە دەرکەوت
وەک دەیزانن (فۆرتینبراس)ی شای نەرویج



شکۆمەندی و شانازییەکەی ئەوی رووشاند
بەوەی مەیدانی جەنگی لێ خواست، لەمەشدا (هاملێت)ی
ئازامان –
کە لەبەر ئازایەتییەکەی هەموو دونیا ڕێزی دەگرێت –
(فۆرتینبراس)ی کوشت، و بەپێی پەیمانێکی مۆرکراو
– کە دەستووری سوارچاکی پێی پەسەندە –
دەبێ کەسی دۆڕاو ژیان و زەوی و زاری خۆی لەدەست بدات و
هەموو ئەوانە بکەوێتە بەردەستی کەسی سەرکەوتوو،
شای ئێمەش بەهەمان شێوە بەڵێنی بەو دابوو
ئەگەر دۆڕا، پارچە زەوییەکی بەقەد هی ئەو
بە (فۆرتینبراس) بدرێت
ئەگەر ئەو توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.
جا بەپێی هەمان یاسا
بەشی ئەو کەوتە دەست (هاملێت). گەورەم، ئێستاش،
(فۆرتینبراس)ی گەنج
کە خوێنی گەرمی بێ ئەزموونی لە کەللەیدا دەگەڕێت،
لێرە و لەوێی ناوچەکانی نەرویج
کۆمەڵە کەسێکی سەرکێش و لەیاسالادەری کۆکردۆتەوە
کە تەنیا بۆ چەپوچڵێسی و چاوچنۆکی
ئەو کارە دەکەن. جگە لەمە هیچی تر نییە –
وەک بەڕوونیش بۆ وڵاتەکەمان دیارە –
ئەو دەیەوێت بەزەبری دەست و

زۆرداریییەوە ئەو زەوییانەمان لێ وەربگرێتەوە
کە باوکی دۆڕاندوویەتی. جا من دەڵێم، ئەمە
هاندەری سەرەکی ئەو خۆئامادەکردنەمانە،
سەرچاوەی ئەو ئێشک گرتنەمانە، هۆی سەرەکی
ئەم پەلەکردنە و پاشاگەردانییەی وڵاتەکەمانە.

**بێرناردۆ:** وابزانم هەر ئەمەیە و چیتر نییە.
خوا بکات ئەم تارماییيە ماناداره نوقلانەیەکی باش بێت،
کەوا بەخۆو بەچەکەوە لەکاتی ئێشک گرتنماندا دەردەکەوێت،
چونکە زۆر لە شایەکەمان دەچێت کە ئەوسا و ئێستاش هۆی
جەنگەکەیە.

**هۆراشیۆ:** ئەمە خۆی گەردێکە کە چاوی مێشک تێک دەدات.
لە مەزنترین و ئاسوودەترین وڵاتی ڕۆمدا،
ماوەیەک پێش رووخانی (یۆلیۆس)ی هەرە بەهێز
گۆڕەکان بەتاڵ ببوون و مردووی بە کفنەوەش
لە سەرشەقامەکانی ڕۆمدا چرپەچرپ و فلتەفلتیان بوو،
هەروا ئەستێرەکانیش گوڕیە ئاگریان بەدواوە بوو، شەونمەکان
خوێناوی بوون،
لەناو خۆردا فەرتەنە قەومابوو، هەروا هەسارەی تەڕ(*)
کە هێز و توانای ئیمپراتۆریەتی نیپتۆن(**) بەوەوە بەندە،
نەخۆش کەوت و نزیکەی تا رۆژی زیندووبوونەوە گیرابوو.
تەنانەت ئێستاش وەک نوقلانەی هەمان رووداوی خراپ

(*) واتە مانگ، (وەرگێڕ).
(**) واتە جیهانی دەریاکان. (وەرگێڕ).



وەک ئەو موژدەدەرانەی کە هەمیشە بەر لە چارەنووس
بەچەشنی پێشگوتار بە پێش کارەساتەکان دەکەون.
وا ئاسمان و زەوی پێکڕا خۆ نیشاندان دەکەن
بۆ ناوچە و خەڵکانی وڵاتەکەمان. –
بەڵام، هێواش بە، بڕوانە! ئەوا دیسان هاتەوە.
(تارماییيەکە دێتەوە)
لێشم بدات، هەر دەچمە سەر ڕێی. (بۆ تارماییيەکە) بوەستە،
ئەی تارمایی!
ئەگەر تۆ دەنگ و زمانت هەیە،
بدوێ!
ئەگەر هەر شتێکی باشت دەوێ بۆتی بکەم
بۆئەوەی تۆ پێی شاد و منیش سەربەرز بم،
پێم بڵێ.
ئەگەر تۆ نهێنی چارەنووسی ئەم وڵاتەت لایە و
بەوەی پێشتر بزانرێت خۆی لێ لابدرێت،
پێم بڵێ.
ئەگەر لە ژیانتدا سامانت کۆکردۆتەوە و
لەژێر زەویت شاردۆتەوە،
چونکە دەڵێن ڕۆحەکان دوای مردنیش دەگەڕێن،
(قووقەی کەڵەشێر)
قسە بکە! بمێنەوە، قسە بکە! رایگرە، مارسیلیەس.

**مارسیلیەس:** ئەرێ بە تەورەکەم لێی بدەم؟

**هۆراشیۆ:** ئەگەر نەوەستا، وابکە.

**بێرناردۆ:** لێرەیە!

**هۆراشیۆ:** ئەوەتە لێرەیە!

**مارسیلیەس:** وا رۆیشت. (تارماییەکە دەڕوات)

ئێمە خراپەمان لەگەڵی کرد، ئەو زۆر شکۆدار بوو،
نەدەبووایە وا بەتوندی لەگەڵی بجوولێینەوە،
چونکە ئەو وەک هەوایە و هیچی بەرناکەوێت،
لێدانە بێ سوودەکانمان دوژمنکارییەکی گاڵتەجاڕانەیە.

**بێرناردۆ:** کاتێ کەڵەبابەکە قووقاندی خەریک بوو قسان بکات.

**هۆراشیۆ:** دواتر وەکو تاوانبارێک بوو
کە بەبانگکردنێکی ترسناک رابچڵەکێت، گوێم لێ بوو
کەڵەشێرەکە، کە شەیپووری لەخەو هەڵساندنی بەیانییانە و
بەو دەنگە بەرز و تیژەی ناو گەرووی،
خواوەندی رۆژ بەئاگا دەهێنێتەوە، بەم واگاهێنانەوەشی
لەناو دەریا بن یان ئاگر، لەسەر زەوی بن یان لە ئاسمان،
ئەم رۆحە سەرگەردان و وێڵە لەهەر کوێیەک بێت
دەگەڕێتەوە کونجەکەی خۆی. بۆ راستی ئەو قسەیەش
ئەو شتەی ئێستا بینیمان ئەو بەڵگەیەی سەلماند.

**مارسیلیەس:** هەر لەگەڵ قووقەی کەڵەشێرەکە ون بوو.
هەن دەڵێن گوایە لەگەڵ نزیکبوونەوەی
وەرزی ئاهەنگێڕانی هاتنە دونیای رزگارکەرمان(*)

(*) واتە "حەزرەتی مەسیح". (وەرگێڕ)



کەڵەشێر بەدرێژایی شەو دەقووقێنێت،
دەشڵێن ئەوسا هیچ رۆحێک ناوێرێت سەر دەربهێنێت.
شەوەکان ساماڵن و ئەوسا هیچ ئەستێرەیەک تیشکی خراپ ناپڕژێنێت،
هیچ جنۆکەیەکیش دەست ناوەشێنێت و هیچ جادووگەرێکیش سیحری پێ ناکرێت.
ئەو کاتەش کاتێکی زۆر پیرۆز و خۆشە.

**هۆراشیۆ:** منیش ئەوەم بیستووە و باوەڕ بە بەشێکی دەکەم.
بەڵام بڕوانن، وا سپێدە پۆشاکی سووری پۆشیوە،
بەسەر خوناوی ئەو گردە بەرزانێهێی رۆژهەڵاتدا دەڕوات.
با ئێمەش پایدۆست لە ئێشکگرتنەکەمان بکەین و ئەگەر بە قسەم دەکەن
ئەوەی ئیمشەو دیتمان با بۆ هاملێتی گەنج
بگێڕینەوە. سوێند بە ژیانی خۆم دەخۆم
ئەو رۆحەی کە بۆ ئێمە لاڵ بوو، بۆ ئەو قسە دەکات.
ئەرێ رازین ئەو قسانەی پێ بڵێین،
چونکە پێویستە خۆشەویستی و ئەرکمان پێکەوە بگونجێنین؟

**مارسیلیەس:** تکایە، با وا بکەین. من دەزانم بەم بەیانییە
ئەو لەکوێیە و بەئاسانی دەیدۆزینەوە.

(دەڕۆن)

## دیمەنی دووەم

*هۆڵی بۆنەکان لەناو قەڵادا.*
*شا و شاژن و هاملێت و پۆلۆنیەس و لێیرتس و*
*ڤۆڵتیماند و کۆرنیلیەس و کەسانی خانەدان و*
*دەست و پێوەندی تر دێنە ناوەوە.*

**شا:** ئەگەرچی یادی مردنی (هاملێت)ی برای خۆشەویستمان
هێشتا لەناو دڵماندا هەر سەوزە، بە کارێکی شیاوی دەزانم
که دڵمان تەنگ و شانشینەکەمان
خەم سەرتاپای روخساری بپۆشێت،
بەڵام تا ئێستاش ژیری و سروشت لە ململانێدان و
ئەمەش وامان لێ دەکات کە بەژیرییەوە یادی خەمی ئەو
بکەینەوەو
لەهەمان کاتیشدا خۆمان لەبیر بێت.
جا براژنی جارانمان، کە ئێستا شاژنمانە،
هاوبەشە لە کاروباری ئەو وڵاتە جەنگاویەدا،
ئێمە لە شادییەکی سەرکوتکراودا ئەو کارەمان ئەنجام دا،
وەک بڵێیت بەچاوێک شادومان و بەوەی تر بگرین،
لە زەماوەندێکی شیوەناوی و لە پرسەیەکی شاددا،
خۆشی و خەممان لە تەرازوودا هاوتا کردووە –
خانمەکەمان کردە هاوسەرمان – لەمەشدا کۆسپمان
لەبەردەم ژیری و چاکەی ئێوە دانەناوە، کە بە ئازادی خۆتان



پشتگیریتان لەو کارەمان کردووە. – بۆ ئەمەش سوپاس.
ئێستا، هەروەکو خۆتان دەیزانن، (فۆرتینبراس)ی گەنج
بەچاوێکی نزم لە شانشینەکەمان دەڕوانێت،
یان وادەزانێت بە مردنی برای نازدارمان
وڵاتەکەمان لەبەریەک ترازاوە و تێکچووە،
ئەمەش لەگەڵ خەونی بەرژەوەندیخوازانەی ئەو یەک دەگرێتەوە
–هەمیشەش بە ناردنی پەیام هەراسانمان دەکات
لەبارەی وەرگرتنەوەی ئەو زەوی و زارانەی
کە باوکی ئەو لەدەستی دابوون و بەپێی یاسا
کەوتبووە دەست برای ئازیزمان. لەم بارەیەوە هەر ئەوەندە
بەسە. –
ئێستاش با لەبارەی خۆمان و کۆبوونەوەکەمان شتێکتان پێ
بڵێم.
نامەیەکم بۆ شای نەرویج نووسیوە
کە ئەو دەکاتە مامی (فۆرتینبراس) –
ئێستا ئەو لەناو جێگادا کەوتووە و نەخۆشە و کەم ئاگاداری
ئەوەیە
برازاکەی چی دەکات – ئەمەش بۆ ئەوەیە
چیتر نەیەتە پێشەوە چونکە سەرباز و هێز و
دامودەزگای سوپاکەی ئەو هەمووی لەکەسانی ژێردەستەی ئەو
پێکهێناوە –
ئێستاش تۆ ئەی (کۆرنیلیەس)و تۆش ئەی (ڤۆڵتیماند)ی چاک–
ئێوە دەنێرین تا سڵاومان بگەیەننە پیرەشای نەرویج،

هیچ دەسەڵاتێکی ترتان پێ نابەخشم
بۆ دانوستانکردن لەگەڵ شا، بەڵکو ئێوە تەنیا
دەتوانن لەبارەی ناوەرۆکی ئەو نامەیەوە لەگەڵی بدوێن.
خواتان لەگەڵ، بزانم چۆن دەستوبردیتان
دڵسۆزیتان بۆ ئەرکەکانتان دەسەلمێنێت.

**ڤۆڵتیماند و کۆرنیلیەس:** لەم کارە و هەر کارێکی دیکە دڵسۆزیمان بۆ
ئەرکەکانمان دەردەخەین.

**شا:** لەمە بێگومانین و خواتان لەگەڵ.
(ڤۆڵتیماند و کۆرنیلیەس دەڕۆنە دەرەوە)
ئێستا (لێیرتس) چ هەواڵێکت پێیە؟
گوتبووت داواکارییەکت هەیە، داواکارییەکەت چییە؟
ئەگەر بەژیرییەوە لەگەڵ شای دانیمارک بدوێیت،
قسەکەت بەفیڕۆ ناچێت. ئەوەی تۆ دەتەوێت (لێیرتس)،
نە خەڵاتی منە و نە داواکاری تۆشە؟
هەرگیز سەر لە دڵ نزیکتر نییە و
دەستیش بۆ دەم خزمەتگوزارتر نییە
لە تەختی پاشایەتی بۆ باوکی تۆ.
حەزت لە چییە (لێیرتس)؟

**لێیرتس:** گەورەم من داوا دەکەم
ڕێگام پێ بدەن بچمەوە فەرەنسا.
من لەوێوە بەئارەزووی خۆم هاتمەوە دانیمارک
بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی تاج لەسەرنانتان،
ئێستاش کە رادەگەیەنم، ئەرکەکەم بەجێ گەیاندووە،



بیر و ئارەزووم دیسان بەرەو لای فەرەنسا دەچەمێنەوە،
کڕنووش بۆ ڕەزامەندی و بەخشینی ئێوە دەبەن.

**شا:** ڕەزامەندیت لە باوکت وەرگرتووە؟ (پۆلۆنیەس) تۆ چی دەڵێیت؟

**پۆلۆنیەس:** بەڵێ گەورەم. ئەو بەهێواشی ڕەزامەندییەکی
بە تکا و پاڕانەوە لێ دەرهێنام و لەکۆتاییدا
بەتۆبزی مۆری ڕەزامەندییەکەم لەسەر داواکارییەکەی دا.
بۆیە تکا دەکەم ڕێگای بدەن بڕوات.

**شا:** کاتێکی باش هەڵبژێرە. چۆنت حەز لێیە کاتەکەت وا بەسەرببە.
ئێستا تۆ چۆنیت، (هاملێت)، ئەی برازا و کوڕی خۆم؟

**هاملێت** (لەلاوە): لە خزمان نزیکتری، بەڵام لە چاکیدا لەوان دوورتری.

**شا:** دەڵێی هێشتا هەوری خەم داپۆشیویت؟

**هاملێت:** نەخێر، گەورەم. من زیاد لە پێویست کەوتوومەتە بەر خۆر.

**شاژن:** (هاملێت)ی چاک، ئەو تاریکاییە لە خۆت دابماڵە،
بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی لە شای دانیمارک بڕوانە.
هەتا هەتایە بەپێلووی شۆڕتەوە
لەناو خۆڵدا بەدوای باوکی نازدارتدا مەگەڕێ.
تۆ دەزانیت ئەوە ئاساییە – هەر کەسێک بژیت دەمرێت و
بەناو سروشتدا بەرەو سەرمەدییەت دەچێت.

**هاملێت:** بەڵێ، خانم، ئەوە شتێکی ئاساییە.

**شاژن:** ئەدی ئەگەر ئاساییە،
بۆچی لەلای تۆ وا دەردەکەوێت کە کارێکی نائاساییە؟

**هاملێت:** وا دەردەکەوێت، خانمەکەم! نەخێر، وایە، من "وا دەردەکەوێت

" نازانم.
دایکە، نەک تەنیا پاڵتۆ ڕەشەکەم،
نە جلە ڕەشەکانی پرسەدارییەکی ئاسایی و
نە ڕەشەبای هەنسکی بەزۆر هەڵکێشراوم و
نە جۆگەلەی فرمێسکە زۆرو زەبەندەکانم و
نە دەرخستنی خەمناکی سەر ڕوخسارم،
وێڕای هەموو شێوە و ڕوخسار و دیاردەی خەمەکانم،
ناتوانن ڕاستی من دەربخەن، ئەم هەمووانە، وا دەردەکەوێت،
لەڕاستیدا، ڕواڵەت بن و مرۆڤ بتوانێت بیان نوێنێت.
بەڵام من لەناخمدا شتی وا هەن کە لە ڕواڵەت بەدەرن
ئەمانەش هەر هەموویان پۆشاکی خەم و کەسەرن.
**شا:** ئەی (هاملێت)، سروشتی جوان و چاکتە
وای کردووە ئاوەها پرسە بۆ باوکت دابنێیت.
بەڵام دەبێ بزانیت کە باوکیشت باوکی خۆی لەدەست داوە،
ئەو باوکەش، باوکی خۆی لەدەست داوە، جا ئەوەی دەمێنێتەوە
وەک ئەرکێکی باوک و کوڕایەتی ئەوەیە
کە تا ماوەیەک خەم دابگریت. بەڵام مانەوە
لەسەر ئەم خەمبارییە کارێکی پڕ ملهوڕییەکی
بێڕێزانەیە، خەمێکی ناپیاوانەیە.
نیشانەی ویستێکە دژ بە ئاسمان،
هی دڵێکی ناقایم و مێشکێکی ئارام نەگر و
تێگەیشتنێکی سادە و پەروەردەنەکراوە.



جا کە دەزانین شتێک هەر دەبێت وابێت،
وەک هەر شتێکی دیش ئاساییە لەلای هەست و نەستمان،
بۆ خەم دامان بگرێت و دژایەتی بکەین و
لە دڵی بگرین؟ شەرم بکە! ئەمە گوناهێکە دژ بە ئاسمان،
دژ بە مردووان، دژ بە سروشت،
عەقڵیش بەکارێکی پووچی دادەنێت کە بابەتە ئاساییەکە
مەرگی باوکان بێت و ئەو کەسەی کە هەمیشە گریاوە
هەر لە یەکەم جەستەوە تا دەگات بەوەی ئەمڕۆ مردووە،
مەسەلەکە هەر دەبێ وابێت. ئێمە تکات لێ دەکەین، ئەو خەمە
بێ سوودە لە زەوی بکوتە و وەک باوکێک
بیر لە ئێمە بکەرەوە. ئینجا با هەموو دونیا بزانێت
کە تۆ جێنشینی ڕاستەوخۆی تەختی پاشایەتیت،
خۆشەویستی باڵای ئێمەش هیچی کەمتر نابێت
لەو خۆشەویستییەی خۆشەویستترین باوک بە کوڕەکەی
دەبەخشێت. لەبارەی نیازی
گەڕانەوەشت بۆ خوێندن لە (ویتنبێرگ)
بەتەواوی پێچەوانەی ئارەزووی ئێمەیە،
جا تکات لێ دەکەین، وا لەخۆت بکە بمێنیتەوە
لێرە، لەخۆشیدا بژی و لەبەرچاومان بە،
بەوەی ببیتە سەرەکیترین پیاوی ناو دەربار و خزم و کوڕی
خۆمان.
**شاژن:** هاملێت، وا مەکە تکا و پاڕانەوەی دایکت بەفیڕۆ بچێت.

تکات لێ دەکەم، لەگەڵمان بمێنەوە و مەچۆرەوە (ویتنبێرگ).

**هاملێت:** خانمەکەم، چەندی بتوانم بەگوێت دەکەم.

**شا:** بۆچی ئەمە وەڵامێکی پڕ خۆشەویستییە و جوانە.

وەکو ئێمەمانان لە دانیمارک بمێنەوە.

(بۆ شاژنەکە) وەرە، خانم،

ئەو رازیبوونە جوان و ئارەزوومەندانەی (هاملێت)

بزەی خستە دڵمەوە. جا وەک سوپاسمەندی بۆ ئەوە

شای دانیمارک ئیمڕۆ هیچ ناخواتەوە

بە بێ ئەوەی تۆپە گەورەکان ئەو هەواڵە بە هەورەکان بڵێن،

ئاسمانیش دیسان سەرمەستی شا و

ئەو گرمە و زرمەیەی زەوی بگەڕێنێتەوە. دەی بابڕۆین.

(هەموویان جگە لە هاملێت دەڕۆن)

**هاملێت:** ئاخ، بریا ئەو جەستەیە رەقەم بتوابایەوە و

دافەتابایە و ببوایە دەنکە خوناو.

یان خۆزیا خودای نەمر یاسای خۆی

دژی خۆکوشتن نەسەپاندبووایە! ئای خودایە! خودایە!

رێوشوێنی ئاسایی ئەم دونیایە

بۆ من چەند بێزارکەر و بێ تام و بێ کەلک و بێ سوودە.

سندانی لێ بدات! سندان! ئەم دونیایە باغچەیەکی بژارنەکراوە

بەر دەگرێت، شتی خراپ و ناڕێکی سروشت

هەمووی دەتەنێت. کارەکە بەو ئەنجامە بگات!

ئەو تەنیا دوو مانگە مردووە!–نەخێر ئەوەندەش نییە، دوو نابێت.



شای جاران لەچاو ئەمەی ئێستا

دەڵێی (هایپیرۆن)(*)ە لەچاو (ساتیر)(**)، ئەو دایکمی هێندە خۆشدەویست

کە تەنانەت لێ نەدەگەڕا بای ئاسمان

بەتوندی بەر روخساری بکەوتایە. ئەی ئاسمان، ئەی زەوی!

ئەرێ بۆ دەبێت ئەوانەم بەبیر بێنەوە! بۆچ دەبێت دایکم بەوەوە بنووسێت،

وەک بڵێیت هەوەسی خواردنی زیادی کردووە

بەوەی خواردوویەتی. کەچی تەنیا لە ماوەی مانگێکدا –

با بیری لێ نەکەمەوە – ئەی چرووکی کە ناوی تۆ ژنە! –

مانگێکی کورت بەسەرچوو و پێش ئەوەی ئەو پێڵاوانە کۆن ببن

کە پێیان بەدوای تەرمی باوکی بەسەرزمانم کەوتبوو،

وەک (نیۆبی)(**) و ئەو هەموو فرمێسکە، بۆچی ئەو، تەنانەت ئەو –

ئای خودایە، تەنانەت ئاژەڵیش، کە هۆشی کەمە،

پتر پرسەی دادەگرت – مێردی بە مامم کردۆتەوە،

برای باوکم، بەڵام هیچی لە باوکم ناچێت و

---

(*) لە ئەفسانەی گریکیدا (هاییپیرۆن) خواوەندی خۆر و مانگ و گزنگ بوو.

(**) (ساتیر) لە ئەفسانەی گریکیدا، بوونەوەری مرۆڤی ئاسایی نێر بوون و سیفەتی بزنیان هەبوو و زۆر حەزیان لە شەراب و رابواردنی جەستەیی بوو.

(***) نیۆیی: ژنی شای (تیبە) بوو و حەوت کوڕ و حەوت کچی هەبوو و هەموویان کوژران. هێندە گریا تا (زیۆس)ی خواوەند دڵی پێی سووتا و داواکارییەکەی پەسند کرد کە بیکاتە پەیکەرێکی بەردین و دەڵێن ئەو شەونمانەی هاوینان لەسەر بەرد پەیدا دەبێت فرمێسکەکانی ئەون. (وەرگێڕ)

هەروەک من لە (هێرکیولەس) ناچم! لەماوەی مانگێکدا
پێش ئەوەی سوێری فرمێسکە درۆیاوییەکانی
سوورایی چاوە ژانکردووەکانی جێ بهێڵێت،
مێردی کردەوە. ئاخ ئەی خراپترین خێرایی
کە بەم پەلەپەلییە خۆ بکوتیتە ناو پێخەفی گان حەرامان!
نە ئەمە باشە و نە سەرەنجامەکەشی باش دەبێت.
بەڵام ئەی دڵ تۆ بشکێ، چونکە من دەبێ زمانی خۆم بگرم!
(هۆراشیۆ و مارسیلیەس و بێرناردۆ دێنە ژوورەوە)

**هۆراشیۆ:** سڵاو لە سەروەرمان.

**هاملێت:** پێم خۆشە وا بەچاکی دەتبینم.
ئەرێ ئەتۆ هۆراشیۆی – یان من خۆم لەبیرکردووە؟

**هۆراشیۆ:** خۆیەتی، سەروەرم، نۆکەری هەمیشەییتە.

**هاملێت:** بەڕێزم، ئەی برادەری چاکم، من بەو جۆرە بانگت دەکەم.
هۆراشیۆ، پێم بڵێ چی وای لێ کردوویت لە (ویتنبێرگ) نەبیت؟
ئەوە تۆیت، مارسیلیەس؟

**مارسیلیەس:** ئەی سەروەری چاکم –

**هۆراشیۆ:** من بەبینینی تۆوە زۆر دڵخۆشم. (بۆ بێرناردۆ) ئێوارە باش، بەڕێزم. –
بەڵام چی وای لێ کردن لە (ویتنبێرگ) دوور بکەونەوە؟

**هۆراشیۆ:** مەیلی راکردن لە خوێندن. ئەی سەروەری چاکم.

**هاملێت:** من حەز ناکەم ئەوە لە دوژمنیشت ببیستم،
هەروەها پێشم خۆش نییە گوێچکەم بەوە ئازار بدەم



کە باوەڕ بەو قسانە بکات کە تۆ
لە دژی خۆت دەیانکەیت. من دەزانم تۆ راکردوو نیت.
بەڵام تۆ لە (ئێلسینۆر)دا چی دەکەیت؟
بەرلەوەی ئێرە جێ بێڵیت ئێمە فێری زۆر خواردنەوەت دەکەین.

**هۆراشیۆ:** سەروەرەکەم، من هاتووم لە پرسەی باوکتا بەشداربم.

**هاملێت:** تکایە، ئەی هاوپۆلەکەم گاڵتەم لەگەڵ مەکە،
وابزانم تۆ هاتوویت لە زەماوەندی دایکم بەشدار بیت.

**هۆراشیۆ:** ئەوەی راستی بێت، ئەی سەروەری چاکم، ئەوانە زۆر خێرا بەدوای یەکتردا هاتن.

**هاملێت:** ئابۆر یکردنە، ئابۆریکردن، هۆراشیۆ! گۆشتە برژاوەکانی پرسەکە
بەساردی سەرسفرەی زەماوەندی پێ رازێنرایەوە.
خۆزگە قێزەوەنترین دوژمنی خۆم لە ئاسمان دیبایە،
کەچی ئەو رۆژەم نەدیبایە، هۆراشیۆ! –
باوکم، وابزانم، باوکم دەبینم.

**هۆراشیۆ:** کوا، لە کوێ، ئەی سەروەری چاکم؟

**هاملێت:** بە چاوی بیرم، ئەی هۆراشیۆ.

**هۆراشیۆ:** من جارێک ئەوم بینیوە، ئەو شایەکی رێکوپێک بوو.

**هاملێت:** ئەو پڕ بە مانای ئەو وشەیە، پیاو بوو،
من هەرگیز کەسێکی وەک ئەو نابینمەوە.

**هۆراشیۆ:** ئەی سەروەرەکەم، وابزانم دوێنێ شەو ئەوم بینی.

**هاملێت:** کێت بینی؟

**هۆراشیۆ:** گەورەم، شای باوکتان.
**هاملێت:** شای باوکم؟
**هۆراشیۆ:** تۆزێک لە سەرسامی خۆت کەم بکەرەوە
بە گوێ شلکردنێکی باش، تاوەکو من
بە گەواهی ئەم دوو جوامێرە
ئەو هەواڵە سەیرو سەمەرەیەت پێ رابگەیەنم.
**هاملێت:** تو خوا با بیبیستم.
**هۆراشیۆ:** دوو شەو لەسەر یەک، ئەو دوو جوامێرە،
مارسیلیەس و بێرناردۆ، لە کاتی ئێشکگرتنیاندا،
لە خامۆشی نیوەشەوی مردووئاسادا
چۆنت پێ دەڵێم وا تووشی یەک هاتبوون. شێوەیەکی وەک باوکت،
کە لە تەپڵی سەریەوە تا بنی پێی چەکدار بوو و ئامادە بوو بۆ شەڕ،
لەبەرچاویان دەرکەوتووە و بە نەرمی و سەنگینییەوە
بەبەر دەمیاندا ڕەت بووە. ئەو سێ جار
بە پێش چاوە قورس و سامگرتووەکانیاندا تێپەڕیوە
کە تەنیا لاباڵێک لێیانەوە دوور بووە و ئەوان وشک هەڵهاتوون و
لەترسان وەک دەڵەمەی لەرزیو بوون و
لە ئاستیا لاڵ و بێ زمان وەستاون. ئەوان
ئەوەیان بەترسەوە بە نهێنی بە من گوت،
منیش شەوی سێیەم بەخۆم ئێشکم لەگەڵیان گرت،



ئەوان چۆن شتەکەیان بۆ من گێڕابۆوە، کات و
شێوەکەی کتومت ڕاست بوو،
تارماییەکە دەرکەوت. من باوکت دەناسم،
ئەو دوو دەستانەی من هێندەی باوکت و تارماییەکە لێک ناچن.
**هاملێت:** بەڵام ئەوە لە کوێ بوو؟
**مارسیلیەس:** سەروەرم لەسەر ئەو بەرزاییە بوو کە ئێشکمان لێی دەگرت.
**هاملێت:** قسەتان لەگەڵی نەکرد؟
**هۆراشیۆ:** سەروەرم، من قسەم لەگەڵی کرد،
کەچی ئەو هیچ وەڵامێکی نەبوو. بەڵام وابزانم جارێک
ئەو سەری بەرزکردەوە و خۆی جووڵاندەوە
وەک بڵێی بیەوێت قسە بکات،
بەڵام هەر ئەو ساتە کەڵەشێری بەیانی قووقاندی،
لەگەڵ ئەو دەنگە ڕاچڵەکی و بە پەلە کشایەوە و
لەبەرچاوانمان ون بوو.
**بێرناردۆ:** بەڕاستی زۆر سەیرە.
**هۆراشیۆ:** سەروەری پایەبەرزم، چۆن دەزانم من دەژیم، دەشزانم کە ئەوە ڕاستە.
جا ئێمە بیرمان کردەوە کە وەک لە ئەرکەکانماندا دیاری کراوە
هەواڵی ئەو شتە بە تۆ بڵێین.
**هاملێت:** بێ گومان، بێ گومان، بەڕێزانم، بەڵام ئەوە نیگەرانم دەکات.

ئەرێ ئێمشەویش ئێشک دەگرن؟

**مارسیلیەس و بێرناردۆ:** سەروەرم، دەیگرین.

**هاملێت:** گوتتان "بەچەکەوە بوو"؟

**مارسیلیەس و بێرناردۆ:** سەروەرم، بەچەکەوە بوو.

**هاملێت:** لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی؟

**مارسیلیەس و بێرناردۆ:** سەروەرم، لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی.

**هاملێت:** کەوا بێت دەموچاویتان نەدی؟

**هۆراشیۆ:** بەڵێ، سەروەرم. ئەو کڵاوزرێیەکەی هەڵدابۆوە.

**هاملێت:** چۆن بوو؟ رووگرژ بوو؟

**هۆراشیۆ:** روخساری پتر خەمی پێوە دیاربوو لە رق و تووڕەیی.

**هاملێت:** رەنگی زەرد بوو یان گەش؟

**هۆراشیۆ:** نەخێر، زۆر رەنگ زەرد بوو.

**هاملێت:** چاوی لە ئێوە بڕیبوو؟

**هۆراشیۆ:** هەر زۆر بە بەردەوامی.

**هاملێت:** خۆزگە من لەوێ بووام.

**هۆراشیۆ:** یەکجار سەرسوڕماوی دەکردیت.

**هاملێت:** زۆر لەوانەبوو، زۆر لەوانەبوو. ئەرێ زۆر مایەوە؟

**هۆراشیۆ:** هێندەی بە خێرایییەکی مامناوەندی تا سەد بژمێریت؟

**مارسیلیەس و بێرناردۆ:** زیاتر بوو، زیاتر.

**هۆراشیۆ:** ئەوجارەی نا کە من بینیم.

**هاملێت:** ڕدێنی ماش و برنجی بوو، وانا؟

**هۆراشیۆ:** وابوو، چۆن لە ژیانا بوو ئاوەها بوو.



رەشێکی تۆخی تاڵ تاڵ زیوین بوو.

**هاملێت:** ئەمشەو من ئێشک دەگرم.

لەوانەیە دیسان لەو ناوەدا بگەڕێت.

**هۆراشیۆ:** دڵنیات دەکەمەوە کە دێتەوە.

**هاملێت:** ئەگەر خۆی هێنابێتە سەر شێوەی باوکی شکۆدارم،

من قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەگەرچی دۆزەخیش دەمی بۆم لێک کردبێتەوە و

داوام لێ بکات کە بێ دەنگ بم. تکا لە هەمووتان دەکەم

ئەگەر تا ئێستا باسی ئەو دەرکەوتنەتان شاردۆتەوە،

با هەر لەناو خامۆشی ناخی دەروونتانا بمێنێتەوە و

هەرچییەکی دیکەش ئەمشەو رووی دا،

تەنیا بیری لێ بکەنەوە و زمانتان مەخەنە کار.

من پاداشتی خۆشەویستیتان دەدەمەوە. جا ئێستا، خواتان لەگەڵ،

لە نێوان کاتژمێر یانزە و داوزدەدا لەسەر بەرزایییەکە سەرتان لێ دەدەم.

**هەموویان:** ئەرک و دڵسۆزیمان بۆ سەروەرتانە.

**هاملێت:** خۆشەویستی ئێوە، وەکو خۆشەویستی منە بۆ ئێوە، خوا حافیز!

(هەموو دەڕۆن جگە لە هاملێت)

رۆحی باوکم بەچەکەوە! ئەمە هەرگیز شتێکی باش نییە،

گومان لە شتێکی خراپ دەکەم، خۆزگە شەو دابهاتایە!

ئەی رۆحی من، تا ئەوسا ئارام بگرە! کاری خراپ هەر سەر
دەردەهێنێت،
ئەگەر هەموو خۆڵی دونیاشی بەسەردا بکەیت لەبەرچاوی
مرۆڤ خۆی دەنوێنێت. (دەڕوات)

## دیمەنی سێیەم

*ژوورێک لە ماڵی پۆلۆنیس*
*لێیرتیس* و *ئۆفیلیا* دێنە ژوورەوە.

**لێیرتیس:** پێداویستییەکانم لە کەشتی بارکراون. خودا حافیز.
جا خوشکم هەرکە بایەکە لەبار بوو و
هۆیەکانی گواستنەوە ئامادەبوون، مەخەوە و
وابکە هەواڵت ببیستم.
**ئۆفیلیا:** گومانت لەوە هەیە؟
**لێیرتیس:** سەبارەت بە (هاملێت) و سۆزە پووچەکەی
بە شتێکی کاتی و هەوەسی خوێنە گەنجانەی بزانە،
وەکو گوڵی وەنەوشەیە کە سەرەتای بەهاران لە سروشتدا
دەڕوێت و
بە تێپەڕبوونی کات نامێنێت و خۆشە بەڵام تەمەنکورتە،
بۆن و بەرامە و ناسکییەکەی لە خولەکێک
زێتر نییە.
**ئۆفیلیا:** هەر هێندەیە و لەمە زێتر نییە؟
**لێیرتیس:** بە زیاتری مەزانە،



چونکە سروشتی مرۆڤ بەتەنیا گەشە ناکات
لەلایەنی هێز و قەبارەکەیەوە، بەڵکو کاتێ لاشەکەی گەورە
دەبێت،
لەگەڵ ئەویش مێشک و رۆح لە ناوەوەڕا
گەشە دەکەن. رەنگە ئەو هەنووکە تۆی خۆش بووێت،
ئێستا هیچ خەوش و پەڵەیەک ویستی چاکی ئەو
لەکەدار ناکات. بەڵام پێویستە ترست لەوە هەبێت،
ئەگەر پلەو پایەکەی لەبەرچاو بگرین، ویستی ئەو هی خۆی
نییە،
چونکە ئەو بەخۆی پابەندی رەچەڵەکەکەیەتی.
لەوانەیە ئەو نەتوانێت وەکو کەسێکی رەمەکی بجوولێتەوە،
بەدوای حەزەکانی خۆی بکەوێت، چونکە سەلامەتی و
تەندروستی
سەرتاپای وڵات بە هەڵبژاردنی ئەوەوە بەندە.
جا بۆیە ئەو هەڵبژاردنەی ئەو دەبێ لە چوارچێوەی ئەو دەنگ و
ئارەزووەی ئەو جەستەیەوە بێت
کە ئەو سەرۆکەکەیەتی. جا کە ئەو دەڵێت تۆی خۆشدەوێت
واچاکە مێشکی تۆ تا ئەوەندەی پێ باوەڕ بکات
تا ئەو ساتەی کە بەکار و شوێنی تایبەتی خۆیدا
ئەو قسانە بەئەنجام دەگەیەنێت، ئەمەش هیچ دەرناچێت
لە روانینی بیروباوەڕی گشتی خەڵکی دانیمارکەوە.
ئینجا لێک بدەرەوە چ زیانێک لە ئابڕووت دەکەوێت،

ئەگەر بەگوێیەکی زۆر ئامادەوە گوێ بۆ گۆرانییەکانی رادێریت،
یان دڵی خۆتی بۆ بدۆڕێنیت، یان دەرکی گەنجینەی پاکیزەییت
بۆ داواکارییە بەرزەفت نەکراوەکانی ئەو بکەیتەوە.
بترسە، ئۆفیلیا، بترسە، ئەی خوشکی خۆم،
خۆت لە بنەبانی سۆزەکەتدا حەشار بدە،
دوور لە نیشانە و مەترسی ئارەزووەکان.
بێ فیزترین خانم دەستبلاو و تەخشانکەرە
ئەگەر جوانی خۆی بۆ مانگ دەربخات.
تەنانەت پاکی و چاکیش ناتوانێت خۆیان لەزمانی ئابڕووبەرانە
لابدەن.
زۆر جاران کرم خونچە کۆرپەکانی بەهاران
دەردەدار دەکات پێش ئەوەی دەم لێک بکەنەوە،
جا لە بەرەبەیاندا و لەناو شەونمی نەوجەوانیدا
دەرد و پەتای ئاوەهایی زۆر نزیکە روودانە.
جا وریابە، باشترین سەلامەتی لە ترسدایە،
گەنج لەخۆوە یاخین، ئەگەر کەسیشیان لێوە نزیک نەبێت.
**ئۆفیلیا:** من کاریگەری ئەو وانە پڕسوودەی تۆ
دەکەمە پاسەوانی دڵم. بەڵام، برای چاکم،
وەکو ئەو قەشە بەدکارانەم لەگەڵ مەکە،
کە رێگای دژوار و سەختی چوونە ئاسمانم پێ نیشان بدەیت،
کەچی خۆشیان وەکو بەرەڵایەکی پفکراوی لاسار
بەسەر رێگای پڕ بەزم و خۆشی بەگوڵداپۆشراودا دەڕۆن و



ئامۆژگارییەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن.
**لێیرتیس:** نا، لە من مەترسە.
یەکجار زۆر مامەوە. – بەڵام ئەوە باوکمە لەولاوە دێت.
(پۆلۆنیەس دێتەناوەوە)
دوو جار خواحافیزیکردن خێرو بەرەکەتە،
دەرفەت گونجاوە بۆ دووەم خواحافیزی.
**پۆلۆنیەس:** هێشتاش لێرە ماویت، لێیرتیس! شەرمە، بڕۆ! سواری کەشتی بە!
رەشەبایەکە سواری کۆڵی چارۆگەی کەشتییەکەت بووە و
ئەوانیش لەوێ چاوەڕوانی تۆ دەکەن. بگرە، ئەوەش بەرەکەتی منت لەگەڵ بێت!
(دەستی دەخاتە سەر سەری لێیرتس)
ئەو برە ئامۆژگارییانەم لەناو مێشکتا بپارێزە.
بیرەکانت لەلای کەس باس مەکە و
ئەو بیرۆکانەی باش بیرت لێیان نەکردۆتەوە مەکە.
لەگەڵ خەڵکی دۆستانە بە و بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە تامی دەرمەکە.
ئەو برادەرانەی تۆ هەتن، دوای تاقیکردنەوەی دڵسۆزییان
بەئەڵقەی پۆڵایین بە رۆحتەوە گرێیان بدە.
بەڵام ناولەپت هێندە مەسووەوە بۆ
دڵخۆشکردنی هەر برادەرێکی تازە جووکاوی تووک لێ نەهاتوو.

وریابە لە کەوتنە ناو شەڕو هەراوە، بەڵام کە تووشت بوو
وازی لێ مەهێنە تاوەکو دوژمنەکەت سڵت لێ بکاتەوە.
گوێ لە هەموو کەسێک بگرە، بەڵام دەنگی خۆت کەم بەکار بهێنە.
بیروڕای هەموو کەسێک وەربگرە، بەڵام لە بڕیاردانیدا بەپارێز بە.
با جل و بەرگت ئەوەندە باش بن کە جزدانت پێ دەکڕدرێت،
بەڵام با نائاسایی نەبن و زۆر زرقی نەبن،
چونکە زۆرجاران جل و بەرگ جۆری مرۆڤەکە دەردەخات،
لەوێ لە فەرەنسا پیاوانی هەرە پایەبڵند و ناودار
لەو بارەیەوە بەشێوەیەکی تایبەتی لەمەدا زۆر دەستکراوەن.
نەشت بەقەرز وەربگرە و نەبەقەرزیش بدە،
چونکە زۆرجار قەرز سەری خۆیشی و سەری هاوڕێکەش دەخوات،
قەرزکردن ئابووری و ماڵداری تێک دەدات.
ئەمە لە سەرووی هەموووەیە: لەگەڵ خۆت ڕاستگۆ بە،
جا ئەنجامی ئەمەش هەر ئەوە دەبێت: وەک چۆن شەو بەدوای ڕۆژدا دێت،
تۆ ئەوسا ناتوانیت لەگەڵ کەس ناڕاست بیت.
خوات لەگەڵ. با ئەم ئامۆژگارییانە ببنە هۆی پێگەیاندنی بەرەکەت لە تۆدا.
**لێیرتیس:** گەورەم، من زۆر بەخاکەڕاییەوە خواحافیزیت لێ دەکەم.
**پۆلۆنیەس:** کات بانگت دەکات، خزمەتکارەکانت چاوەڕوانتن.



**لێیرتیس:** خوا حافیز، ئۆفیلیا، ئەوەی پێم گوتیت
بە باشی لەبیرت بێت.
**ئۆفیلیا:** ئەوە لەناو بیردانمدا کلیل دراوە و
کلیلەکەش لەلای خۆتە.
**لێیرتیس:** خوا حافیز. (دەڕوات)
**پۆلۆنیەس:** ئۆفیلیا، ئەو چی بە تۆ گوتووە؟
**ئۆفیلیا:** ئەگەر پێت خۆش بێت، شتێک بوو لەبارەی (هاملێت)ی سەروەرەوە.
**پۆلۆنیەس:** بەڕاستی، باش بوو بەبیرت هێنامەوە.
پێم گوتراوە کە ئەو لەم دواییانەدا زۆرجار
بەتەنیا کات لەگەڵ تۆ بەسەر دەبات و تۆش بەخۆت
زۆر بەخشندانە و ئازادانە گوێ بۆ قسەکانی رادەدێریت.
ئەگەر وەک ئەوەی بۆ من گێڕدراوەتەوە وایە،
هەر بۆ وریاکردنەوە، پێویستە پێت بڵێم،
کیژەکەم، تۆ نازانیت چ لە تۆ و ڕێزداریت دەوەشێتەوە.
چ شتێک لەنێوانتانایە؟ ڕاستییەکەم پێ بڵێ.
**ئۆفیلیا:** گەورەم، ئەو لەم دواییانەدا گەلێ جاران
خۆشەویستی خۆی بۆم دەرخستووە.
**پۆلۆنیەس:** خۆشەویستی! پیاه! تۆ وەکو کچێکی کاڵ دەدوێیت و
لەم جۆرە بار و دۆخە ترسناکانەدا بێ ئەزموونیت.
ئەرێ تۆ بڕوات بەم قسانەی ئەو هەیە، وەکو خۆت باست کردووە؟

**ئۆفیلیا:** گەورەم، من نازانم چۆن بیر بکەمەوە.
**پۆلۆنیەس:** کەواتە، من فێرت دەکەم: وابزانە منداڵێکی ساوایت،
قسەکانی ئەو کە تۆ بە دەربڕینێکی راستەقینەت زانیبوون،
هیچ بەهایەکی راستەقینەیان نییە. خۆت گرانتر پیشان بدە،
دەنا – با هەناسە لەو وشە بەسەزمانانەت نەبڕێن
کەوا سەرمان کردۆتە سەر سەری – بەمەش تۆ بێ میشکی
خۆت دەردەخەیت.
**ئۆفیلیا:** گەورەم، ئەو بە پڕڕێزترین شێواز
خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستووم.
**پۆلۆنیەس:** بەڵێ، ئەوەی تۆ ناوی لێ دەنێیت شێواز، قسەی بۆشە، قسەی بۆش.
**ئۆفیلیا:** ئەو روخساریشی بە قسەکانی بەخشی
بەوەی کە هەموو سوێندە پیرۆزەکانی ئاسمانی خستبووە پاڵیان.
**پۆلۆنیەس:** بەڵێ، ئەوانە داو و تەپکەن بۆ راوکردنی مریشکی دارستانان.
من دەزانم، کاتێک خوێن دەجۆشێت، ئای رۆح چەند بەخشندانە
بەڵێنەکان بە زمان دێنێت. کچێ، ئەم بڵێسانە
پتر رۆناکی لە گەرمی دەبەخشن – هەردووکیان دەکوژێنەوە
تەنانەت لەکاتی جێ بەجێکردنی بەڵێندانەکەدا –
نابێ تۆ ئەوانە بە ئاگر تێبگەیت. لەم ساتە بەدواوە
دەرکەوتنی کچانەی خۆت کەمتر بکەرەوە،
دیدارەکانی خۆت بەزەحمەتتر بخە کاتێک داوا دەکات



قسەت لەگەڵدا بکات. جا لەبارەی (هاملێت)ی سەروەرەوە،
هێندە بڕوات پێی هەبێت، کە گەنجە و
گوریسێکی لە تۆ درێژتری هەیە
بۆ گەڕان و سووڕان. بەکورتی، ئۆفیلیا،
بڕوا بە بەڵێنەکانی مەکە، چونکە ئەوانە دەڵاڵن –
نەک بۆ ئەو رەنگانەی دەریان دەخەن،
بەڵکو مەبەستی ناپیرۆزانەیان لەپشتەوەیە،
بۆن و هەناسەی بەڵێننامەی پیرۆز و پاکیان پێوەیە،
تاوەکو باشتر لەخشتەت ببەن. بە پوختی،
هەر لە ئێستا بەدواوە، بە سادەیی دەڵێم، پێم خۆش نییە
هیچ ساتێکی بێکاریت بەوە بەدناو بکەیت
کە قسە لەگەڵ (هاملێت)ی سەروەر بکەیت.
لەوە وریا بە، فەرمانت پێ دەکەم. ئێستا برۆ.
**ئۆفیلیا:** گەورەم، من بە قسەت دەکەم.
(دەڕوات)

## دیمەنی چوارەم

*لە سەر بەرزاییەکەدا*
*هاملێت و هۆراشیۆ و مارسیلیەس دێنە ناوەوە.*

**هاملێت:** بایەکەی دەڵێی گوێزانە، یەگجار ساردە.
**هۆراشیۆ:** بایەکی تیژ و بڕندەیە.
**هاملێت:** ئێستا کاتژمێر چەندە؟

**هۆراشیۆ:** وابزانم کەمێکی ماوە بۆ دوازدە.

**مارسیلیەس:** نەخێر، دەمێکە دوازدە بووە.

**هۆراشیۆ:** بەڕاست؟ من گوێم لە کاتژمێرلێدان نەبوو. کەواتە کاتەکە
لەوە نزیک بووەتەوە
کە رۆحەکە بکەوێتە گەڕان و سووڕان.
(نووڕەی کەڕەنا و زرمەی تۆپ تەقاندنە لەناوەوەی قەڵاکەدا)
گەورەم، ئەوە مانای چییە؟

**هاملێت:** ئەمشەو شا شەوارە دەگرێت و بەدمەستی دەکات،
بادەنۆشی و سەمای شێتانە ساز دەکات و
کاتێک دوا تنۆک لە بادەی (راین)(*)ی هەڵدەقوڕێنێت،
تەپڵ گرمەی دێ و کەڕەنا دەکەوێتە نووڕاندن
بۆ راگەیاندنی سەرکەوتنی پەیمانەکانی.

**هۆراشیۆ:** جا داب و نەریتەکە وایە؟

**هاملێت:** ئا بەخودای وایە،
بەڵام ئەوەندەی لەبیرم مابێت – ئەگەرچی لێرەش هاتوومەتە
دونیا و
لەسەر ئەو داب و نەریتەش پەروەردە کراوم – پیاوانەترە ئەم
داب و نەریتە
بشکێنرێت نەک جێبەجێ بکرێت.
چونکە ئەم بەدمەستییە سەرخۆشکەرە وادەکات
گەلانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا رەخنەمان لێ بگرن.

(*) بادەی ناوچەی راینلاندی ئەڵمانیایە کە جۆرە بادەیەکی زۆر بەناوبانگە. (وەرگێڕ).



ئەوان بەسەرخۆش بانگمان دەکەن و بە دەستەواژەی
بەرازانەیان
کارو کردارەکانمان بێزەوەر دەکەن و لەڕاستیدا،
هەرچی دەستکەوتێکمان هەیە، هەرچەندە بەبەرزیش کرابن
پایەبەرزی و رۆمەتمان پێ لەکەدار دەکەن.
زۆرجار ئەمە بەرێکەوت لە تاکە کەسێک روو دەدات
کە خاڵێکی خراپی سروشتی لە هەندێکیاندا هەیە،
ئەوانە هەر لە زگماکەوە وان – بەڕاستیش ئەوان بێ گوناهن،
چونکە سروشت ناتوانێت سەرچاوەی خۆی هەڵبژێرێت –
جا بەهۆی زێدە گەشەکردنی هەندێک لایەنەوە
زۆرجاران شوورە و پەرژینی عەقڵ تێک دەشکێنێت،
یان جار وایە بەهۆی هەندێک خووی زۆر هەڵدەفاو،
کە دەتوانم بڵێم شێوەی رەفتاری ئەو جۆرە مرۆڤانە
شەقڵ و نیشانەی خەوشێکی پێوە دەلکێت،
کە سروشت پێی داون، یان بەختی ئەستێرەیان بۆی هێناون و
لایەنە چاکەکانی تریان – هەرچەندەش بەقەد فەڕی خوداییش
بێ گەرد بن،
هێندەش بێ سنوور بن کە مرۆڤ بکەوێتە ژێریانەوە–
بەگشتی هەر هەموو لایەنەکان دەخاتە بەر رەخنەی خراپییەوە
تەنیا لەبەر ئەو تاقە ناتەواوییەوە.
تۆزقاڵێکی کەمی خەوش
وادەکات هەر هەموو کانزایە بەنرخەکە
گومانی لێ بکرێت و بەمەش بەدناوی دەکات.

**هۆراشیۆ:** گەورەم، بڕوانە شتەکە وا دێت!
(تارماییيەکە دێتە ناوەوە)
**هاملێت:** ئەی فریشتە و ڕێنیشاندەرانی چاکە بمانپارێزن!
جا ئەگەر تۆ رۆحێکی باش یان درنجێکی نەفرەتی بیت،
لەگەڵە خۆت شنەبای بەهەشتت هێنابێت یان ڕەشەبای دۆزەخ،
نیازەکانت خراپ بن یان چاک،
تۆ بەشێوەیەکی هێندە پرسیاراوی دێیت
کە وام لێ دەکەیت بتدوێنم. من بە (هاملێت)ی
شا و باوک و سەروەری دانیمارک بانگت دەکەم. ئۆه، وەڵامم بدەرەوە!
با لە نەزانیندا نەتەقمەوە، دە ئێستا پێم بڵێ
بۆچی ئێسکی دوای مەرگت کە بەپێی دەستوور لە ناو سندوق تەقەت کراون
کفنەکانیان دڕاندووە، بۆچی ئەو گۆڕەی
کە بینیمان تۆی بەهێمنی تێدا نێژرا،
شەویلاکە مەڕمەڕییە ترسناکەکانی کردۆتەوە
تا دیسان تۆ بهاوێژێتە دەرەوە! مانای ئەمە چییە،
کە تۆی کەلاشێکی مردوو، دیسان بەتەواوی لە زرێ پۆڵایینەکانتدایت و
بەم شێوەیە سەردانی تریفەی مانگ دەکەیتەوە،
شەوەکەمان لێ پڕ ترس دەکەیت، ئێمەش دەکەیتە گەوجی سروشتی،
سەرودڵمان بەجۆرێکی وا تێک دەدەیت



بەو بیرانەی لەودیو ئەوەوەن کە رۆحمان پێیان بگات؟
دە بیڵێ، بۆ ئەمە وایە؟ لەبەر چی؟ ئێمە چی بکەین؟
(تارماییيەکە نیشانە بۆ هاملێت دەکات)
**هۆراشیۆ:** ئەو نیشانە بۆ تۆ دەکات لەگەڵی بچیت،
وەک ئەوەی حەز بکات هەندێ شت
تەنیا بە تۆ بڵێت.
**مارسیلیەس:** بڕوانە چەند بە هێواشی و بەڕێزەوە
نیشانە بۆ تۆ دەکات لەگەڵی بچیت بۆ شوێنێکی چۆڵتر.
بەڵام لەگەڵی مەچۆ –
**هۆراشیۆ:** نەخێر بەهیچ جۆرێک نەچیت.
**هاملێت:** ئەو متەق ناکات، بۆیە بەدوای دەکەوم.
**هۆراشیۆ:** نەکەی، گەورەم.
**هاملێت:** بۆ، چی هەیە لێی بترسم؟
من ژیانم بای پووشکەیەک(*) بەهای نییە،
ئەویش لەگەڵ رۆحم چی پێ دەکرێت،
کە وەک رۆحی تارماییيەکە نەمرە؟
وا دیسان نیشانەم بۆ دەکات، من بەدوای دەکەوم.
**هۆراشیۆ:** ئەدی چی دەڵێیت ئەگەر ئەو بەرەو لافاوان فریوت بدات،
یا بتباتە سەر لووتکەی هەڵدێرێکی ترسناک
کە بەسەر بنی دەریایەکدا شۆڕبووەتەوە،

(*) لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە: بای دەرزییەک، بەڵام لە کوریدا ئێمە دەڵێین بای پووشکەیەک. (وەرگێڕ).

لەوێ شێوەیەکی دی ترسناک بنوێنێت،
کە ڕەنگە توانای عەقڵیت لێ بسەنێت،
بەرەو شێتێتیت ببات؟ بیری لێ بکەرەوە:
تەنیا شوێنەکە بەبێ هیچ هاندەرێکی تر بەسە
یاری نائومێدانەت پێ بکات و ئەوە دەخاتە مێشکەوە
کاتێک لەو بەرزاییەوە دەڕوانیتە ناو قووڵایی دەریا
کە لەژێرەوە هاش و هووشیەتی.

**هاملێت:** هێشتا هەر نیشانەم بۆ دەکات.
(بۆ تارماییەکە) بەردەوام بە، وا بەدواتدا دێم.

**مارسیلیەس:** گەورەم، نابێ بڕۆیت. (دەستی هاملێت دەگرێت)

**هاملێت:** دەستەکانتان لەسەرم لاببەن.

**هۆراشیۆ:** ئاقڵ بە، نابێ بچیت.

**هاملێت:** چارەنووسم بانگم دەکات و
هەر دەمارێکی بچووکی ئەم جەستەیەم
وەکو دەمارە ڕەقەکانی شێری (نیمی)ی لێ دەکات.
(تارماییەکە نیشانە دەکات)
هێشتا هەر بانگم دەکات. جوامێران، بەرم بدەن.
بەو خودایەی، ئەوەی ڕێگام لێ بگرێت دەیکەمە تارمایی.
من دەڵێم، لاچۆن!–(بۆ تارماییەکە) بەردەوام بە، وا بەدواتدا دێم.
(تارماییەکە و هاملێت دەچنە دەرەوە)

**هۆراشیۆ:** ئەندێشەکەی بەرەو بێ هیوایی دەیبات.

**مارسیلیەس:** با بەدوایدا بچین، چاک نییە بەم جۆرە بەگوێی بکەین.

**هۆراشیۆ:** شتێک لەم دانیمارکەی ئێمەدا گەندەڵە.



**مارسیلیەس:** خودا چاکی دەکاتەوە.

**هۆراشیۆ:** بەڕاست، با بەدوایدا بچین.
(دەچنە دەرەوە)

## دیمەنی پێنجەم

*بەشێکی تری بەرزاییەکە*
*تارماییەکە و هاملێت دێنە ناوەوە.*

**هاملێت:** بۆ کوێم دەبەیت؟ قسە بکە، چیتر نایەم.

**تارمایی:** گوێم لێ بگرە.

**هاملێت:** وا دەکەم.

**تارمایی:** وا خەریکە کاتی چوونەوەم دادێت
کە دەبێت خۆم بدەمە دەست
گڕی گۆگرداوی و ئازاربەخش.

**هاملێت:** ئای، ئەی تارمایی بەسەزمان!

**تارمایی:** دڵت پێم نەسووتێت، بەڵام بە جەرگسۆزییەوە گوێ بگرە
لەوەی بۆتی ئاشکرا دەکەم.

**هاملێت:** قسە بکە، من ئامادەی گوێگرتنم.

**تارمایی:** کەواتە تۆ ئامادەیت تۆڵە بسەنیتەوە، هەرکە گوێ بیست بوویت.

**هاملێت:** چی؟

**تارمایی:** من ڕۆحی باوکی تۆم
چارەنووسم وایە چەند ساتێک لە شەودا پیاسە بکەم،

دەبێت بەرۆژیش بە برسێتی لەناو ئاگردا ئازار بدرێم
تاکو ئەو تاوانە خراپانەی لە ژیانمدا کردوومن
دەسووتێن و لێیان پاک دەبمەوە. خۆ ئەگەر لێم قەدەغە نەکرابووایە
نهێنییەکانی زیندانخانەکەم بگێڕمەوە،
دەمتوانی چیرۆکێکی وات بۆ ئاشکرا بکەم کە وشە سادەکانی
رۆحت بکێڵێت و خوێنی گەنجانەت بتەزێنێت،
وا لەهەردوو چاوەکانت بکات وەکو ئەستێرە لە خولگەکانیان بێنە دەر و
گڵوازە تێک ئالاو و پێکەوەنووساوەکانت وا لێ بکات
کە هەر دانە مووێکیان قیت بوەستن
وەکو پەڕی سیخوڕێکی رق هەڵساو.
بەڵام ئەم نهێنییە ئەبەدییەی نابێت
بە گوێی کەسانی مرۆک دا بچرپێنرێت. – گوێ بگرە، گوێ بگرە، ئادەی گوێ بگرە! –
ئەگەر هیچ جارێک باوکی هێژای خۆتت خۆشویستووە –
**هاملێت:** ئەی خودایە!
**تارمایی:** تۆڵەی کوشتنە هەرە نائاساییی و خراپەکەی بسەنەوە.
**هاملێت:** کوشتن!
**تارمایی:** کوشتنێکی هەرە خراپ، تەنانەت باشترین کوشتنیش هەر خراپە.
بەڵام ئەمەیان هەرە خراپ و سەیر و نائاساییە.



**هاملێت:** خێراکە، با بیزانم، خۆزگە باڵەکانم خێرایی
بیر یان بیرکردنەوەی خۆشەویستییان هەبوایە
تا راپێچیان کردبام بۆ تۆڵەسەندنەوە.
**تارمایی:** من دەبینم تۆ ئامادەیت،
بەڵام دەبێ تۆ لەو گژوگیا زلحۆیانەی
کە رەگەکانیان بەناو ئاوی کەنارەکانی رووباری (لیسە)(*) داچووە
مردۆختر بیت ئەگەر ئەو قسانەم نەتبزوێنێت. ئێستا (هاملێت) ببیسە،
وا بڵاو کراوەتەوە کاتێک من لەناو باغەکەمدا خەوتبووم،
مارێک پێیەوە داوم، جا هەموو گوێچکەکانی دانیمارک
بەم گێڕانەوە هەڵبەستراوەی مردنی من
لەخشتەبراوە. بەڵام بیزانە، ئەی گەنجی جوامێر،
ئەو مارەی بە گیانی باوکتیەوە داوە
ئێستا تاجی شاهانەی کردۆتە سەر.
**هاملێت:** ئای رۆحی پێشبینیکەرم!
بڵێ مامم بوو!
**تارمایی:** بەڵێ ئەو ئاژەڵە داوێن پیس و گان حەرامە،
بەبیرە جادووگەرانەکەی و بە بەهرە خیانەتکارانەکەی –
ئای مێشک و بەهرەی خراپ، کە هێزی ئەوەیان هەیە
فریوی خەڵک بدەن! – بۆ مەبەستی ئارەزووی سێکسی،

(*) رووباری لەبیرچوونەوەیە لەناو دۆزەخدا. (وەرگێڕ).

بەمەش توانی ویستی شاژنە گوایە هەرە چاکەکەم بەدەست
بهێنێت.
ئەی هاملێت، چ رووخان و هەرەسێک لەوێ رووی داوە!
خۆشەویستی ئەو بۆ من مایەی سەربەرزی بوو
کە تەنانەت شانبەشانی ئەو سوێندە دەڕۆیشت
کە من لەکاتی خواستنیدا خواردبووم، دواتریش بکەوێتە
باوەشی
خوێڕییەک، کە بەهرە سروشتییەکانی
لە هی من کەمتر بوو!
بەڵام چاکی، کە هەرگیز نابزوێت
ئەگەرچی خراپەش لەشێوەیەکی ئاسمانیدا خۆی بنوێنێت،
ئارەزووی سێکسیش، ئەگەر بە فریشتەیەکی ئاسمانی
درەوشاوەش بەسترابێتەوە،
خۆی لەناو نوێنی ئاسمانیدا تێروپڕ دەکات،
کەچی لەسەر گوفەکدا راوی نێچیر دەکات.
بەڵام هێواشکە، وابزانم بۆنی هەوای بەیانیان دەکەم،
با من کورتی بکەمەوە. – کە لەناو باغەکەمدا نوستبووم
وەکو راهاتووم هەمیشە لەدوای نیوەڕۆیان بخەوم،
لەو ساتە ئاسوودەیەدا مامەت بەدزی هات و
ئاوگێکی رەشی ئەبەنووسی لە شووشەیەکدا هێنا و
کردییە ناو کونەکانی گوێچکەکانم،
ئەم دڵۆپە گڕووکەرانە، کاریگەرییەکەی
هێندە لەگەڵ خوێنی مرۆڤ دوژمنە




کە بەخێرایی جیوە بەناو
کون و کەلەبەرەکانی لەشدا دەڕوات
تین و هێزێکی وایە هەردەڵێی دڵۆپە تێنووەکانی سزکە
بڕژێنرێتە ناو شیر، ئەو خوێنە شل و
تەندروستە دەمەیێنێت. ئەمە وای لە خوێنی من کرد،
هەریەکسەر وای کرد پێستەم تلۆق بکات،
بەچەشنی پێستی گڕووان، ئەو قەتماغە پیس و بێزەوەرانەش
سەرتاپای لەشە لووسەکەمی داپۆشی.
ئەوە منی خەوتوو بووم بەدەستی براکەم
لە ژیان، لە تاج و لە شاژن بێ بەری کرام.
ئەو منی لە ترۆپکی گوناهەکانمدا کوشت و
بەبێ دانپیانان، بەبێ قوربانیدان و بەبێ چەورکردن،
بەبێ حیساب منی رەوانەی رۆژی حیساب کردو
ئەو هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەی لەسەرم بارکرد.
ئەگەر تۆ هیچ هەستێکی سروشتیت هەیە، رێگای لێ مەگرە،
لێمەگەڕێ نوێنی شاهانەی دانیمارک
ببێتە جێگای بەزم و رەزمی رابواردن و گان حەرامی نەفرەتی.
بەڵام، هەر چۆنێک ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنیت،
مێشکت پیس مەکە و لێمەگەڕێ رۆحت
هیچ شتێک لەدژی دایکت بکات. ئەو بۆ ئاسمان جێ بهێڵە و
بۆ ئەو دڕکانەی کە لە سینەیدا رادەچن
تاوەکو تێی بچەقن و ئازاری بدەن. هەر ئێستا خواحافیز!
گوڵەستێرە ئەوەم بۆ دەردەخات کە بەیانی نزیک بووەتەوە،

گڕی ئاگری ئەویش وا کز دەبێتەوە.
خواحافیز، خواحافیز! خواحافیز! لەبیرم مەکە. (دەڕوات)
**هاملێت:** ئەی فریشتەکانی ئاسمان! ئەی زەوی! چی تریش؟
ئەرێ دۆزەخیشی بخەمە پاڵ؟ – بەنەفرەت بێت! – دڵت راگرە، رایگرە،
تۆش، ئەی ماسوولکەکانم، یەکسەر پیر مەبن،
بەڵکو توند رامگرن. – لەبیرت نەکەم!
ئای، ئەی تارمایی بەسەزمان، تا ئەوکاتەی بیر جێگای هەبێت
لەناو ئەو جیهانە شێواوەدا. لەبیرت ناکەم!
بەڵێ، لەسەر تەختەی بیرمدا
من هەموو تۆمارکراوێکی گەوجانە دەسڕمەوە،
هەموو پەندی کتێبان، هەموو وێنەکان، هەموو سەرنجەکانی رابردوو،
کە گەنجێتی و سەرنجدان لەوێ تۆماری کردبن،
تەنیا هەموو فەرمانێکی تۆ لەوێدا
لەناو کتێب و پەڕبەندەکانی مێشکمدا دەژیت،
تێکەڵ بە شتی بێ بەهاتری ناکەم. بەڵێ، ئا بەخوای! –
ئۆ ئەی ژنی فەوتێنەر!
ئۆه، ئەی نامەرد، نامەردی بزەدار، نامەردی نەفرەتی!
جێی خۆیەتی لەسەر تەختەکانی مێشکمدا تۆماریان بکەم،
رەنگە کەسێک بزەشت بۆ بکات، بزەش بکات و نامەردیش بێت،
بەلای کەمەوە دڵنیام لە دانیمارک ئەوە وایە. (دەنووسێتەوە)
بڵێ مامە، ئەوە تۆیت. بەڵام ئێستا وشەی نهێنی من



ئەوەیە "خوا حافیز، خوا حافیز! لەبیرم مەکە."
وا سوێندم بەوە خوارد.
**هۆراشیۆ** (لەناوەوە): گەورەم، گەورەم –
**مارسیلیەس** (لەناوەوە): هاملێتی سەروەرم! –
**هۆراشیۆ** (لەناوەوە): خوا ئاگای لێی بێت.
**هاملێت:** خوا بکا!
**هۆراشیۆ** (لەناوەوە): هەلاو، هۆو، گەورەم.
**هاملێت:** هەلاو، هۆی، هۆی، کورە! وەرە، ئەی باڵندە، وەرە.
(هۆراشیۆ و مارسیلیەس دێنە ژوورەوە)
**مارسیلیەس:** چۆنیت، گەورەی جوامێرم؟
**هۆراشیۆ:** گەورەم، چی هەیە؟
**هاملێت:** ئۆ، سەرسوڕمێنە!
**هۆراشیۆ:** گەورەی چاکم، پێمان بڵێ.
**هاملێت:** نەخێر، ئاشکرای دەکەن.
**هۆراشیۆ:** گەورەم، سوێند بەخوا، من نایکەم.
**مارسیلیەس:** منیش نا، گەورەم.
**هاملێت:** ئینجا چی دەڵێن؟ ئەرێ ئەوە بە مێشکی(*) هیچ کەسێک دادێت؟ –
ئێوە نهێنییەکە بەکەس ناڵێن؟
**هۆراشیۆ و مارسیلیەس:** بەڵێ، ئا بەو خودایە، گەورەم.
**هاملێت:** هەرگیز نامەردێک نییە لەهەموو دانیمارک دا بژیت –

(*) لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە (بەدڵی). (وەرگێڕ)

و خوێڕییەکی هیچ و پووچ نەبێت.

**هۆراشیۆ:** گەورەم، ئەوە پێویستی بەوە نییە کە تارماییـیەک لە گۆڕ
بێتە دەر و
ئەوەمان پێ بڵێت.

**هاملێت:** راستە، بەخودای راستە،
جا بەبێ هیچ جۆرە رەسمیاتێک
من بە شتێکی چاکی دەزانم دۆقە بکەین و جیا ببینەوە.
ئێوە وەک کارو ئارەزووەکانتان ئاراستەتان دەکات –
چونکە هەر مرۆڤێک کار و ئارەزووی خۆی هەیە،
ئەوە خۆی وایە – سەبارەت بە بەشە هەژارانەکەی خۆمەوە،
بڕوانن، من دەچم بۆ نوێژکردن.

**هۆراشیۆ:** گەورەم، ئەوانە قسەی کێوییانە و گێژو وێژن.

**هاملێت:** من لەدڵەوە پێم ناخۆشە کە هەستی ئێوەم بریندار کردووە،
بەڵێ، بەڕاستی لەدڵەوە پێم ناخۆشە.

**هۆراشیۆ:** گەورەم، ئەمە هیچ جۆرە هەست بریندارکردنێکی تێدا نییە.

**هاملێت:** بەڵێ، بە (حەزرەتی پاتریک)(*)، بەڵام، هۆراشیۆ، ئا لێرە
هەستی زۆر کەس بریندار کراوە. لەبارەی ئەوەی لێرە بینیمان
دەبێ ئەوەتان پێ بڵێم کە تارماییەکی راستگۆیە،
جا لەبەرئەوەی حەز دەکەن بزانن چی لەنێوان ئێمەدا هەیە،
ئەگەر بتانەوێت دەتوانن بیزانن. ئێستا، برادەرانی چاکم،
چونکە ئێوە برادەر و خوێندەوار و سەربازن
تاقە داواکارییەکی هەژارانەم لێتان هەیە.

---

(*) ئەو پیاوچاکە، پیاوچاکی هەڵەکردن و سەرلێشێواوییە. (وەرگێڕ)



**هۆراشیۆ:** چییە، گەورەم؟ ئێمە دەیکەین.

**هاملێت:** ئەوەی ئیمشەو بینیتان ئاشکرای مەکەن.

**هۆراشیۆ و مارسیلیەس:** گەورەم، ئاشکرای ناکەین.

**هاملێت:** نەخێر، سوێند بخۆن.

**هۆراشیۆ:** بەخودای گەورە من ئاشکرای ناکەم.

**مارسیلیەس:** بەخودای گەورە منیش نا.

**هاملێت:** لەسەر دەسکی شمشێرەکەم(*) سوێند بخۆن.
(شمشێرەکەی دەردەکێشێت و بۆیان رادەگرێت)

**مارسیلیەس:** گەورەم، ئێمە پێشتر سوێندمان خوارد.

**هاملێت:** ئەوەی راستی بێت، دەمەوێت لەسەر شمشێرەکەم سوێند بخۆن.

**تارمایی** (لەژێر تەختەی شانۆوە بانگ دەکات): سوێند بخۆن

**هاملێت:** ئەها، کوڕینە! تۆ وا دەڵێیت؟ تۆ لەوێیت، ئەی برادەری راستگۆ؟ –
وەرن! وا دەبیستن کە ئەو برادەرەی ئەو ژێرزەمینە –
رازی بن بەسوێند خواردن.

**هۆراشیۆ:** گەورەم، سوێندەکەت دیاری بکە.

**هاملێت:** هەرگیز ئەوەی بینیوتانە باسی مەکەن.
سوێند بە شمشێرەکەم بخۆن.

**تارمایی** (لەژێرەوە): سوێند بخۆن.

**هاملێت:** لێرە و لە هەموو جێگایەکیت؟ جا ئێمە جێگای خۆمان دەگوازینەوە. –

---

(*) چونکە دەسکی شمشێر وەکو خاچ وایە. (وەرگێڕ)

جوامێران، وەرنە ئێرە.
(ئەوان بەرەو لایەکی دی تەختەی شانۆ دەچن)
دیسان دەستتان بخەنە سەر دەسکی شمشێرەکەم،
هەرگیز ئەوەی بیستتان بە کەسی مەڵێن،
بە شمشێرەکەم سوێند بخۆن.

**تارمایی** (لەژێرەوە): سوێند بخۆن.

**هاملێت:** ئافەرین، ئەی پیرە جورجەکوێرە! چۆن دەتوانیت بەم خێرایییە لەژێرزەوی کار بکەیت؟
ئەی زەوی هەڵکەنی هێژا!– با دیسان بگوازینەوە، ئەی برادەرە چاکەکانم.

**هۆراشیۆ:** ئۆه لە رۆژدا یان لە شەودا، ئەمە زۆر بەسەرسورمێنییەوە سەیرە.

**هاملێت:** جا بۆیە وەک کەسێکی سەیر پێشوازی لێ بکەن.
هۆراشیۆ، لە ئاسمان و زەویدا شتی پتر هەن
لەوەی کە فەلسەفەی تۆ خەونی پێوە دەبینێت.
بەڵام، وەرن!
جا لێرەدا، هەرگیز وەکو جاران، خوا یارمەتیم بدات
هەرچەندە من سەیر و سەمەرە خۆم دەربخەم –
کە رەنگە دواتر من بیر لە کردنیان بکەم و
روخسارێکی سەیر بنوێنم –
کە ئێوە لەو کاتانەدا دەمبینن، هەرگیز
بە قۆڵی تێک پەڕیوتان بەم شێوەیە، یان بەسەری لەقێنراوتان،
یان بە گوتنی هەندێک دەستەواژەی گوماناوییەوە،



وەک "باشە، باشە، ئێمە دەزانین،" یان "ئێمە دەتوانین، ئەگەر بمانەوێت،"
یان "ئەگەر بمانەوێت قسە بکەین، " شت هەیە ئەگەر رێمان بدرێت "،
یان دەربڕینی وا ئاڵۆزاوی کە سەرنجی خەڵکی رابکێشێت
کە ئێوە شتێک لەبارەی منەوە دەزانن، وا نەکەن،
یاخوا چاکە و بەزەیی خودا کە یەکجار پێویستمانە بەشمان بێت.
سوێند بخۆن.

**تارمایی** (لەژێرەوە): سوێند بخۆن. (ئەوان لەسەر مشتووی شمشێرەکەی هاملێت سوێند دەخۆن)

**هاملێت:** ئارام بگرە! پشوو بدە! ئەی رۆحی خەمناک!
– جا جوامێران،
من بە هەموو خۆشەویستییەکەوە رێزتان دەگرم و
وای هاملێت چ مرۆڤێکی بەسەزمانە کە
خۆشەویستی و هاورێیەتی بۆ ئێوە دەردەبڕێت.
پەنا بە خوا، لەمەدا کەم و کوڕی نابێت، با پێکەوە بچینە ناوەوە،
من داواتان لێ دەکەم هێشتاش پەنجەکانتان با لەسەر لێوەکانتان بێت.
کاتەکە لەبەریەک ترازاوە. – ئای بارودۆخی نەفرەتاوی،
من بۆ ئەوە هاتوومەتە دونیا رێکی بخەمەوە بەتەواوی! –
ئادەی، وەرن با پێکەوە بڕۆین.
(دەڕۆن)

# پەردەی دووەم

## دیمەنی یەکەم

*قەلای ئێلسینۆر: ژوورێک لەناو خانووەکەی پۆلۆنیەس.*
*پۆلۆنیەس و ریناڵدۆ دێنە ناوەوە.*

**پۆلۆنیەس:** ریناڵدۆ، ئەو پارە و کاغەزانەی پێ بدە.
**ریناڵدۆ:** گەورەم، وادەکەم.
**پۆلۆنیەس:** ئەی ریناڵدۆی چاک، کارێکی باش دەکەیت
ئەگەر پێش ئەوەی سەردانی بکەیت لە رەفتاری بپرسیت.
**ریناڵدۆ:** گەورەم، بەڕاستی منیش نیازم وابوو.
**پۆلۆنیەس:** بەخوا چاکت گوت، زۆر چاکت گوت. بڕوانە، بەڕێزم،
سەرەتا دەربارەی دانیمارکییەکانی پاریس پرسیار بکە،
بزانە ئەوان کێن، چۆنن و چی دەکەن و لە کوێ دەژین،
هاوڕێی کێن، خەرجیان چەندە، جا دوای ئەوەی
بەو جۆرە پرسیارە پەناوپێچاوییانەوە ئەوەت زانی
ئەوان کوڕەکەم دەناسن، تۆ ئەوسا بەم رێگایە
لە بابەتەکە نزیکتر دەبیتەوە لەوەی بەتایبەتی داوای زانیاری بکەیت.
ئینجا وا دەربخە کە تۆ لەدوورەوە ئەو دەناسیت،



وەکو ئەوەی "من باوک و برادەرەکانی دەناسم و
تۆزێک ناسیاویشم لەگەڵ ئەودا هەیە." ئەرێ لەمە گەیشتی، ریناڵدۆ؟
**ریناڵدۆ:** بەڵێ، گەورەم، زۆر بەچاکی.
**پۆلۆنیەس:** دەتوانیت بڵێیت "کەمێک ناسیاویم لەگەڵی هەیە – بەلام زۆر بەباشی نا،
بەلام ئەگەر ئەم ئەو کەسە بێت کە من مەبەستمە، ئەو گەنجێکی زۆر هەڵەشەیە،
خدووی بەمە و بەمەوە گرتووە "– دەتوانیت هەرچی بوختانێک
حەزت لێ بێت پێی بکەیت، بەلام وریابە نابێت هێندە زل بێت
کە ئابڕووی ببەیت، ئاگات لەمە بێت،
بەلام بەڕێز، ئەو جۆرە هەڵەشەیی و بێ پەتکی و چەوتییە شتی ئاساین
وەک هەستی پێ دەکەین و هەموو لایەک دەیزانین
ئەمانە هاوڕێی گەنجێتی و ئازادین.
**ریناڵدۆ:** گەورەم، بۆ نموونە، شتی وەک قوماربازی.
**پۆلۆنیەس:** بەڵێ، یان خواردنەوە، شمشێربازی، جنێودان،
دەمەقالێ کردن، مێبازی – دەتوانیت تا ئەوەندە بڕۆیت.
**ریناڵدۆ:** گەورەم، ئاخر ئەمە ئابڕووی دەبات.
**پۆلۆنیەس:** لە راستیدا، نابیات، ئەگەر تۆ بەنەرمی تۆمەتەکانی بڵێیت.
نابێت تۆ هیچ خراپەیەکی تری بخەیتەپاڵ،
وەک ئەوەی ئەم زۆر داوێن پیسە،

ئەوە مـــەبەســـتی من نـیـیــە. بـەڵام خــراپـەکــانی ئـەو هێندە
بەزیرەکییەوە بڵێ
کە وا دەربکەون ئەوانە خەوشی ئازادین،
ترووسکە و تەقینەوەی مێشکێکی ئاگراوین،
دڕندەیی خوێنێکی دەستەمۆنەکراون
کە بەڕاستی لەناو گەنجاندا هوروژم دەکەن.

**ریناڵدۆ:** بەڵام، گەورەی چاکم –

**پۆلۆنیەس:** بۆ دەبێ تۆ وابکەیت؟

**ریناڵدۆ:** ئا، گەورەم،
پێم خۆشە بیزانم.

**پۆلۆنیەس:** بەڕێزم، بەخودای ئەمە مەبەستی منە،
من باوەڕم وایە ئەمە فێڵێکی ڕێپێدراوە.
تۆ ئەم خەوشە بچووکانە بدەیتە پاڵ کوڕەکەم
وەک ئەوە وایە ئەو بەم شتانە کەمێک پیس ببێت،
بڕوانە، ئەو کەسەی کە تۆ قسەی لەگەڵ دەکەیت، وا پێدەچێت
ئەگەر ئەو ئەم جۆرە تاوانە ناوبراوانەی لەم دیبێت
کە ئەو گەنجەی پێ گوناهبار دەکەیت، دڵنیابە
ئەو لە ئەنجامدا لەو بارەیەوە لە تۆ نزیک دەبێتەوە،
"بەڕێزی چاکم " یان شتی وا، یاخود "برادەر " یان "جوامێر" –
بەگوێرەی ئەو قسە یان نازناوانەی
پیاوان و وڵاتەکەی خۆی لە تۆ دێتە پێش.

**ریناڵدۆ:** گەورەم، زۆر باشە.



**پۆلۆنیەس:** ئینجا، ئەوسا، بەڕێزم، ئەو وادەکات– ئەرێ من دەمەویست
چ بڵێم؟ – بەخودای من دەمەویست
شتێک بڵێم – من گەیشتبوومە کوێ؟

**ریناڵدۆ:** گەیشتبوویتە "لە ئەنجامدا لەو بارەیەوە لە تۆ نزیک دەبێتەوە"–
گەیشتبوویتە "برادەر " یان شتی وا و "جوامێر".

**پۆلۆنیەس:** ئا بەخودای، ئەو لە ئەنجامدا لەو بارەیەوە لە تۆ نزیک دەبێتەوە.
ئەو لە تۆ نزیک دەبێتەوە و دەڵێت: "من ئەو جوامێرەی دەناسم:
دوێنێ ئەوم بینی، یان ئەوێ ڕۆژێ،
یان ئەوسا و ئەوسا، لەگەڵ فلان و فلان دابوو، وەک دەڵێیت
"قوماربازی لەوێ دەکرا و ئەو بەدمەستی دەکرد
یان لە جێگای تێنسەکە شەڕی دەکرد " یان ڕەنگە بڵێت،
"بینیم دەچووە ناوماڵی ئافرەتی لەشفرۆش" –
قەحپەخانە – یان شتی دیکەش.
ئێستا دەبینیت،
چۆن بە چەشەیەکی ساختە ڕاوی ماسی ڕاستەقینە دەکەیت.
جا ئێمەی ژیر و دەسەڵاتدار
بەڕێگای وەها پەناوپێچ و لاخوارییەوە
بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ شتی ڕاستەوخۆ دەدۆزینەوە.
جا لە ڕێگای ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشترم
ڕاستی کوڕەکەم دەزانیت. وایە، یان وانییە؟

**ڕیناڵدۆ:** گەورەم، وایە.

**پۆلۆنیەس:** خوات لەگەڵ بێت و خواحافیز.

**ڕیناڵدۆ:** خواحافیز، گەورەم.

**پۆلۆنیەس:** بەخۆت ئارەزووەکانی بزانە.

**ڕیناڵدۆ:** گەورەم، وادەکەم.

**پۆلۆنیەس:** لێی گەڕێ بۆ خۆی چۆنی پێخۆشە با وا بیژەنێت.

**ڕیناڵدۆ:** باشە، گەورەم.

**پۆلۆنیەس:** خوات لەگەڵ. (ڕیناڵدۆ دەچێتە دەرەوە)

(ئۆفیلیا دێتە ناوەوە)

ئێستا ئۆفیلیا پێم بڵێ باسوخواس چییە؟

**ئۆفیلیا:** ئۆهـ، گەورەم، گەورەم من بەڕاستی ترساوم.

**پۆلۆنیەس:** بۆ خاتری خوا، لە چی؟

**ئۆفیلیا:** گەورەم، کاتێک لە کونجەکەی خۆمدا دورمانم دەکرد،
(هاملێت)ی شازادە، دوگمەی کراسەکەی سەرلەبەر کرابۆوە،
شەپقەی لەسەر نەنابوو، گۆرەوییەکانی پیس و پۆخڵ بوون،
نەیبەستابوون و بەسەر گۆزینگییەوە شۆڕببوونەوە،
ڕەنگی وەک ڕەنگی کراسەکەی بزرکابوو و ئەژنۆکانی پێک
دەکەوتن،
بە ڕوخسارێکی هێندە پڕ بەزەییەوە
دەتگوت لە دۆزەخ ئازاد کراوە
تاکو باسوخواسی مەترسییەکانی دۆزەخ بگێڕێتەوە – ئاوها
هاتە بەردەمم.



**پۆلۆنیەس:** کەواتە لەتاو خۆشەویستیت شێت بووە؟

**ئۆفیلیا:** گەورەم، نایزانم،
بەڵام، لە ڕاستیدا، من لێی دەترسم.

**پۆلۆنیەس:** ئەو چی گوت؟

**ئۆفیلیا:** ئەو مەچەکی گرتم و توندی گوشی.
ئینجا یەک باڵ لێم دوورکەوتەوە،
دەستەکەی تری – ئاوا – لەسەر نێوچەوانی ڕاگرت،
ئینجا هێندە بەوردی لە دەموچاوم ڕاما
دەتگۆت دەیەوێت وێنەی بکێشێت. ئەو ماوەیەکی درێژ وا مایەوە.
لە کۆتاییدا، بەنەرمی قۆڵی ڕاتەکاندم،
سێ جارانیش ئاوا سەری بەرز و نزم کردەوە،
هەنسکێکی هێندە پڕ بەزەیی و قووڵی هەڵکێشا،
بەڕاستی پێدەچوو هەموو جەستەی ورد و خاش بکات و
کۆتایی بەبوونی بهێنێت. کە وای کرد، ئینجا لێگەڕا بڕۆم،
دواتر سەری لەسەر شانی سووڕاندەوە،
پێدەچوو ڕێگاکە بەبێ چاوەکانی بدۆزێتەوە،
تا دواساتیش، تیشکی نیگاکانی ئاراستەی من کردبوو.

**پۆلۆنیەس:** وەرە، بەگەڵم بکەوە، من دەچم بەدوای شادا دەگەڕێم.
ئەمە ڕێک شێتایەتی خۆشەویستییە،
بەم ڕەفتارە تووندوتیژەی خۆی دەفەوتێنێت،
ویستەکەی بەرەو کرداری نائومێدانەی داژوات،
جا وەکو هەر سۆزێکی دیکەی سەرزەمین

سروشتمان پێ گرفتار دەکات. من بەداخەوەم.
ئەرێ تۆ بەم دواییانە هیچ قسەیەکی ڕەقت پێی نەگوتووە؟
**ئۆفیلیا:** نەخێر، ئەی گەورەی چاکم، بەڵام وەک تۆ فەرمانت پێ کردبووم،
من بەرپەرچی نامەکانیم دایەوە و
ڕێم نەدا بە من بگات.
**پۆلۆنیەس:** هەر ئەمەیە شێتی کردووە. –
من بەداخەوەم کە بە ئاگاداری و بڕیاری باشترەوە
سەرنجی ئەوم نەدابوو. من لەوە ترسام ئەو فشەت پێ بکات و
بیەوێت زیانت پێ بگەیەنێت، بەڵام هەی نەفرەت لەو دڵپیسییەم بدات!
وا پێدەچێت ئەمە ڕاست بێت کە لە تەمەنی پیریماندا
ئێمە بچینە ئەودیوی بیروڕاکانمان،
هەروەک چۆن ئەوە ئاساییە گەنجان
لە ژیری بێ بەش بن.وەرە، با بچینە لای شا،
شا دەبێت ئەمە بزانێت، چونکە ڕەنگە شاردنەوەی شتگەلی وا
خەفەتی پتری لێ بڕسکێت لەوەی ڕقمان ئەوینی پێ دەرببڕێت
بە خوا.
دەی وەرە.

(دەڕۆن)



## دیمەنی دووەم

*(ژوورێکی ناو قەڵاکە)*
*شا و شاژن و رۆزینکرانتز و گێڵدنستێرن و*
*یاوەرانیان دێنە ناوەوە.*

**شا:** بەخێر بێن (رۆزینکرانتز و گێڵدنستێرن)ی خۆشەویست!
وێڕای ئەوەی کە ئێمە زۆر بەپەرۆش بووین بۆ دیتنتان،
پێویستیمان بە خزمەتی ئێوە وای لێ کردین
پەلە بکەین لە لەدواناردنتان. ئێوە شتێکتان
لەبارەی گۆڕانی (هاملێت) بیستووە، من وای ناو دەنێم،
چونکە نە روخساری دەرەکی و نە لایەنە ناوەکیەکەی ئەو مرۆڤە
لەوەی پێشتری دەچن. دەبێت چی بێت
لە مەرگی باوکی بەولاوەتر، کە وای لەو کردووە
کە بەخۆشی لەخۆی تێ نەگات،
من جگە لەمە بیرم بۆ هیچی تر ناچێت. من داوا لە هەردووکتان دەکەم،
چونکە هەر لە رۆژانی زووەوە ئێوە پێکەوە گەورە بووینە،
لەبەرئەوەش کە لە رووی گەنجی و رەفتارەوە لەو نزیکن،
کە دڵنەرمانە رازی بن بە مانەوەتان لەناو دەرباری ئێمەدا
بۆ ماوەیەکی کەم، تاکو بە هاوڕێیەتیتان
ئەو بۆ بەزم و خۆشی رابکێشن و چەندی بۆتان کرا
ئەو دەرفەتانە بقۆزنەوە بۆ کۆکردنەوەی

زانیاری لەبارەی ئەو شتەی ئازاری ئەو دەدات و ئێمە نایزانین،
چونکە ئەگەر بیزانین ئەوا تواناما‌ن دەبێت چارەسەری بکەین.

**شاژن:** جوامێرە خاسەکان، ئەو زۆر باسی ئێوەی کردووە،
من دڵنیام دوو مرۆڤ لە دونیادا نین
کە هێندەی ئێوە و ئەو هۆگری یەکتر بووبن. جا گەر پێتان خۆشە
کە ڕێز و نیازچاکیتان دەربخەن
بەوەی کە ماوەیەک کاتی خۆتان لەگەڵ ئێمە بەسەر ببەن،
بۆ یارمەتیدان و سوود گەیاندن بە هیوای ئێمە،
سەردانی ئێوە لەلایەن ئێمەوە بەجۆرێکی وا سوپاس دەکرێ
کە لەیادی شایەکەمان بوەشێتەوە.

**ڕۆزینکرانتز:** ئێوەی سەروەر
بەو هێزە شاهانەیەی کە هەتانە، دەتوانن
حەزی سەنگینتان بکەنە فەرمان
نەک تکا لێکردن.

**گیڵدنستێرن:** بەڵام ئێمە هەردووکمان گوێڕایەڵ دەبین و
هێندە بەتەواوی خۆمان دەخەینە خزمەتتان و خۆ دەچەمێنینەوە
کە خزمەتەکانمان ئازادانە بخەینە ژێر پێتان و
فەرمانمان پێ بکەن.

**شا:** سوپاس (ڕۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن)ی جوامێر.

**شاژن:** سوپاس (گیڵدنستێرن و ڕۆزینکرانتز)ی جوامێر.
جا تکاتان لێ دەکەم دەستبەجێ
سەردانی کوڕە یەگجار گۆڕاوەکەم بکەن. – (بۆ یاوەرەکە)





یەکێک لە ئێوە بچێت
ئەو جوامێرانە بباتە ئەو شوێنەی (هاملێت)ی لێیە.

**گیڵدنستێرن:** خودا وابکات هاتن و کاری ئێمە
ئەو دڵخۆش بکات و یارمەتی بدات.

**شاژن:** ئامین!

(ڕۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن و هەندێ یاوەر دەڕۆن)

(پۆلۆنیەس دێتە ناوەوە)

**پۆلۆنیەس:** ئەی سەروەری چاکم، باڵوێزەکانمان لە نەرویجەوە
بە خۆشی گەڕاونەتەوە.

**شا:** تۆ هەمیشە سەرچاوەی هەواڵە خۆشەکانیت.

**پۆلۆنیەس:** بەڕاست، سەروەرم؟ ئەی پشتیوانی چاکم، با دڵنیاتان بکەمەوە
من ئەرکی خۆم وەکو ڕۆحم دەپارێزم،
هەردووکیشیان بۆ خودا و شای بەخشندەمانە.
من بڕوام وایە – دەنا ئەو مێشکەی من
ناتوانێت وا بەدڵنیاییەوە بەدوای ڕێچکەی سیاسەت بکەوێت
وەک چۆن هەموو دەم هەر وا بووە – کە توانیووە
هۆی ڕاستەقینەی شێتی هاملێت بدۆزمەوەمە.

**شا:** ئۆه، باسی ئەمەم بۆ بکە، من تامەزرۆی بیستنی ئەمەم.

**پۆلۆنیەس:** یەکەمجار لێگەڕێ با باڵیۆزەکان بینە ژوورەوە،
هەواڵەکەی من دەبێتە میوەی دوای ئەو شایلۆغانە مەزنە.

**شا:** تۆ بەخۆت بەخێریان بهێنە و بیانهێنە ژوورەوە.

(پۆلۆنەیس دەڕوات)
ئەی (گێرترود)ی مەزن، ئەو پێم دەڵێت
ئەو سەرو سەرچاوەی هەموو تێکچوونەکەی کوڕەکەتی دۆزیوەتەوە.

**شاژن:** من گومانی ئەوە دەکەم هۆی سەرەکی لەمە بەولاوە هیچی تر نییە:
مردنی باوکی و زەماوەندە یەگجار بەپەلەکەی ئێمە.

**شا:** باشە، ئێمە بەچاکی لێی ورد دەبینەوە.
(پۆلۆنیەس لەگەڵ ڤۆڵتیماند و کۆرنیلیەس دێتە ژوورەوە)
بەخێر بێن، ئەی برادەرە چاکەکانم!
ڤۆڵتیماند پێم بڵێ چیت لە براکەی نەرویجمانەوە پێیە؟

**ڤۆڵتیماند:** وەڵامێکی زۆر چاکی سڵاو و حەزە باشەکانتان.
هەر زوو دوای یەکەم دیدار، ئەو فەرمانی
بەرزەفتکردنی سوپای برازاکەی دەرکرد، کە ئەو وای دەزانی
لە خۆئامادەکردندایە دژی پۆڵەندییەکان،
بەڵام کاتێک باشتر لێی وردبۆوە، بەراستی ئەوەی بۆ دەرکەوت
کە دژی بەڕێزتانە، بەمەش زۆر خەمی خوارد –
چونکە لەبەر نەخۆشی، پیری، لاوازییەکەی
وەها خراپ هەڵیان خەڵەتاندووە – جا فەرمانی دەرکرد
بۆ وەستاندنی سوپا، کە بەکورتی دەڵێم، فۆرتینبراس بەقسەی دەکات،
ئینجا لەلایەن شای نەرویجەوە سەرکۆنەی کرا و بە باشی



لە پێش مامەی سوێندی خوارد کە هەرگیز جارێکی تر
هەوڵی ئەوە نەدات لەشکر لەدژی جەنابتان ئامادە بکات.
شایە پیرەکەی نەرویج، لە خۆشی ئەمەوە،
سالانە سێ هەزار لیرەی زێڕ مووچەی بۆ بڕییەوە،
ئەو مووچەیەش بۆ ئەوە بوو کە ئەو سەربازانەی
پێشتر بەم جۆرە ئامادەی کردبوو، دژی پۆڵەندییەکان بەکاریان بهێنێت،
لەگەڵ تکایەک کە لێرەدا بۆ ئێوە روونی کردۆتەوە (کاغەزێکی پێ دەدات)
ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێت بە هێمنی رێگای بدەن
بەناو قەڵەمڕەوەکەتاندا رەت ببێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە،
بەپێی ئەو مەرجانەی ئێوە پێی دڵنیا دەبن و
وا لێرەشدا تۆمار کراوە.

**شا:** ئێمە ئەوەمان زۆر بەدڵە،
جا لە کاتێکی گونجاودا نامەکە دەخوێنینەوە،
وەڵامی دەدەینەوە و بیر لەو کارە دەکەینەوە.
لە هەمان کاتدا ئێمە سوپاسی دەکەین بۆ چاک راپەڕاندنی ئەو کارە.
بڕۆن پشوو بدەن، ئیمشەو پێکەوە نان دەخۆین.
زۆر بەخێربێنەوە بۆ وڵات.
(ڤۆڵتیماند و کۆرنیلیەس دەڕۆنە دەرەوە)

**پۆلۆنیەس:** ئەم کارە بەباشی کۆتایی پێ هات.

سەروەرەکەم، خانمەکەم – ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین
کە شاهێتی دەبێ چۆن بێت، ئەرک دەبێ چی بێت،
بۆ رۆژ رۆژە، بۆ شەویش شەوە و کات کاتە،
ئەمە هیچ نییە و تەنیا شەو و رۆژ و کات بە فیڕۆدانە.
جا لەبەرئەوەی کورتبێژی رۆحی زیرەکییە و
درێژدادڕیش پەل و بەشە دەرەکییەکانین،
من بەکورتی دەیلێم: کوڕە نازدارەکەتان شێتە.
من دەڵێم شێتە، چونکە، تاوەکو پێناسەی شێتێتی راستەقینە بکەین،
چی تر نییە جگە لەوەی بڵێین شێتە؟
بەڵام با ئەوە وا بڕوات.

**شاژن:** بابەتی پتر و هونەرکاری کەمتر.

**پۆلۆنیەس:** خانم، سوێند دەخۆم من هیچ رواڵەتکارییەک بەکار ناهێنم.
ئەوە راستە کە ئەو شێتە، ئەوە راستە، ئەوەش جێی داخە،
جێی داخیشە کە ئەمە راستە، ئەمەش نموونەیەکی گەوجانەیە،
با ئەویش وا بڕوات، چونکە من هیچ رواڵەتکارییەک بەکار ناهێنم.
کەواتە با دان بەوەدا بنێین کە ئەو شێتە. ئێستا ئەوە دەمینێتەوە
ئەوە بدۆزینەوە هۆی ئەو ئەنجامە چییە –
یان باشترە بڵێم، هۆی ئەو تێکچوونە چییە.
چونکە ئەو ئەنجامە لە رێگای هۆیەکەوە تێکچووە.
ئەمە وا دەمینێتەوە، ئەوەی ماویشەوەتەوە وایە.



لێی ورد ببنەوە.
من کیژێکم هەیە – ئەو هی منە چونکە کچمە –
سەیرکەن، لەبەر دڵسۆزی و گوێڕایەڵی
ئەوەی داوەتە من. (نامەیەک دەردەهێنێت) ئێستا لێک بدەنەوە و بڕیار بدەن.
(نامەکە دەخوێنێتەوە) " بۆ پەرستراوی رۆحی و ئاسمانیم، ئۆفیلیای هەرە جوان "–
ئەمە دەربڕینێکی کرچ و کاڵە، دەربڕینێکی ناپوختەیە – "جوان" واژەیەکی دزێوە. بەڵام گوێ بگرن. ئا ئەوەیە:
(دەخوێنێتەوە) "لەناو سینە سپییە نازدارەکەیدا، ئەمانە و هی تر."

**شاژن:** ئەمە هاملێت بۆ ئەوی گوتووە؟

**پۆلۆنیەس:** خانمی چاک، کەمێک ئارام بگرە، من راستگۆ دەبم.
(دەخوێنێتەوە) "گومان لەوە بکە ئەستێرە ئاگرن،
گومان لەوە بکە خۆر بجوولێت،
گومان لە راستی بکە ببێتە درۆ،
بەڵام هەرگیز گومان لە خۆشەویستیم مەکە.
ئۆه، ئۆفیلیای خۆشەویست، من لە نووسینی ئەو شیعرانە خراپم، من بێ هونەرم
لە ژماردنی ناڵینەکانم. بەڵام من تۆم یەکجار خۆشدەوێت. ئۆه، ئەی هەرە نازدارەکەم، باوەڕم پێ بکە. خواحافیز.
هەمیشە دڵسۆز بۆ خانمە هەرە خۆشەویستەکەی
هەتا ئەو لاشەیەی هی ئەو بێت.
هاملێت."

کیژەکەم، لەبەر گوێڕایەڵی ئەوەی پێ نیشانداوم،
سەرەڕای ئەوەش، ئەو تکا و نزایەی کە لە کات و
ڕێگا و شوێنی جیا جیا لێی کردووە
بە گوێی منی سپاردووە.
**شا:** بەڵام کیژەکەت چۆن ئەو خۆشەویستییەی لەو پەسەند کردووە؟
**پۆلۆنیەس:** چۆن لە من دەگەیت؟
**شا:** وەکو مرۆڤێکی دڵسۆز و ئابڕوومەند.
**پۆلۆنیەس:** من پێم خۆشە وای بسەلمێنم. بەڵام ئێوە راتان چۆن دەبوو
کاتێک من ئەو خۆشەویستییە گەرمەم ببینیایە کە لە شەقەی
باڵدا بوو –
جا هەرکە هەستم پێ کرد، دەبێ پێتان رابگەیەنم،
پێش ئەوەی کیژەکەشم پێم بڵێت – ئێوە راتان چۆن دەبوو،
یان شاژنی سەروەری هێژامان کە لێرەیە، رای چۆن دەبوو
ئەگەر من رۆڵی مێز یان پەڕاوم لەو نێوانەدا ببینیبوایە،
یان بەدڵی خۆم بگوتایە چاو دابخات و لاڵ و بێدەنگ بێت،
یان بەسستی و بێباکی لەو خۆشەویستییەی بڕوانیبایە؟
ئێوە راتان چۆن دەبوو؟ نا. من راستەوخۆ دەست بەکار بووم و
ئاوا چووم و لەگەڵ خانمەکەی خۆم دوام:
"هاملێتی سەروەرمان شازادەیە، ئێوە لەیەک ئاستدا نین.
ئەمە نابێ وابێت." ئینجا من فەرمانم پێ کرد
خۆی لەژوورەوە بەند بکات و نەیەڵێت پێی بگات،
ڕێگا بە هیچ نێوانێک نەدات و دیاری لێ وەرنەگرێت.



کە ئەمەی کرد و بەرهەمی ئامۆژگارییەکانمی وەرگرت،
ئەو بەرپەرچ درایەوە – با چیرۆکەکە کورت بکەمەوە –
ئەو کەوتە ناو خەم و خەفەتەوە، ئینجا خواردنی لەخۆی گرتەوە،
دواتر شەونخوونی کێشا، پاشتر تووشی لاوازی هات،
پاشتر مێشک سووک بوون و دوای ئەم دابەزینەی
شێت بوو کە ئێستا لەناویدایە و وڕێنان دەکات و
ئێمەش هەمووومان خەفەتی لێ دەخۆین.
**شا** (بۆ شاژن): تۆ باوەڕت وایە کە ئەمە بێت؟
**شاژن:** زۆر رەنگە وابێت.
**پۆلۆنیەس:** حەز دەکەم ئەوە بزانم – ئەرێ هەرگیز ئەوە رووی داوە
کە من بەدڵنیاییەوە گوتبم "ئەمە وایە،"
دواتر دەرچووبێت کە بەجۆرێکی ترە؟
**شا:** من نەمزانیوە.
**پۆلۆنیەس** (نیشانە بۆ سەروشانی خۆی دەکات): ئەمە لەمە جیا بکەوە
ئەگەر بەجۆرێکی تر بوو،
گەر بارودۆخ لەبار بێت، من دەدۆزمەوە
کە راستی خۆی لە کوێ پەنا داوە، ئەگەرچی بەڕاستیش
خۆی لەناوەندی زەویدا حەشار دابێت.
**شا:** چۆن بتوانین ئەو مەسەلەیە زیاتر ساغ بکەینەوە؟
**پۆلۆنیەس:** ئێوە دەزانن، جار وایە ئەو چوار سەعات بەسەر یەکەوە
پیاسە دەکات، لێرە لەم ڕاڕەوەدا.
**شا:** هەر بەڕاستی ئەو وادەکات.

**پۆلۆنیەس:** لەکاتێکی وادا من کچەکەمی بۆ بەردەدەم،
ئەوسا ئێوە و منیش خۆمان لەپشت پەردە دەشارینەوە،
سەرنجی دیدارەکەیان دەدەین. ئەگەر ئەو ئەمی خۆش نەویست،
هەروا لەبەر خۆشەویستی ئەو مێشکی لە دەست نەدابێت،
چی دیکە لێ مەگەڕێ وەزیری دەوڵەت بم،
بەڵکو با خاوەن کێڵگە و گالیسکەدار بم.
**شا:** ئێمە ئەوە تاقی دەکەینەوە.
**شاژن:** ئا بڕوانن ئەم کلۆڵە بەسەزمانە چۆن بەکزییەوە
بەدەم شت خوێندنەوەوە بەرەو ئێرە دێت.
**پۆلۆنیەس:** تکاتان لێ دەکەم، دوور بکەونەوە، هەردووکتان دوور بکەونەوە.
من هەر ئێستا دەیدوێنم. – ئۆه، ڕێگام بدەن.
(شا و شاژن و یاوەرانیان دەڕۆن)
(هاملێت دێتە ژوورەوە کتێبێکی لەدەستە دەیخوێنێتەوە)
ئەرێ (هاملێت)ی سەروەری چاکمان چۆنە؟
**هاملێت:** باشم، خوا ڕوحمەت پێ بکات.
**پۆلۆنیەس:** گەورەم، دەمناسیتەوە؟
**هاملێت:** زۆر چاک، تۆ ماسیفرۆشی، وانییە؟(*)
**پۆلۆنیەس:** گەورەم، هەو نیم.
**هاملێت:** دە کەواتە پێم خۆش بوو تۆ پیاوێکی هێندە ئابڕوومەند بووایت.

(*) لە سەردەمی شێکسپیردا بەگەوادیان دەگوت (ماسیفرۆش). (وەرگێڕ)



**پۆلۆنیەس:** گەورەم، ئابڕوومەند؟
**هاملێت:** بەڵێ، بەڕێزم، بەو جۆرەی دونیا هەیە، بۆ ئەوەی ئابڕوومەند بێت،
دەبێت کەسێک بێت لەناو دە هەزار کەس دەربهێنرێت.
**پۆلۆنیەس:**: گەورەم، ئەوە زۆر ڕاستە.
**هاملێت:** جا چونکە ئەگەر خۆر کرم لەلاشەی سەگی تۆپیو پەیدا بکات،
ئەوە دەبێتە کەلاشێکی چاکی ماچکراو.... ئەرێ تۆ کچت هەیە؟
**پۆلۆنیەس:** گەورەم، هەمە.
**هاملێت:** لێی مەگەڕێ، لەبەر خۆر بڕوات. سکپڕی خێر و فەڕە، بەڵام
بەو جۆرە نا کە کیژەکەت بیری لێ دەکاتەوە. – برادەر، ئاگات لەوە بێت.
**پۆلۆنیەس** (لەلاوە): چی دەربارەی ئەمە دەڵێیت؟ هێشتا هەر لەبارەی کیژەکەم دەدوێت.
– کەچی سەرەتا منی نەناسییەوە، ئەو بەمنی گوت ماسیفرۆش. ئەو دوور ڕۆیشتووە،
دوور ڕۆیشتووە. بەڕاستی منیش لەگەنجیدا یەگجار زۆر دەردەسەری
عیشقم چەژت، زۆر لەمەوە نزیکە. دیسان قسەی لەگەڵ دەکەمەوە.–
(بۆ هاملێت) گەورەم، ئەوە چی دەخوێنیتەوە؟
**هاملێت:** وشەن، وشەن، وشەن.
**پۆلۆنیەس:** گەورەم، مەسەلە چییە؟
**هاملێت:** لە نێوان کێ؟

**پۆلۆنیەس:** گەورەم، مەبەستم لەو بابەتەیە کە تۆ دەیخوێنیتەوە.
**هاملێت:** بەڕێزم، بوختانن. چونکە نووسەرە جوێندەرەکە لێرە دەڵێت
پیرەمێردەکان ریشیان بۆرە، دەموچاویان لۆچاوییە،
چاوەکانیان
ڕیپۆقی لیق و چریشی دارهەڵووژەیی دەردەدەن. هەروا ئەوان
عەقڵیان زۆر کەمە، لاوازترین رانیشیان هەیە –
کە من گەورەم، زۆر بە توندی و قایمی باوەڕ بە هەمووی دەکەم،
بەڵام من ئەوەم پێ کارێکی راست و ئابڕوومەندانە نییە کە بەم
جۆرە دانراوە.
چونکە گەورەم، کاتێک تەمەنی تۆ دەگاتە تەمەنی من، ئەگەر
بتوانیت
وەکو قرژاڵ بەرەو دواوە دەکشێیتەوە.
**پۆلۆنیەس** (لەلاوە): ئەگەرچی ئەوە شێتایەتییە، بەڵام رێبازی خۆیشی
تێدایە.
– (بۆ هاملێت) گەورەم، دەتەوێت لەو بەرهەڵدایە پیاسە بکەیت؟
**هاملێت:** بچمە ناو گۆڕەکەمەوە؟
**پۆلۆنیەس:** ئەوەی ڕاستی بێت، ئەوە چوونە دەرەوەیە لە کایەی
بەرهەڵدایەکە. – (لەلاوە) هەندێکجار وەڵامەکانی چەند پڕ و
پتەون! زۆرجاران شێت قسەی وا دروست دەڵێن،
کە ژیر و ئاقڵمەندەکان ناتوانن وا بەرێکوپێکی دەریبڕن.
من ئەو جێ دەهێڵم، هەر دەستبەجێ پلان دادەنێم بۆ
دۆزینەوەی رێگایەک بۆ چاوپێکەوتنی ئەو و کچەکەم. –
(بۆ هاملێت) گەورەی، ئابڕوومەندم، من زۆر بە خاکەڕایی



داوات لێ دەکەم رێگام بدەیت.
**هاملێت:** بەڕێزم، تۆ ناتوانیت هیچ شتێک لە من وەربگریت کە من
بەخۆم پڕ بەدڵ دەستبەرداری دەبم – جگە لە ژیانم، جگە لە
ژیانم، جگە لە ژیانم.
**پۆلۆنیەس:** خوا حافیز، گەورەم.
**هاملێت:** وای لەو دەبەنگە پیرە بێزارکەرانە!
(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دێنە ناوەوە)
**پۆلۆنیەس:** ئێوە بەدوای (هاملێت)ی سەروەردا دەگەڕێن، ئەوەتا
لێرەیە.
**رۆزینکرانتز** (بۆ پۆلۆنیەس): بەڕێزم، خوا رزگارت بکات. (پۆلۆنیەس
دەڕوات)
**گیڵدنستێرن:** ئەی سەروەری ئابڕوومەندم!
**رۆزینکرانتز:** ئەی سەروەری هەرە خۆشەویستم!
**هاملێت:** ئەی برادەرە هەرە چاکەکانم! چۆنی، گیڵدنستێرن؟
ئاه، رۆزینکرانتز! کوڕی چاکینە، ئێوە هەردووکتان چۆنن؟
**رۆزینکرانتز:** وەکو کوڕە ئاساییەکانی ئەم سەرزەمینەین.
**گیڵدنستێرن:** شادین، بەڵام لەوەشدا یەکجار شاد نین،
لەسەرەوەین، کەچی لە سەر ترۆپکی کڵاوی بەختیش نین.
**هاملێت:** بنی پێڵاوی بەختیش نین؟
**رۆزینکرانتز:** ئەی سەروەرم، واش نین.
**هاملێت:** کەواتە تۆ لەدەوروبەری ناوقەدیایت، یاخود لەناوەڕاستی
جێیە خۆشەکەیدان؟

**گیڵدنستێرن:** ئەوەی راستی بێت، ئێمە لە جێگایە تایبەتییەکەداین.

**هاملێت:** لە بەشە نهێنییەکەی خواوەندی بەختدان؟ ئۆه، زۆر راستە:
ئەو قەحپەیە.
باس و خواس چییە؟

**رۆزینکرانتز:** گەورەم، هیچ نییە، جگە لەوەی دونیا پڕ راستگۆیی بووە.

**هاملێت:** کەواتە رۆژی قیامەت نزیک بووەتەوە. بەڵام ئەو هەواڵەی تۆ راست نییە.
با وردتر لێتان بپرسم: ئەی برادەرە خۆشەویستەکانم، ئێوە چیتان لە خواوەندی بەخت کردووە تا لەوێوە ئێوە بنێرێتە ئەو زیندانەوە؟

**گیڵدنستێرن:** سەروەرەکەم، زیندان!

**هاملێت:** دانیمارک زیندانە.

**گیڵدنستێرن:** کەواتە دونیا هەمووی زیندانە.

**هاملێت:** بەڵێ، زیندانێکی چاکە، لەوێدا گەلێک گرتووخانە، قاوش و ژێرزەمین هەیە.
دانیمارک لە هەموویان خراپترە.

**رۆزینکرانتز:** ئەی سەروەرم، ئێمە وا بیر ناکەینەوە.

**هاملێت:** کەواتە، بۆ تۆ وا نییە، چونکە هیچ شتێک نییە لەخۆیەوە باش یان خراپ
بێت، بەڵام بیرکردنەوە وای لێدەکات. بۆ من ئێرە زیندانە.

**رۆزینکرانتز:** ئێ کەواتە هیواخوازیە زۆرەکانت وای لێ دەکات، ئێرە زۆر تەسک و تەنگە بۆ بیرکردنەوەی تۆ.

**هاملێت:** ئەی خودایە، ئەگەر لەبەر ئەو خەونە خراپانە نەبووایە، من



دەتوانم لەناو قالکی گوێزدا بسرەوم و خۆشم بە شای شوێنانی بێ سنوور بزانم.

**گیڵدنستێرن:** ئەوەی راستی بێت، ئەو خەونانەش هیوای بەرزن، چونکە کەرەسەی مرۆڤی هیوابەرز تەنیا سێبەری خەونیەتی.

**هاملێت:** خەون خۆی تەنیا سێبەرە.

**رۆزینکرانتز:** رێک وایە و من خەون بە شتێکی زۆر تەنک و ناسک تێدەگەم
کە تەنیا سێبەری سێبەرە.

**هاملێت:** کەواتە دەرۆزەکەرەکان جەستەمانن، شا و پاڵەوانە فشکراوەکانیشمان سێبەری دەرۆزەکەرەکانن. ئەرێ بچینە ناو کۆشکەوە؟ چونکە بەخوای ناتوانم بیر بکەمەوە.

**رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن:** ئێمەش لەگەڵت دێین.

**هاملێت:** شتی وا نابێت. من ئێوە لەگەڵ خزمەتکارانی تری خۆم تێکەڵ ناکەم، چونکە ئەگەر وەک مرۆڤێکی راستگۆ لەگەڵتان بدوێم،
نزیکەی من بەشێوەیەکی زۆر بەرباد یاوەری کراوم. بەڵام هەر بەجۆرێکی باوی هاوڕێیەتییەوە دەپرسم ئێوە لە (ئیلسینۆر) چ دەکەن؟

**رۆزینکرانتز:** سەروەرم، بۆ سەردانی تۆ هاتووین و هیچ بۆنەیەکی تر نییە.

**هاملێت:** وای من چەند سەرسواڵکەرم، تەنانەت لە سوپاسکردنیشتان هەژارم، بەڵام من سوپاستان دەکەم. برادەرانی هێژا، بەدڵنیاییەوە، سوپاسەکانم بێ بەهان.

ئەرێ کەسێک بەدواتانی ناردبوو؟ یان ئەوە هەر ئارەزووی خۆتان بوو؟

ئەرێ ئەوەی ئێوە سەردانێکی ئازادانەیە؟ وەرن، بەڕاستی گفتوگۆم لەگەڵ بکەن. وەرن، وەرن، نا، بدوێن.

**گێڵدنستێرن:** چی بڵێین، سەروەرەکەم؟

**هاملێت:** بۆچی، هەر شتێکی دەیڵێن بیڵێن، بەڵام با دەقاودەق وابێت.

ئێوە بەدواتان ناردراوە، بچم و روخسارتان جۆرە دانپیاناتنێکی پێوە دیارە چونکە سادەیی و بێ فیزیتان ناتوانێت بەتەواوی بیشارێتەوە.

من دەزانم شا و شاژنی چاک بەدواتانیدا ناردووە.

**رۆزینکرانتز:** ئەی سەروەرم، بۆ چ مەبەستێک؟

**هاملێت:** تا فێرم بکەن. بەڵام رێگام بدەن با بە هۆش خۆتان بهێنمەوە، بە سەری برادەرایەتیمان، بە گەنجێتیمان، بە ئەرکی خۆشەویستی هەمیشە پارێزراوی نێوانمان و بەسەری ئەوەی کە لەمەش خۆشەویستترە کە قسەکەرێکی لە من زمانپاراوتر دەتوانێت بیڵێت، من سوێندتان دەدەم لەگەڵم راستگۆ و بێ پێچ وپەنا بن، پێم بڵێن ئاخۆ لەدواتان ناردراوە یان نا.

**رۆزینکرانتز** (لەلاوە بۆ گێڵدنستێرن): تۆ چی دەڵێیت؟

**هاملێت** (لەلاوە): ئا، بەڵێ، من چاوم لێتانە. – (بۆ هەردووکیان)

ئەگەر منتان خۆشدەوێت، مەیشارنەوە.

**گێڵدنستێرن:** ئەی سەروەرم، ئێمە لەدوامان ناردراوە.

**هاملێت:** من پێتان دەڵێم لەبەرچی: جا من دەست پێشخەری دەکەم



تاوەکو رێ لە ئاشکرا بوونتان بگرێت، بەمەش ئەو بەڵێنە نهێنییەی کە بە شا و شاژنتان داوە تۆزقاڵێکی لێ کەم نابێتەوە. من بەم دواییە، بەڵام نازانم بۆچ – هەموو خۆشییەکم لەدەست دا، وازم لە هەموو جۆرە مەشقکارییەک هێنا و لە راستیشدا ئەمە زۆر بەزەحمەت لەگەڵ خێماکم دەگونجێت کە ئەم چوارچێوە جوانە، ئەم زەوییە لەلام وەکو بەرزاییەکی قاقڕە، ئەم کوللەیە هەرە نایابە، ئەم هەوایە، بڕوانە ئەم ئاسمانەی سەر سەرمان، ئەم سەربانە نازدارەی کە بە ئاگری زێڕین نەخشاوە، بۆچی لەلای من جگە لە تۆپەڵێک هەڵمی پیس و پڕ نەخۆشی پتر نییە.

مرۆڤ چ دروستکراوێکە! عەقڵەکەی چەند مەزن و جوامێرانەیە! تواناکانی چەندە بێ سنوورن! لە روخسار و جوولەدا چەند نازدار و دڵڕفێنە! لە کرداردا چەند لە فریشتە دەچێت! لە زیرەکیدا چەند بە خوێ دەچێت! مایەی جوانی سەر ئەم دونیایەیە! نموونەی کامڵی گیانەوەرانە! کەچی، لەلای من، ئەو گەوهەرەی خۆڵە چییە؟ پیاوان دڵخۆشم ناکەن، نا، هەروەها ژنانیش دڵخۆشم ناکەن، ئەگەرچی بەزەردەخەنەکانتانەوە، پێدەچێت وام پێ بڵێن.

**رۆزینکرانتز:** ئەی سەروەرم، هیچ شتێکی وا لەناو مێشکمدا نەبوو.

**هاملێت:** ئەدی بۆچ پێکەنیت کە گوتم "پیاو دڵخۆشم ناکەن"؟

**رۆزینکرانتز:** باشە، سەروەرم، من بیرم کردەوە لەوەی ئەگەر پیاو دڵخۆشت نەکەن، ئەو ئەکتەرانە چ خۆشییەکی رۆژووگرانەیان لە تۆوە دەست دەکەوێت، ئێمە لە رێگا بەپێش ئەوان کەوتین، ئەوان بەرێوەن بۆ ئێرە تا خزمەتت بکەن.

**هاملێت:** ئەو کەسەی ڕۆڵی شا دەگێڕێت ئەو پێشوازی لێ دەکرێت. ئەو پایەبەرزە خەڵاتی منی پێ دەدرێت، سوارچاکە جەربەزەکە قلینج و مەتاڵە سووکەکەی بەکار دێنێت، عاشقەکە بەخۆڕایی پێناکەنێت، پیاوە خۆشەکە بەئاشتی و ئاسوودەیی ڕۆڵەکەی تەواو دەکات، گاڵتەجاڕەکە هەموو ئەوانە دێنێتە پێکەنین کە سنگیان بەئاسانی ختووکەی دێت، خانمەکەش بەئاسانی بیری خۆی دەردەبڕێت، ئەگینا شیعری ئازاد بۆ ئەو بەردەست نابێت.– ئەوان چ جۆرە ئەکتەرێکن؟

**ڕۆزینکرانتز:** ئەوان هەر ئەو ئەکتەرانەن کە خۆشی لە نواندنیان دەبینرێت – ئەکتەرە تراژیدییەکانی شارن.

**هاملێت:** چۆن وا ڕێک کەوتووە کە گەشت دەکەن؟ مانەوەیان لە شوێنێکدا هەم بۆ ناوبانگ و هەم بۆ قازانجیان باشە.

**ڕۆزینکرانتز:** وا بزانم ڕێ لێگرتنیان لە ئەنجامی دوایین شتی داهێنراوەوە پەیدا بووە.

**هاملێت:** ئەرێ ئەوان هەمان ناوبانگی ئەوسایان ماوە کە من لەو شارە بووم؟ ئەرێ ئەوان خەڵکێکی زۆریان بەدواوەیە؟

**ڕۆزینکرانتز:** نەخێر، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەوان وانین.

**هاملێت:** چۆنە وایان لێهاتووە؟ ئەرێ ژەنگیان گرتووە؟

**ڕۆزینکرانتز:** نەخێر، بەرهەمەکانیان هەمان ڕەوتی خۆشی جارانیان ماوە. بەڵام، گەورەم، یەک ڕەوە منداڵ هەن، وەکو بەچکە هەڵۆن، یەک بەدەنگی خۆیان دەزیقێنن و زۆر توند چەپڵەیان بۆ لێدەدرێت. ئێستا ئەوە باوە، ئەوانە شانۆ گشتییەکانیان پڕ دەنگ و هەرا کردووە – ئاوا ناویان دەبەن – کە زۆر لەوانەی



شمشێردارن لە ئووچدارەکان(*) دەترسن و زۆر بەکەمی دەوێرن بچنە ئەوێ.

**هاملێت:** چی، ئەوان منداڵن؟ کێ بەڕێوەیان دەبات؟ کێ پارەیان پێ دەدات؟ ئەرێ ئەو کەسانەیان لێ دەبێتە ئەکتەر کە چیتر گەرووی گۆران بێژتنیان نەماوە؟ ئەرێ ئەوان پاشتر، ئەگەر دواتر پێگەیشتن و خۆیان کردە ئەکتەری ئاسایی – کە زۆر لەوانەشە وابێت، نالێن کە نووسەرەکانیان خراپەیان لەگەڵ کردوون کە پارەیان کەم پێ داون و هانیان داون دژی ئەو ئەکتەرانەی کە جێگای ئەوانیان گرتۆتەوە؟

**ڕۆزینکرانتز:** ئەوەی ڕاستی بێت، لە نێوان هەردوولا زۆر شت کراوە، خەڵکیش بەخراپی نازانێت دووبەرەکی بخاتە نێوانیانەوە. ماوەیەکیش وابوو، کەس پارەی بە قسەیەک نەدەدا ئەگەر شاعیر و ئەکتەرەکان قۆڵیان لێکتر هەڵنەکردابووایە.

**هاملێت:** ئەرێ شتی وا دەبێت؟

**گیلدنستێرن:** ململانێیەکی زۆر لە نێوان مێشکەکان پەیدابووە.

**هاملێت:** ئینجا منداڵەکان لەو شەڕە دەبەنەوە؟

**ڕۆزینکرانتز:** سەرووەرەکەم، ئەرێ بە خوای، لە هەموو جێگایەکی زەوی هەر وایە.

**هاملێت:** ئەمە زۆر سەیر نییە، مامەم کە ئێستا شای دانیمارکە، هەر ئەوانەی کە باوکم مابوو گاڵتەیان پێی دەکرد و ڕوویان لێی گرژ دەکرد ئێستا بیست، چل، پەنجا و سەد پوولیش دەدەن بۆ وێنەیەکی بچووکی ئەو. بەخوێنی خوداوەند، شتێکی ئەودیو

(*) ئووچدار: مەبەست لە خاوەن قەڵەمەکانە. (وەرگێڕ)

سروشتی لەمەدا هەیە، مەگەر تەنیا فەلسەفە بیدۆزێتەوە.

(لەناوەوە نوورەی کەرەنا دێت)

**گێڵدنستێرن:** ئەوە شانۆڤانەکانن.

**هاملێت:** جوامێران، ئێوە بەخێر بێنە (ئێلسینۆر). وەرن، با دۆقە بکەین. بەخێرهاتن کردن هەم شتێکی باوە و هەم داب و نەریتیشە. ڕێگام بدەن بەو ڕێ و ڕەسمە لەگەڵتان ڕەفتار بکەم، نەوەک ڕەفتاری دۆستانەم لەگەڵ شانۆکاران (کە پێویستە لە ڕواڵەتدا تا ڕادەیەک وا دەربکەوێت) وا لێک بدرێتەوە لە هی ئێوە خۆشترە. بەخێر بێن، بەڵام مامەی –بە باوک بووم و دایکی– بە پلک بووم بەهەڵەداچووینە.

**گێڵدنستێرن:** ئەی سەروەری چاکم، لە چی دا؟

**هاملێت:** من تەنیا کە بای باکوور و باکووری ڕۆژئاوا هەڵدەکات، شێتم، بەڵام کە بایەکە لە باشوورەوە دێت من هەڵۆ و شینەشاهۆ لێک جیا دەکەمەوە. (پۆلۆنیەس دێتە ژوورەوە)

**پۆلۆنیەس:** ئەی جوامێران، هیوادارم هەر چاک بن.

**هاملێت:** گوێ بگرە، گێڵدنستێرن –(بۆ رۆزینکرانتز) هەروەها تۆش – هەر گوێیەک گوێگری خۆی هەیە: ئەو ساوا زلەیەی ئەوێ دەیبینیت هێشتا مەلۆتکەیەو لە پەڕۆی قۆنداغە نەهاتۆتە دەرەوە.

**رۆزینکرانتز:** لەوانەیە ئەوە دووەم جاری بێت، چونکە دەڵێن پیاوی پیر دووجار منداڵن.

**هاملێت:** من پێشبینی ئەوە دەکەم هاتبێت شتم لەبارەی شانۆڤانەکانەوە پێ ڕابگەیەنێت. گوێ بگرە. – گەورەم، تۆ ڕاست دەکەی،



لەبەیانی دووشەممەدا، بەڕاستی ئەوسا، هەروایە.

**پۆلۆنیەس:** سەروەرم، من هەواڵم بۆ تۆ پێیە.

**هاملێت:** بەڕێزم، من هەواڵم بۆ تۆ پێیە. کاتێک (ڕۆسکیۆس)(*) لە ڕۆمادا ئەکتەر بوو –

**پۆلۆنیەس:** سەروەرم، ئەکتەرەکان هاتوونەتە ئێرە.

**هاملێت:** بەس، بەس!

**پۆلۆنیەس:** بە شەرەفم –

**هاملێت:** کەواتە، هەر ئەکتەرێک بە پشتی کەرەکەی هاتووە –

**پۆلۆنیەس:** ئەوان باشترین ئەکتەری دونیان، چ بۆ تراژیدی، کۆمیدی، مێژوویی، شوانکارەیی، شوانکارەیی – کۆمیدی، مێژوویی – شوانکارەیی، تراژیدی – مێژوویی، تراژیدی –کۆمیدی– مێژوویی – شوانکارەیی، دیمەنی نەپچڕاو یان شیعری بێ سنوور. (سینیکا)(**) یەکجار قورس نییە، (پلاوتۆس)(***)یش زۆر سووک نییە. بۆ خۆبەستنەوە یان خۆنەبەستنەوە بە یاساکانی نووسین، ئەوانە ئەکتەری تاقانەن.

**هاملێت:** ئەی (یەفساح)(****)، ئەی دادوەری ئیسرائیلیان، تۆ چ گەنجینەیەکت هەیە!

(*) وادیارە ئەکتەرێکی بەناوبانگی سەردەمی ڕۆمانەکانە. (وەرگێڕ)

(**) سێنیکا: تراژیدیانووسێکی مەزنی لاتینییە. (وەرگێڕ)

(***) پلاوتۆس: کۆمیدیانووسێکی مەزنی لاتینییە. (وەرگێڕ)

(****) یەفساخ: دادوەر و سەرکردەیەکی سەربازیی ئیسرائیلیان بوو. ئەو کیژەکەی خۆی کردە قوربانی لەپێناو بەڵێنێکی هەڵەشانە. (وەرگێڕ)

**پۆلۆنیەس:** سەروەری من، ئەو چ گەنجینەیەکی هەبوو؟

**هاملێت:** بۆچ،

کچێکی نازدار، هیچی تریش نا،

ئەوەی یەگجار خۆشی دەویست.

**پۆلۆنیەس** (لەلاوە): هێشتاش هەر لەبارەی کچەکەمەوەیە.

**هاملێت:** ئەرێ راست ناکەم، ئەی پیرە (یەفساح)؟

**پۆلۆنیەس:** ئەگەر تۆ بە (یەفساح) بانگم دەکەیت، ئەی سەروەرم، من کچێکم هەیە کە یەگجار خۆشم دەوێت.

**هاملێت:** نەخێر، ئەنجامەکەی وا نابێت.

**پۆلۆنیەس:** ئەدی سەروەرم، چۆن دەبێت؟

**هاملێت:** بۆچ،

وەکو چارەنووس وایە، خودا زانیاری لایە،

ئینجا، تۆ دەیزانیت،

وا قەوما بوو، وەک زۆر پێدەچوو وەهابوو،

یەکەم دێڕی ئەو لاوژە ئاینییە پترت بۆ دەردەخات، جا بڕوانە،

قسە پێ بڕەکانم لە کوێوە دێن.

(چوار یان پێنج شانۆڤان دێنە ناوەوە)

مامۆستایان، بەخێربێن، هەمووتان بەخێربێن، من دڵخۆشم کە ئێوە چاکن، بەخێربێن، ئەی برادەرە چاکەکان. – ئۆهـ، ئەی کۆنە برادەرم! بۆچ دەموچاوت پەراوێزی لێ پەیدابووە لەوەتەی دواجار تۆم بینی. تۆ هاتوویت لە دانیمارک ریشم بگریت؟ – (بۆ شانۆڤانێک کە جلی ژنانی لەبەردایە) چییە ئەی خانمە گەنج و خاتوونەکەم! بەخانمایەتی خۆت، تۆ بە رادەی



پاژنەبڵندێک لە ئاسمان نزیک کەوتوویتەوە. هیوادارم دەنگت وەکو دراوێکی زێڕینی لەکەلک کەوتوو درزی تێ نەکەوتبێت. – سەیدایان، ئێوە هەمووتان بەخێر بێن. ئێوە وەکو بازەوانە فەرەنسییەکان یەکسەر هەرچیتان بینی بۆی بفڕن. ئێمە پێکەوە بێ پێچ و پەنا قسە دەکەین. وەرن، تام و بۆیەکی کارەکانتانم پێ ببەخشن. وەرن، وتارێکی بەجۆش و خرۆشم لێتان دەوێت.

**شانۆڤانی (١):** ئەی سەروەری چاکم، چ جۆرە وتارێک؟

**هاملێت:** جارێکیان گوێم لێت بوو وتارێکت دەگوت – بەڵام هەرگیز نمایش نەکرا، یان ئەگەر نمایشیش کرابێت، لە جارێک تێ نەپەڕی، چونکە من لەبیرمە شانۆییەکە بەدڵی ملیۆنان کەس نەبوو، وەک (کاڤیار)(*) بوو لای خەڵکی گشتی.

بەڵام ئەو شانۆییە – بەڕای من و خەڵکی دی، ئەوانەی کە بڕیارەکانیان لەو بابەتانەدا لەسەرووی منەوە دەهات – شانۆییەکی نایاب بوو، دیمەنەکانی باش گونجێنرابوون، هێندە بەسادەیی بەقەد کارامەییەکەی جوان بوو. وەک لەبیرمە، یەکێک گوتبووی دێڕەکانی هێندە تام و بۆی تێدا نەبوو تاوەکو بابەتەکە تام و بۆدار بکات، شێوازی دەربڕینەکەشی وانەبوو تا دانەرەکەی بە رواڵەتبازی تۆمەتبار بکرێت، بەڵام من بە رێبازێکی راستگۆیانەی نواندنم دانا، بەقەد راست و دروستییەکەی خۆش بوو، جوانتر بوو لەوەی بڕازێنرێتەوە. من

(*) جۆرێکی هەرە گرانبەها و بەتامی هێلکەی ماسییە و تەنیا کەسانی دەوڵەمەند تامیان کردووە. (وەرگێڕ)

لەوێدا بەتایبەتی حەزم لە یەک وتەی بوو. چیرۆکی (ئێنیاس) بۆ (دیدۆ) بوو، کە لەوێدا بەتایبەتی باسی کوشتنی (پیریام)(*)ی دەکرد. ئەگەر ئەوەت لەبیر مابێت، لەو دێڕەوە دەست پێ بکە، بابیزانم، بابیزانم –

(پیرهۆس)ی موودرێژ وەکو پڵنگی دڕی هەرجانیا(**)

– ئەمە وا نییە – دێرەکە بە (پیرهۆس) وا دەست پێ دەکات:

(پیرهۆس)ی موو درێژ – ئەوەی کە چەکە رەشەکەی
وەکو نیازەکانی تاریک بوو، دەتگوت شەوە
کاتێک خۆی لەناو ئەسپە شوومەکەدا شاردبۆوە –
ئێستا روخسارە ترسناک و رەشەکەی بۆیەکردووە
بە نیشانەی لەو بەرباد و شوومتریش، لەتەپڵی سەریەوە تا
بنی پێی، لە خوێنی مەییو هەڵکێشراوە، بە ترسناکی
خوێنی باوکان، دایکان، کچان، کوڕانی پێوە نووساوە
کە لە قۆرتی ڕێگاکاندا ببوونە گڵمت و کەستەک
ئەوەش رەنگێکی زۆردارانە و نەفرەتییان
بە کوشتارە پیسەکان دەبەخشی. ئاگری رق و جۆشەکانی
کە بە گڵمتە خوێن سەرتاپای داپۆشرابوو،

(*) ئەو چیرۆکە، چیرۆکی شەڕی نێوان گریک و تەروادەیە لەسەر ڕفاندن و بەدەستهێنانەوەی (هێلین)ی شازادەی نازداری گریکی. ئەم چیرۆکە بەدوورودرێژی لە (ئەلیازە)ی هۆمیرۆس و (ئەنیادە)ی ڤێرگیل گێڕدراوەتەوە. (وەرگێڕ)

(**) هەرجانیا: لە ئەدەبیاتی کۆندا ناوچەیەکە دەکەوێتە خواروو و خوارووی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین. بەوە ناسراوە کە شوێنێکە پڕاوپڕە لە گیانەوەری یەگجار دڕندە. (وەرگێڕ)



چاوەکانی دەتگۆت پەنگر بوون، (پیرهۆس)ی دۆزەخی
بەدوای پیر (پیریام)ی باپیرەدا دەگەڕێت.–
جا تۆ لێرەوە دەست پێ بکە.

**پۆلۆنیەس:** بەخوای سەروەری گەورەم، تۆ زۆر جوان بەئاوازو وریاییەوە گوتت.

**شانۆڤانی (١)**: دەستبەجێ دەیدۆزێتەوە

بەڵام شمشێرەکەی ئەو نەدەگەیشتە هیچ گریکییەک،
و لە دەستی یاخی دەبوو، لەو جێگایەی کەوتبوو،
لە فەرمانەکانی هەڵدەچەرخێتەوە. شەڕێکی نابەرامبەرە،
(پیرهۆس) هەڵدەکوتێتەسەر (پیریام)، لەتوڕەییان دوور دەیوەشێنێت،
بەڵام بای وەشاندنی شمشێرە توندەکەی بەرجەستەی خاوی پیرەکە دەکەوێت. ئینجا شاری هەستمردووی (ئیلیام)(*)
پێدەچوو هەست بە لێدانەکە بکات و لەسەرەوە تا خوارەوە
ئاگر لە جەستەی بەربوو، جا بەلێدانێکی پیس و چەپەڵانە
گوێچکەی (پیرهۆس) کاس دەکات. چونکە، بڕوانە، شمشێرەکەی
کە بەسەر تەوقەسەری شیرئاسای (پیریام)ی پیرۆزدا
دەهاتە خوارەوە، دەتگوت لە هەوادا گیری خواردووە.
هەر دەتگوت زۆرداری ناو نیگارێکە و (پیرهۆس) رەق

(*) واتە شاری (تەروادە). (وەرگێڕ).

راوەستابوو و بەهیچ لایەک – نە بەلای جەستەی و نە بەلای
ویستی خۆی دانەدەچوو و
هیچی پێ نەدەکرا.
بەڵام، وەکو زۆرجار ئێمە دەیبینین، کە پێش ڕەشەبا،
بێدەنگییەک ئاسمان دەتەنێت، پەڵە هەورەکان لە جێی
خۆیان وەستان، ڕەشەبا سەرشێتەکان بێدەنگ، زەوی
ژێرەوەش
وەکو مەرگ کپ و خامۆش، گرمەی تۆقێنەر لە ترووکەیەکدا
هەموو هەرێمەکە دادەدڕێنێت، جا دوای وەستانی
(پیرهۆس)
تۆڵەی هەڵچوو سەرلەنوێ ئەو دەخاتەوە گەڕ،
تەنانەت چەکوچی (سایکلۆپ)(*) یش هێندە بەتێن
لە زرێ و مەتاڵی بۆ ئەبەد قایمی (مارس)ی نەکوتاوە،
کە شمشێری خوێناوی (پیرهۆس) هێندە بێ پەشیمانی
بەسەر جەستەی (پیریام) دا هاتەخوار. –
بڕۆ، ئەی خواوەندی بەختی قەحپە، بڕۆ! هەموو
خواوەندەکان
پێکڕا کۆببنەوە و هێزی لێ بسەننەوە،
هەموو تیرە و ناوتیرە و رایەڵەکانی چەرخی زەمانەی لێ

(*) لە ئەفسانەی کلاسیکیدا، (سایکلۆپ) ڕەگەزێکی فەلامەرز بوون کە یەک چاویان هەبوو و ئیشیان دروستکردنی ئامرازی جەنگ بووە بۆ خواوەندەکان. (مارس)یش خواوەندی جەنگ بوو و کەمێک لە ڕووی دەسەڵاتەوە لەدوای (جوپیتەر)ی گەورە خواوەند دەهات. (وەرگێڕ).



بشکێنن،
ناوچەقەکەشی لە گردایی ئاسمانەوە فڕێ بدەنە
ناو کارکارەی دۆزەخ!
**پۆلۆنیەس:** ئەمە یەگجار درێژە.
**هاملێت:** پێویستە لەگەڵ ریشی تۆ پێکڕا بچنە لای بەربەر. – (بۆ شانۆڤانییەکەم). تکایە، بەردەوام بە – ئەو تەنیا بۆ گاڵتەوگەپ یان چیرۆکی گانکاری یان خەوتن باشە – بەردەوام بە، بگە بە (هێکیوبا)(*).
**شانۆڤانی (١):** بەڵام ئاه، کێ هەیە ئەو شاژنە تارادارەی دیبێت –.
**هاملێت:** "شاژنی تارادار"؟
**پۆلۆنیەس:** ئەمەیان چاکە، "شاژنی تارادار" چاکە.
**شانۆڤانی (١):** ئەو بە پێخواسییەوە لەملاوە بۆ ئەملا غاری دەدا،
بە فرمێسکە کوێرەکانی هەڕەشەی لە بڵێسەکان دەکرد،
پارچە پەڕۆکێکی لەسەر بوو
کە لەمەوبەر تاجی درەوشاوەی پێوەبوو، لەجیاتی ڕۆب
بەتانییەکی لە ناوگەڵە چورچە منداڵ ڕەتاندووەکانی
پێچابوو کە لەوەختی ترس و تۆقیندا ڕفاندبووی –
هەرکەسێک ئەوی بدیبووایە، زمانی لە ژەهر هەڵدەهات و نەفرەتی پێ لەخواوەندی بەخت و زوڵم و خیانەتەکانی دەکرد.
بەڵام ئەگەر ئەو ساتە خواوەندەکان ئەویان بدیبووایە

(*) ژنی (پیرمام)ە. (وەرگێڕ)

*کـە ئەو (پیـرهۆس)ی بینـی کـە بە رقـێکی گـاڵتـاوییـەوە*
*بەشـمشـێرەکەی پەلەکانی مێردەکەی لێ دەکردەوە و لەت*
*لەتی دەکرد*
*ئەوسا هاوار و فیغان و رۆڕۆی دەستبەجێی ئەو –*
*(مەگەر شتی مرۆڤانە ئەوان هیچ نەبزوێنن)*
*ئەگینا چاوی هەموو تەنە ئاسمانییەکانی پڕ فرمێسک*
*دەکرد و*
*سۆزی خواکانی دەبزواند.*

**پۆلۆنیـــەس** (لەلاوە): بڕوانە چۆن رەنگی گـۆڕاوە و چاوەکـانی فرمێسکیان تێ زاوە. (بۆ شانۆڤانییەکەم) تکایە، بەسە.

**هاملێت**: چاکە، من بەم زووانە داوای ئەوەی ماوەت لێ دەکەم. – (بۆ پۆلۆنیـــەس) ئەی بەڕێزی خـــاسم، بزانە رێ و جێ بۆ شانۆڤانەکان بەباشی دابین کراوە؟ گوێت لێمە، بەچاکی لەگەڵیان رەفتار بکەن، چونکە ئەوان پوختە و کورتەی مێژووی سەردەمەکانن. پاش مردنت وا چاکترە تۆ لەسەرگۆڕەکەت بەخراپی بنووسرێت لەوەی ئەوان بەخراپی لەژیانتدا ناوت بهێنن.

**پۆلۆنیەس**: سەروەرم، من بەگوێرەی شایستەیی خۆیان لەگەڵیان دەجووڵێمەوە.

**هاملێت**: بە خوا دەبێ لەوە باشتر بێت. ئەگەر هەر کەسەی بەگوێرەی شایستەیی خۆی رەفتاری لەگەڵدا بکرێت، کێ هەیە لە قامچی لێدان رزگاری ببێت؟ بەگوێرەی رۆمەتداری و جوامێری خۆت لەگەڵیان بجووڵێوە. ئەوسا شایستەیی ئەوان هەرچەندەی



کەمتر بێت، بەخشندەیی تۆ هێندە پتر دەبێت. بیانبە ژوورەوە.

**پۆلۆنیەس**: بەڕێزان، وەرن.

**هاملێت**: برادەران، بەدوای بکەون، ئێمە سبەی گوێ لە شانۆییەک دەگرین. (پۆلۆنیەس و هەموو شانۆڤانەکان دەچنە دەرەوە جگە لە شانۆڤانی یەکەم) (بۆ شانۆڤانی (١) ئەی برادەری کۆنم، گوێت لێمە، دەتوانیت کوژرانی (گۆنزاگۆ) نمایش بکەیت؟

**شانۆڤانی (١)**: بەڵێ، سەروەرم.

**هاملێت**: زۆر باشە. – بەدوای ئەو بەڕێزە بکەوە، ئاگادار بە گاڵتەی پێ نەکەیت. (شانۆڤانی (١) دەچێتە دەرەوە) (بۆ رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن) ئەی برادەرانی چاکم، تا شەو بەجێتان دەهێلم. ئێوە بەخێربێن بۆ (ئێلسینۆر).

**رۆزینکرانتز**: باشە، ئەی سەروەرم.

**هاملێت**: ئینجا، خواتان لەگەڵ!

(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دەڕۆنە دەرەوە)
ئێستا من بەتەنیام.
من چ خوێڕییەک و کۆیلەیەکی لادێییم!
ئاخۆ دڕندەیی نییە، ئەم شانۆڤانەی ئێرە،
تەنیا لە چیرۆکێکی خەیاڵیدا، لە خەونێکی سۆزاویدا،
رۆحی خۆی ناچار بکات بەجۆرێکی وا کار لە ئەندێشەکەی بکات کە لە ئەنجامی کارتێکردنی رۆحییەوە هەموو رووخساری زەرد هەڵگەڕا، فرمێسک زانە ناو چاوەکانی، هەڵچوون پەڕییە سەر دەموچاوی،
دەنگی شکا و، سەرجەم کاروکردارەکانیشی

لەگەڵ شـێـوەکـانی ئەو ئەندێشـەیەدا گـونجـاون؟ هـەمـووشی
لەپێناو شتێکی هیچدا، لە پێناوی (هێکیوبا)دا!
(هێکیوبا) چی ئەوە، ئەو چی (هێکیوبا)یە،
تا ئاوا بۆی بگریت؟ ئەدی ئەو چی دەکرد
ئەگەر هاندەر و سەرەداوی سۆزێکی هەبوایە
کە من هەمە؟ ئەو سەرتاپای شانۆکەی لە فرمێسک نقووم دەکرد،
گوێی هەمووانی بەقسە تۆقێنەرەکانی هەڵدەدڕی،
تاوانبارەکانی شێت دەکرد، بێتاوانانی زراو دەبرد،
سەری لە بێئاگایان دەشێواند، ئەوەی راستی بێت،
واقی بەهرەکانی چاو و گوێی دەوڕماند.
کەچی من،
من کەسێکی نامەردی گێلم و وەکو
(جۆنە خەوە)(*) سست و خاو و خلیچکم، بۆ دۆزەکەی خۆشم
ناجوولێمەوە،
ناشتوانم هیچ بڵێم – تەنانەت لە پێناوی شایەکیش
کە لەسەر زەوی و زار و ژیانی هەرە نازداری ئەودا
نەفرەتیترین وێرانکاری ئەنجام دراوە. ئەرێ من ترسنۆکم؟
کێ پێم دەڵێ نامەرد؟ یان کاپێلکم دەشکێنێت؟
ریشم هەڵدەکەنێت و بەدەموچاوم دادەداتەوە؟
کەپووم با دەدات؟ بەخراپترین درۆ ناوزەدم دەکات
تا ناخی ناو سینەم؟ کێ ئەوەم پێ دەکات، ها؟

(*) وادیارە (جۆنەخەوە) کەسێک بووە لە سەردەمی شێکسپیر بەحەزکردن لەخەو بەناوبانگ بووە. (وەرگێڕ)



بە زامەکانی مەسیح، دەبێ من پێی قایل بم. هەر دەبێت وابێت
چونکە من جگەرێکی کۆترانەم هەیە، ڕق و کینەم نییە
تاوەکو وا لە تامی زۆرداری بکەم تاڵ بێت، یاخود پێش ئەوە،
دەبوایە من بە ناو هەناوی ئەو نامەردە
گـشـت کـۆلارەکـانی ئەو ناوچەیەم قـەڵەو بکردابووایە – ئای
نامەردی خوێناوی داوێن پیس!
ئەی تۆڵە!
ئای من چ کەرێکم! ئای لەو ئازایەتییە بێ وێنەیەم،
منی کوڕی باوکێکی نازداری کوژراو،
کە بەهەشت و دۆزەخ هانم دەدەن بۆ تۆڵەسەندنەوە،
بۆچی دەبێت وەکو قەحپەیەک، دڵم بە قسان بەتاڵ بکەمەوە،
وەکو گاندەر و ژنی ناوناندینان دەست
بە جوێن و نفرین بکەم!
بە نەفرەت بێت! پفاه! – ئەی مێشک بکەوە کار! من بیستوومە
کە بوونەوەرە تاوانکارەکان کاتێک لە شانۆییەکدا دادەنیشن
لێزانی و کارامەیی دیمەنەکان
کار لە رۆحیان دەکات و هەر دەستبەجێ
خراپەکارییەکانیان رادەگەیەنن،
چونکە کـوشـتن، ئەگـەرچیش زمـانی نیـیـە، بەڵام لە ڕێی
پەرجواویترین
ئەندام قسە دەکات. من وا لەو شانۆڤانانە دەکەم
شتێکی وەکو کوشتنی باوکم نمایش بکەن
لەپێش چاوی مامەم. من سەرنج لە روخساری دەدەم،

تا سەر زندەی برینەکانی دەچمە خوار. ئەگەر تەنیا رابچڵەکێت،
من کاری خۆم دەزانم. ئەو رۆحەی کە من بینیومە
رەنگە شەیتان بێت. شەیتانیش توانای ئەوەی هەیە
شێوەیەکی جوان بپۆشێت، بەڵێ، لەوانەشە
لەبەر بێ هێزی و دڵتەنگیم
کە ئەو توانای بەکارهێنانی ئەو لایەنانەی هەیە
بیەوێت بەرەو وێرانیم ببات. من زەمینەی
لەوە پتەوترم دەوێت. – ئەو شانۆییە بۆ من هۆکارە
کە بەم رێگایە ویژدانی شای پێ بەردەست دەکەم ئەم جارە.
(دەڕوات)



## پەردەی سێیەم

### دیمەنی یەکەم

*(ئێلسینۆر. ژوورێک لەناو قەڵاکەدا)*
*شا و شاژن و پۆلۆنیەس و ئۆفیلیا و رۆزینکرانتز*
*و گێڵدنستێرن دێنە ژوورەوە.*

**شا:** دەبزانن ناتوانن بە پێچ و پەنا
هۆی ئەوە بزانن بۆچی ئەو پەشێوییەی ناوەتەوە،
کە زۆر بەتوندی رۆژانی خامۆشی خۆی
بەم شێتێتییە tووندو تیژ و ترسناکەی تێکداوە؟
**رۆزینکرانتز:** ئەو بەخۆشی دان بەوەدا دەنێت کە هەستی کردووە تێک
چووە، بەڵام هۆیەکەی چییە، ئەو بە هیچ جۆرێک باسی ناکات.
**گێڵدنستێرن:** هەروا ئێمە ئامادەییمان لەو نەبینی بۆ پرسیار لێکردن،
بەڵام ئەو بە شێتێتیەکی فێڵبازانەوە خۆی لێمان بەدوور دەگرت
کە ئێمە دەمانەویست وای لێ بکەین کەمێک دان بەحاڵەتی
راستەقینەی خۆیدا بنێت.
**شاژن:** ئەرێ ئەو بەچاکی پێشوازی لە ئێوە کرد؟
**رۆزینکرانتز:** زۆر جوامێرانە بوو.
**گێڵدنستێرن:** بەڵام یەگجار زۆرلەخۆکردنی پێوە دیار بوو.

**ڕۆزینکرانتز:** لە پرسیارکردندا زۆر قرچۆک بوو،
بەڵام لە وەڵامدانەوەدا یەگجار دەستکراوە بوو.
**شاژن:** ئەرێ هیچ داواتان لێی کرد
بۆ کات بەسەربردنێکی خۆش؟
**ڕۆزینکرانتز:** خانم وا ڕێک کەوت کە ئێمە لە ڕێگادا بە پێش هەندێک
شانۆڤان کەوتبووین: ئێمەش لەبارەی ئەوانەوە پێیمان گوت،
وادیاربوو بەجۆرێک ئەمەی پێ خۆش بوو کە گوێی لەمە بوو.
ئێستا ئەوان لە جێگایەکی ناو کۆشکدان،
وەک من بیزانم، ئێستا ئەوان داوایان لێ کراوە
ئەمشەو شانۆییەک لەپێش ئەو پێشکەش بکەن.
**پۆلۆنیەس:** ئەوە زۆر ڕاستە.
ئەو تکای لێ کردم لە ئێوەی شکۆدار بپاڕێمەوە
ئەو شانۆییە ببیستن و ببینن.
**شا:** ئێمەش پڕبەدڵ پێمان خۆشە، هەروا من زۆر دڵخۆشم
کە دەبیستم ئەو ئەم جۆرە مەیلانەی هەیە. –
جوامێرانی چاک، پتر هانی بدەن و
وای لێ بکەن مەیلی بکەوێتە سەر ئەم بەزمانە.
(ڕۆزینکرانتز و گێڵدنستێرن دەچنە دەرەوە)
**شا:** (گێرترۆد)ی شیرین، ئەتۆش بەجێمان بهێڵە.
چونکە ئێمە بەدزی بەدوای (هاملێت)مان دا ناردووە بێتە ئێرە،
وامان کردووە وەک بڵێی ئەو بەڕێکەوت
(ئۆفیلیا) لێرە ببینێت.



باوکی و من – دوو سیخوڕی یاسایین –
وا لەخۆمان دەکەین ببینین و نەبینرێین،
کە ڕەنگە لە ژوانەکەیاندا بەڕاشکاوی ئەو بڕیارە بدەین و
لە ئەنجامی ئەوەشەوە ئەوەمان دەست بکەوێت، وەک ڕەفتار
دەکات،
ئەگەر هۆی ئەو گرفتارییەی ئەو ئەوین بێت یان نا،
کە ئەو ئاوەها لە پێناویدا دەتلێتەوە.
**شاژن:** من بەگوێت دەکەم. –
تۆش (ئۆفیلیا)، حەز دەکەم
جوانی دڵڕفێنی تۆ هۆیەکی دڵخۆشکەری
شێتبوونی هاملێت بووبێت. هیواداریشم چاکی تۆ
سەرلەنوێ ئەو بگەڕێنێتەوە سەر ڕێی ژیان،
کە ئەمەش بۆ سەربەرزی هەردووکتانە.
**ئۆفیلیا:** خانم، منیش حەز دەکەم وابێت.
(شاژن دەڕوات)
**پۆلۆنیەس:** ئۆفیلیا، تۆ بڕۆ ئەوێ. – (بۆ شا) گەورەی شکۆمەند، ئەگەر
پێت خۆشە
ئێمە خۆمان لە پەنا دەنێین. – (بۆ ئۆفیلیا) تۆ لەو کتێبە
بخوێنەوە
تا خوێندنەوەکەت لەوانەیە ڕەنگ و ڕوخساری تەنیاییت
دەربخات.– زۆرجاران ئێمە گلەیی ئەوەمان لێدەکرێت –
ئەوەش زۆر جاران سەلمێنراوە – ئێمە بە دەمامکی

خواپەرستی و
کارو کردەی خواناسانەوە، تەنانەت وا دەکەین
کە شەیتانیش شیرین دەربکەوێت.
**شا** (لەلاوە): ئۆه، ئەمە یەگجار راستە!
وای ئەم قسەیە چ چزووێکی تیژ لە ویژدانم دەچەقێنێت!
ڕوومەتی قەحپان، کە بە ئارایشتی هونەری رازێنراوەتەوە،
ناشیرینتر نییە لەچاو ئەو شتەی کە جوانی پێ دەبەخشێت
هێندەی کردارەکانم کە قسە درۆیاوییەکانم دەیانرازێنێتەوە.
وای لەم بارە قورسەی من.
**پۆلۆنیـەس:** گوێم لێیـەتی وا بـەرەو ئێرە دێت. سـەروەرەکەم، با ئێـمە خۆمان بکێشینەوە.
(هاملێت دێتە ناوەوە)
**هاملێت:** ببیت یان نەبیت – ئا ئەمە مەسەلەکەیە.
ئاخۆ ئابڕومەندانەترە کە مێشکت ئازاری
پلار و تیرەکانی چارەنووسی دژوار بچێژیت،
یان دژی دەریایەک کێشە بجەنگیت و
بەوەی دژایەتییـان دەکەیت کۆتاییـیان پێ بهێنیت؟ – بمریت – بخەویت
هەرئەوەندەیە و بەس، جا ئەگەر وابێت ئێمە بەخەوتن کۆتایی
بەئێشی دڵمان دەهێنین، لەگەڵ هەزاران کارەساتی ژیان
کە جەستە میراتگریەتی، ئەمەش سەرەنجامێکە کە زۆر جەرگسۆزانە



حەزی لێ دەکرێت. بمریت – بخەویت –
بخەویت! لەوانەیە خەون ببینیت. ئای ئەمە گرفتەکەیە،
چونکە لەو خەوتنەی مەرگدا لەوانەیە چ خەونێک ببینین،
دوای ئەوەی ئارێشەکانی ئەم ژیانە تووڕ هەڵدەدەین،
ئەمەیە وامان لێ دەکات دوودڵ بین. هەر ئەم لێکدانەوەیە
کە دەردەسەری ژیانێکی وا درێژ پەیدا دەکات.
ئەگینا کێ بەرگەی قامچی و ریسوایی رۆژگار دەگرێت،
خراپەی چەوسێنەران، گوفتارو کرداری ئابڕووبەرانەی لەخۆبایی یان،
ئازاری عیشقێکی ریسواکراو، بەدواخستنی یاسا،
قسەی رەق و وشکی کاربەدەستان، ئەو جوێنانەی
کە مرۆڤە پشوودرێژە چاکەکان لە کەسانی هیچ و پووچ قبووڵی دەکەن،
لەکاتێکدا لەوانەیە ئەو کەسە بتوانێت بە خەنجەرێکی رووت
گیانی خۆی ئازاد بکات؟ کێ هەیە ئەو بارە قورسانە هەڵبگرێت و
لەژێر باری ئەو ژیانە مرۆڤ رەتێنەدا بنقێنێت و ئارەقە دەربدات،
مەگەر لەترسی شتێکی دوای مردن نەبێت –
ترسی ئەو وڵاتە نەدۆزراوەیەی کە هیچ گەشتکەرێک
لەودیو سنوورەکەی ناگەڕێتەوە – ئەمەیە سەر لە ویست دەشێوێنێت و
وامان لێ دەکات هێشتا هەر ئەو دەردانە بچێژین کە هەمانە و

نەفرین بەرەو ئەوانەی کە نازانین چین؟
ئا بەم جۆرە هۆشیاری وا لە هەموومان دەکات ترسنۆک بین،
هەر بۆیەشە رەنگە سروشتییەکەی بڕواقایمی
بەهۆی رەنگزەردییەکانی بیرکردنەوەوە روخساری نەخۆشانی گرتووە.
جا کارو پڕۆژە بەرزو مەزنە شایستەکان
کە بەم جۆرە بیریان لێ دەکرێنەوە، گوڕوتینیان لاخوار دەبێتەوە و
ناوی جێبەجێکردن بەخۆوە نابینن. (دەبینێت ئۆفیلیا نوێژ دەکات)
ئێستا نەرم و لەسەرخۆ بەرەوە!
ئەوەتا ئۆفیلیای نازدار!–
(بۆ ئۆفیلیا) ئەی پەری، لە نوێژەکانتا
هەموو گوناهەکانمت بەبیر بێتەوە.

**ئۆفیلیا:** ئەی سەروەری چاکم،
ئەو چەند رۆژانەی دوایی چۆن بوویت؟

**هاملێت:** من بەبێ فیزی سوپاست دەکەم. چاکم، چاکم، چاکم.

**ئۆفیلیا:** ئەی سەروەرم، من دیارییەکانی تۆم لان،
زۆر لەمێژ بوو حەزم دەکرد بۆتم بگەڕاندبووانایەوە.
تکایە ئێستا وەریان بگرەوە.

**هاملێت:** نا، من نا،
من هەرگیز هیچم نەداوەتە تۆ.

**ئۆفیلیا:** ئەی سەروەری ئابڕوومەندم، تۆ باش دەزانیت وات کردووە،



لەگەڵ ئەوانیش بە هەناسەکەت وشەی وا شیرینت هۆنیبۆوە
کە دیارییەکانی دەوڵەمەندتر دەکرد. ئەوان بۆن و بەرامەی خۆیان لە دەست داوە،
وەریان بگرەوە، چونکە دیاری نازدار لەلای خاوەن عەقڵانی شکۆدار
بایەخیان لەدەست دەدەن کاتێک بەخشەرانی دڵڕەقی دەنوێنن.
ها وەریان بگرەوە، سەروەرم. (دیارییەکان دەداتەوە هاملێت)

**هاملێت:** ها، ها، تۆ ئابڕوومەندیت؟

**ئۆفیلیا:** سەروەرم؟

**هاملێت:** ئەرێ تۆ جوانیت؟

**ئۆفیلیا:** مەبەستی بەڕێزتان چییە؟

**هاملێت:** مەبەستم وایە ئەگەر ئابڕوومەند و جوان بیت، پێویستە ئابڕوومەندیت ببێتە رێگر لەبەردەم گەیشتن بە جوانیت.

**ئۆفیلیا:** گەورەم، ئەرێ جوانی دەتوانیت جگە لە ئابڕوومەندی سەروکاری لەگەڵ شتێکی باشتردا هەبێت؟

**هاملێت:** بەڵێ، ئەوەی راستی بێت، هێزی جوانی بەزوویی دەتوانێت ئابڕوومەندی بگۆڕێت بۆ گاندەری، بەڵام هێزی ئابڕوومەندی ناتوانێت وا لە جوانی بکات وەکو ئەوی لێ بێت. جاران ئەم قسەیە پێچەوانە بوو. بەڵام رۆژگاری ئێستا بەڵگەیە بۆ ئەو قسانە. من بەراست جارێکیان تۆم خۆشویست.

**ئۆفیلیا:** ئەوەی راستی بێت، سەروەرم، تۆ وات لێ کردم وا باوەڕ بکەم.

**هاملێت:** نەدەبوو باوەڕت پێم بکردایە، چونکە گەرچی چاکەش

لەناخماندا متووربە بکرێت، بەڵام هێشتا گوناهی یەکەممان تێدا ماوە. من تۆم خۆش نەویستووە.

**ئۆفیلیا:** بەوەش من زێتر هەڵخەڵەتێنراوم.

**هاملێت:** برۆ بۆ دێرێک و ببە رەبەن. بۆ تۆ ببیتە دایکی گوناهباران؟ من بەخۆم تاڕادەیەک چاکەکارم. بەڵام هێشتا من خۆم بەو شتانەوە تاوانبار دەکەم، کەوا باشتر بوو دایکم منی نەببوایە. من زۆر لەخۆبایی، تۆڵەسێن و چڵێسم، خراپەی زیاتریش چاوەڕوانی ئەوەن من بانگیان بکەم کە من بیرم نییە تیایانی دابنێم، ئەندێشەم نییە شێوەداریان بکەم یان کاتم نییە بەکاریان بهێنم. دەبێ کەسانی وەکو من کە لە نێوان ئاسمان و زەوی دا دەخشن چی بکەن؟ ئێمە هەموومان خوێڕی تەواوین: بۆیە باوەڕ بە هیچمان مەکە. برۆ بەڕێی خۆتا بۆ ڕەبەنایەتی. – باوکت لەکوێیە؟

**ئۆفیلیا:** سەروەرەکەم، ئەو لە ماڵە.

**هاملێت:** دەرگاکانی وا بەتووندی لەسەر دابخە کە نەتوانێت لە هیچ جێگاتیەکی تر جگە لە ماڵی خۆی گێلایەتی بنوێنێت. خوا حافیز.

**ئۆفیلیا** (لەلاوە): ئۆه، ئاسمانی چاک، یارمەتی بدە.

**هاملێت:** ئەگەر شووت کرد، من ئەو دەرد و سندانەت وەکو شیربایی پێ دەدەم – ئەگەر وەکو سەهۆڵیش پاکیزە بیت، وەکو بەفر خاوێن بیت تۆ لە بوختان دەرباز نابیت. برۆ ڕەبەنگایەک، برۆ، خوات لەگەڵ. یان ئەگەر ویستت مێرد بکەیت، مێرد بە گەوجێک بکە چونکە مرۆڤی ژیر باش دەزانن وایان لێ دەکەیت ببنە چ



درنجێک. برۆ رەبەنگایەک و زۆریش پەلە بکە. خوات لەگەڵ.

**ئۆفیلیا** (لەلاوە): ئەی هێزە ئاسمانییەکان، چاکی بکەنەوە!

**هاملێت:** من زۆرێکم لەبارەی ئارایشتکاری تۆوە بیستووە. خودا دەموچاوێکی بەتۆ داوە، بۆچی خۆت دەکەیتە کەسێکی تر. تۆ سەما دەکەیت، تۆ بەلارولەنجە دەڕۆیت، تۆ بە پتەزمانی دەدوێیت و ناووناتۆرە لە خەڵقەندەی خوا دەنێیت و وا دەردەخەیت کە لە حەز و مگێزی خۆت بێ ئاگایت. برۆ، من چی ترم لێت ناوێت. ئەمە منی شێت کردووە. من دەڵێم، ئێمە هیچ زەماوەندێکی ترمان نابێت. ئەوانەی خێزاندارن، جگە لە یەکێکیان، هەموویان دەژین، ئەوانی دی وەک خۆیان دەمێننەوە. برۆ، رەبەنگا، برۆ.

(دەڕوات)

**ئۆفیلیا:** ئۆه، چ مێشکێکی جوامێرانە لێرەدا وێران بووە!
لە جوامێران زمانیان، لە سەربازان شمشێریان، لە زانایان چاویان،
جێی ئومێد و گوڵی ئەو دەوڵەتە نازدارە،
ئاوێنەی رەفتارچاکی و قالبی شێوەکان،
جێ چاوی چاوتێبڕان – بەتەواوی، بەتەواوی داڕماوە!
منیش لە هەموو خانمێک زیاتر تێ هەڵدراوم و داماوم،
چونکە هەنگوینی مۆسیقای بەڵێنەکانم مژیوە،
ئێستا دەبینم ئەو مێشکە شکۆدارە هەرە سەروەرە
وەکو زەنگوڵە دەنگخۆشەکان مۆسیقای نەشاز و بێ ئاواز لێدەدات،

ئەم روخسارە بێ هاوتایە و ئەو گەنجە تازە شکۆفەداوە،
بەشێتی گرفتار بووە. ئای چ خەفەتخانم من
کە ئەوەی بینیومە بینیومە و بڕوانن ئێستاش چ دەبینم.
(شا و پۆلۆنیەس دێنە ناوەوە)

**شا:** خۆشەویستی! هەستەکانی ئەو بەلای ئەمەدا ناچن،
هەروەها ئەوەی گوتیشی، هەرچەندە داڕشتنەکەی تۆزێک
ناتەواو بوو،
بەڵام بە شێتێتی نەدەچوو. شتێک لەناو رۆحی ئەودا هەیە
کە خەمبارییەکەی لەسەری کورک بووە،
من لەوە دەترسم کە ترووکا و بەدیارکەوت
هەندێک مەترسی لێوە پەیدا بێت، جا بۆ رێگرتن لەمە
وا من بەخێرایی بڕیارەکەم دەرکرد
بۆ بنبڕکردنی ئەو کارە، ئەو پێویستە بەپەلە بچێتە ئینگڵتەرا
بۆ داواکردنی ئەو سەرانەیەی پشتگوێ خراوە.
لەوانەیە دەریا و وڵاتانی جیاواز
لەگەڵ شتی جۆراوجۆری تر، ئەو مەسەلەیەی
لەناو دڵی ئەودا رەگی داکوتاوە ببەنە دەر،
کە هێشتا مێشکی هەر لەو بارەیەوە لە گەڕدایە و ئەمەش وا
دەکات
لە ڕەفتاری ئاسایی خۆی جیا بێت. تۆ رات چییە؟

**پۆلۆنیەس:** ئەمە چاکی دەکاتەوە، بەڵام من هێشتا باوەڕم وایە
کە سەرچاوە و سەرەتای خەمی ئەو
بەهۆی خۆشەویستی پشتگوێ خراوەوەیە. – ئۆفیلیا، ئێستا



چی هەیە!
پێویست ناکات پێمان بڵێی (هاملێت)ی سەروەر چی گوت،
ئێمە هەموویمان گوێ لێ بوو. – (بۆ شا) سەروەرم، چیت پێ
خۆشە وا بکە،
بەڵام ئەگەر پێت باشە، دوای شانۆییەکە
رێ بدە شاژنی دایکی بەتەنیا لێی بپاڕێتەوە
هۆی خەمەکانی خۆی پێ بڵێت. با ئەو لەگەڵی راستەوخۆ
بدوێت،
جا ئەگەر پێت خۆشە، من خۆیان لێ لە پەنا دەنێم و گوێ
لە قسە و باسەکانیان دەگرم. ئەگەر پێی نەدۆزرایەوە،
بۆ ئینگڵتەرا بینێرە یان لەو شوێنە بەندی بکە
کە ژیرایەتی تۆ بیری لێ دەکاتەوە.

**شاژن:** هەرواش دەبێت،
شێتێتی مرۆڤی مەزن نابێ بەبێ چاودێری بێت.
(دەڕۆن)

## دیمەنی دووەم

*(هۆڵێک لەناو قەڵاکەدا)*
*هاملێت و دوو یان سێ شانۆڤان دێنە ژوورەوە.*

**هاملێت:** تکایە قسەکە بەم جۆرە بڵێ کە من بۆتم گوت، با نەرم و
ناسک بێت لەسەر زمانت، بەڵام ئەگەر تۆ هاوار دەکەیت، وەک
زۆر ئەکتەر وا دەکەن، پێم باشترە کە جارچی شار دێرەکانم

بڵێن. هێندەش بەدەستەکانت هەوا مەبڕەوە و کەرتی مەکە. ئاوا، (لە هەوادا بەدەستەکانی گرێشمە و جوولە دەست دەکات) بەڵام هەر هەمووی بەنەرمی بکە، چونکە دەتوانم بڵێم، لە تەوژم و زریان و گەردەلوولی راستەقینەی سۆزەکانتا، پێویستە تۆ میانڕەوی بکەیت کە ڕەنگە ببێتە هۆی نەرمی. ئۆه، چەند ئازاری رۆحم دەدات کە دەبیستم برادەرێکی توندگۆی باڕووکە لەسەر سۆزی خۆی تا دوا زیواڵ لەتلەت دەکات و گوێی بینەرە لەسەر زەوی دانیشتووەکانی پێ شەق دەکات، کە بەشی زۆری ئەوان، توانایان نییە لە هیچ بگەن جگە لە نمایشی بێ دەنگ و هەرای بێ هاوتا. من ئەو برادەرەی کە ڕۆڵی (تارماگانت)ی گێڕا پێم خۆشە بە قامچی دایبێژم، چونکە ئەو (هێرۆد) لە هێرۆدایەتی دەخات. تکایە لەو کارانە بەدوور بە.

**شانۆڤانی (١)**: بەڕێزتان دڵنیا دەکەمەوە.

**هاملێت:** هێندەش دەستەمۆ مەبە، با وریایی خۆت رابەرت بێت. کارەکە لەگەڵ وشە بگونجێنە، وشەش لەگەڵ کردار، تەنیا و بەتایبەتی ئاگات لەوە بێت، لە میانڕەوی تێ مەپەڕێنە. جا هەر شتێکی وا زێدەڕۆیی تێداکراو دوورە لە مەبەستی نواندن، کە ئامانجەکەی لە سەرەتا و ئێستاشدا، جاران و هەنووکە ئەوەیە و ئەوە بووە کە ببێتە ئاوێنە و سروشت رەنگ بداتەوە، روخسارەکانی چاکە دەربخات و وێنەکانیشی ریسوا بکات و رۆژگار و جەستەی سەردەمەکە بکاتە شێوە و ناوەرۆکی بابەتەکە. ئێستا، ئەم زێدەڕۆییە کەم و کورتییە هەرچەندە وا لە کەسانی نەزان دەکات پێ بکەنن، بەڵام وا لە ژیرەکان دەکات



خەم بخۆن، کە بڕیاری ئەوان، بەیارمەتیتان، سەرجەم بڕیاری ئەوانی ناو شانۆ بەلای خۆیدا دەشکێنێتەوە. ئۆه، ئەکتەری وا هەبووە من بینیومە نمایش بکات - بیستووشمە خەڵکی تر بەبەرزترین شێوە پێیدا هەڵبڵێن، مەبەستیشم لەمە داشۆرینیان نییە، ئەوەیە ئەوان نەدەنگ و نەرۆیشتنی مەسیحییانە، گاورانە، مرۆڤانەیان نییە، هێندە بە خۆبادان و هاتوهاوارەوە رەفتار دەکەن کە وایان لێ کردم وا بیر بکەمەوە کە کرێکارانی سروشت ئەوانیان دروست کردووە، بەڵام بەچاکیش نا، چونکە ئەوان زۆر بە بێزەوەری لاسایی مرۆڤ دەکەنەوە.

**شانۆڤانی (١)**: گەورەم، هیوادارم ئێمە تارادەیەک ئەو ناتەواوییەمان لە خۆمان چاک کردبێتەوە.

**هاملێت:** ئۆه، هەمووی چاک بکەنەوە. هەروەها رێگا مەدەن ئەوانەی ڕۆڵی گاڵتەجاڕان دەگێڕن لەوە زیاتر بڵێن کە بۆیان دانراوە. چونکە لەناو ئەواندا هی وا هەن کە بەخۆیان پێدەکەنن بۆ ئەوەی رادەی پێکەنینی بینەرە بێ زەوقەکان پتر بکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا، شانۆییەکە بابەتێکی گرنگی تێدایە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەمەش کارێکی نامەردانە دەبێت ئەگەر گاڵتەجارێک بیەوێت بۆ خۆی بەکاری بهێنێت. بڕۆن، خۆتان ئامادە بکەن.

(شانۆڤانەکان دەچنە دەرەوە)

(پۆلۆنیەس و رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دێنە ناوەوە)

(بۆ پۆلۆنیەس) بەڕێزم، ئەرێ شا دێت بۆ بینینی ئەو کارە؟

**پۆلۆنیەس:** هەروەها شاژنیش دێت و هەر ئێستاش دێن.
**هاملێت:** بە شانۆڤانەکان بڵێن پەلە بکەن. (پۆلۆنیەس دەچێتە دەرەوە)
ئەرێ ئەو دووەشتان یارمەتیان دەدەن پەلە بکەن؟
**رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن:** گەورەم، وا دەکەین.
(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دەچنە دەرەوە)
**هاملێت:** هۆراشیۆ، ئەوە لەکوێیت؟
(هۆراشیۆ دێتە ناوەوە)
**هۆراشیۆ:** لێرەم، گەورەی شیرینم، لەخزمەتتدام.
**هاملێت:** هۆراشیۆ، ئەوەندەی من لەگەڵ خەڵک قسەم کردبێت
تۆ لە هەموویان راستگۆ و دڵسۆزتریت.
**هۆراشیۆ:** ئۆی، ئەی سەروەری هێژام –
**هاملێت:** نەخێر، وامەزانە من بۆت پان دەکەمەوە،
ئاخۆ چاوەڕوانی چ سوود و قازانجێکم لە تۆوە،
کە تۆ جگە لە رۆحی چاکت هیچ سەروسامانێکی ترت نییە
خـواردن و پۆشـاکت بۆ پەیدا دەکـات؟ بۆچی مـرۆڤی هەژار
ماستاوی بۆ بکرێت؟
نەخـێـر لێگەڕێ زمـانی شـەکـەردار کـەش و فـشـی بۆش
بلێسێتەوە،
ئەژنۆی ئامادەش بۆ چەمانەوە با بۆ ئەوەبێت
کە سەرشۆڕییەکەی بەرژەوەندی بەدوادادێت. گوێت لێمە؟
لەوەتەی رۆحی شیرینم بۆتە خاوەنی هەڵبژاردنی خۆی،
دەتوانێت مرۆڤ لێک جیا بکاتەوە، هەڵبژاردنەکەشی



تۆی پەسەند کردووە. چونکە تۆ وەکو کەسێکیت
کە گشت ئازارەکانی چەشتووە، بۆیەش هیچی نەچەشتووە،
تۆ مرۆڤێکی کە سزا و پاداشتەکانی چارەنووست
بەهەمان شێوە سوپاسگوزارییەوە وەرگرتووە. جا بۆیە پیرۆزن
ئەو کەسانەی کە عەقل و سۆزیان وا بەچاکی تێکەڵ کراوە
کە نابنە بلوێر بۆ پەنجەکانی خواوەندی چارەنووس
تا ئەو ئاوازەی ئەو حەزی لێیەتی لێ بدات. مرۆڤێکم بدەرێ
کە بەندەی سۆزەکانی نییە و من ئەو مرۆڤە
لەناخی دڵم دادەنێم، لەناو دڵمی دادەنێم،
وەکو تۆ لەوێی دادەنێم. – من زۆرم لەسەر ئەو بابەتە رست. –
ئیمشەو لەبەردەم شادا شانۆییەک نمایش دەکرێت،
دیمەنێکی لەو بارودۆخە نزیک دەبێتەوە
کە پێم گوتیت، ئەویش مەرگی باوکمە.
تکات لێ دەکەم، کە بینیت ئەو کارە ئامادەیە،
بەرۆح و گیانتەوە بەتەواوی
چاودێری مامم بکە. ئەگەر گوناهە شاردراوەکەی
خۆی لە گوتەیەکدا نەخستە روو
ئەوە ئەو تارماییەی بینیوومانە تارماییەکی نەفرەتییە و
دەروون و ئەندێشـەشم وەکـو کـورەی (ڤـوڵکان)[*] پیس و
تەنیاوییە.
سەرنجێکی وردی لێ بگرە، چونکە من

(*) ڤۆڵکان: خوای ئاگرە لەلای ڕۆمانەکان. (وەرگێڕ)

چاوەکانی خۆم لە رووخساری ئەودا دەچەقێنم
ئینجا پاشتر هەردووکمان بیروڕاکانمان لێک گرێ دەدەین
بۆ هەڵسەنگاندنی روخساری ئەو.

**هۆراشیۆ**: باشە، سەروەری من،
ئەگەر کاتێ شانۆییەکە پیشان دەدرێت ئەو توانی شتێک بدزێتەوە و
خۆی لە چاودێری من دەرباز بکات، من هەرچییەکی دزراوە دەیبژێرمەوە.

**هاملێت**: ئەوان وا دێن بۆ شانۆییەکە، دەبێ من خۆم نائاسایی لێ بکەم و
تۆش شوێنێک بۆ خۆت بدۆزەرەوە.
(مارشی دانیمارکی لێدەدرێت. نووڕەی کەڕەنا)
(شا، شاژن، پۆلۆنیەس، ئۆفیلیا، رۆزینکرانتز، گێڵدنستێرن و گەورەپیاوانی تر دێنە ناوەوە و پاسەوانان بە مەشخەڵەوە دێن)

**شا** : (هاملێت)ی برازام چۆنە؟

**هاملێت**: ئەوەی راستی بێت خواردنەکەم نایابە و هی گیانەوەری خۆرپەرستە و تەنیا هەوا دەخۆم و
ئەویش ئاخنراوە بە پەیمان و بەڵێن. ناکرێت تەنانەت گێلۆکەش وا بەخێو بکەیت.

**شا** : هاملێت، من هیچ پەیوەندییەکم بەم وەڵامەوە نییە، ئەو قسانەش هی من نین.

**هاملێت**: ئێستا هی منیش نین.–(بۆ پۆلۆنیەس) بەڕێزم، وەک دەڵێیت تۆ جارێک لە زانکۆدا نمایشێکت کردووە، وا نا؟



**پۆلۆنیەس**: گەورەم، من وام کردووە و بە ئەکتەرێکی چاکیش دانرام.

**هاملێت**: ئەدی ئەو ڕۆڵەی بینیت چی بوو؟

**پۆلۆنیەس**: من رۆڵی (یۆلیۆس قەیسەر) م بینی. من لە (کاپیتۆڵ) کوژرام.
(برۆتۆس) منی کوشت.

**هاملێت**: کارێکی دڕندانە بوو کە گۆلکێکی مەزنی وەکو تۆ لەوێ بکوژێت. –
ئەرێ شانۆڤانەکان ئامادەن؟

**رۆزینکرانتز:** بەڵێ، سەروەرم. ئەوان چاوەڕوانی رێپێدانی ئێوە دەکەن.

**شاژن:** (هاملێت)ی ئازیز، وەرە ئێرە، لای من دانیشە.

**هاملێت:** نەخێر، دایکی چاکم، لێرە شتێکی سەرنج راکێشتر هەیە.
(ئەو ئۆفیلیا دەبینێت)

**پۆلۆنیەس** (بۆ شا): ئۆ هۆ، ئەوەت بینی؟

**هاملێت:** ئەرێ خانم لەناو کۆشت درێژبم؟
(لەبەر پێی ئۆفیلیا درێژ دەبێت)

**ئۆفیلیا:** نەخێر، گەورەم.

**هاملێت:** مەبەستمە، سەرم بخەمە سەر کۆشت؟

**ئۆفیلیا:** باشە، گەورەم.

**هاملێت:** وات بیرکردەوە مەبەستم لە راکشانە؟

**ئۆفیلیا:** من هیچ نازانم، گەورەم.

**هاملێت:** چ خۆشە لەناو لاقی کیژۆڵان رابکشێیت.

**ئۆفیلیا:** چی، گەورەم؟

**هاملێت:** هیچ.
**ئۆفیلیا:** گەورەم، تۆ بەکەیفیت.
**هاملێت:** کێ، من؟
**ئۆفیلیا:** بەڵێ، گەورەم.
**هاملێت:** ئەی خودایە، لەناو ئێوەدا تەنیا من لێرە گاڵتەکارم.
پیاو دەتوانێت جگە لەوەی کەیفخۆش بێت چی تر بکات؟ دە
بڕوانە،
دایکم چەند دڵخۆش دیارە و باوکم تەنیا دوو کاتژمێرە مردووە.
**ئۆفیلیا:** نەخێر، گەورەم. ئەوە چوار مانگە.
**هاملێت:** ئەوەندە لەمێژە؟ نەخێر، کەواتە، با شەیتان جلی رەش لەبەر
بکات،
چونکە من قاتێکی گرانبەها لە کەوڵی سمۆرەی رەشم هەیە.
ئەی خودایە،
دوو مانگە مردووە و لەبیریش نەکراوە؟ کەواتە ئومێدی ئەوە
هەیە کە رەنگە
یادی پیاوی مەزن نیو ساڵ دوای ژیانی بمینێت: بەڵام، بە
خانمی پیرۆز، ئەو
دەبێت کڵێسا دروست بکات دەنا هەر دەبێ ئازاری
لەبیرچوونەوە بچێژێت، ئەو
بەخۆو بە نیگارە ئەسپینەکەی لە سەر کێلەکەی نووسراوە:
"ئۆهـ، چونکە، ئۆهـ، چونکە، پیاوە ئەسپینەکە لەبیرچۆتەوە."
(پیک و دووزەلە لێدەدرێت. نمایشی بێ دەنگ دەست پێدەکات)
(شا و شاژن زۆر بەخۆشەویستییەوە دێنە ژوورەوە، شاژن



لەباوەشی دەکات و ئەویش شاژن لە باوەش دەگرێت. شاژن
کڕنووش دەبات و نیشانەیەکی بەهێزی
ئەوینداری بۆ دەکات و شا هەڵیدەسێنێتەوە و سەری دەخاتە
سەر لاملی شاژن، ئەویش شا لەسەر شوێنێکی پڕگوڵ درێژ
دەکات و کە دەبینێت خەوی لێکەوتووە بەجێی دەهێڵێت.
یەکسەر کەسێک دێتە ئەوێ و تاجەکەی لەسەر دادەکەنێت و
تاجەکە ماچ دەکات و ژەهر دەکاتە کوناگوێی شا و دەڕوات.
شاژن دەگەڕێتەوە، دەبینێت شا مردووە، رەفتار و کرداری
سۆزاوی دەنوێنێت. ئینجا ئەو کەسەی ژەهراوی کرد لەگەڵ دوو
یان سێ شینگێڕی بەکرێگیراو دیسان دێتەوە، ئەو وا
دەردەخات لەگەڵ شاژن مردووەکە دەلاوێنێتەوە. لاشە مردووەکە
لەوێ لادەبرێت. کابرای ژەهراویکەر بەدەست و دیاری خۆی
لەلای شاژن خۆشەویست دەکات، وا دەردەکەوێت شاژن بۆ
ماوەیەک ناڕازی و ناقایلە، بەڵام لە کۆتاییدا
بەخۆشەویستییەکەی رازییە.
(دەچنە دەرەوە)
**ئۆفیلیا:** گەورەم، مەبەست لەمە چییە؟
**هاملێت:** بە مەریەمە، ئەمە خراپەکاری نهێنییە، واتە خراپەکردن.
**ئۆفیلیا:** لەوانەیە ئەم نمایشە هەموو تانوپۆی شانۆییەکە دەربخات.
(پێشگوتار دێتە ناوەوە)
**هاملێت:** ئێمە بەهۆی ئەو برادەرەوە دەیزانین. شانۆکاران ناتوانن
نهێنی بشارنەوە، ئەوان هەر هەمووی دەدرکێنن.
**ئۆفیلیا:** ئەرێ ئەو پێمان دەڵێت ئەو نمایشە مانای چی بوو؟

**هاملێت:** بەڵێ، یاخود هەر پیشاندانێکی تریش کە بەوی نیشان بدەیت. شەرم مەکە لە پیشاندانی، ئەو پێی شەرم نییە پێت بڵێت ئەوە مانای چییە.

**ئۆفیلیا:** تۆ بەدکاریت، تۆ بەدڕەفتاریت، من سەیری شانۆییەکە دەکەم.

**پێشگوتار:** لەبەرخاتری ئێمە و تراژیدیاکەمان
ئێمە لەبەر چاکی ئێوە خۆ دەچەمێنینەوە و
داواکارین بەهێمنی گوێ بگرن. (دەڕوات)

**هاملێت:** ئەرێ ئەوە پێشگوتار بوو یان هێماو نیشانەی سەر ئەڵقەی زەماوەند بوو؟

**ئۆفیلیا:** گەورەم، کورت بوو.

**هاملێت:** وەکو خۆشەویستی ژنان.

(دوو شانۆڤان وەکو شا و شاژن دێنە ژوورەوە)

**شانۆڤانی شا:** سی جاری تەواو گالیسکەی (فۆیبەس)(*) سووڕایەوە
بەدەوری (نیبتۆن)(**)ی بەخوێ شۆردراو و خاکی
(تێلەس)(***)ی خڕدا گەڕایەوە،
سێ دەرزن جار مانگ بە تریفەی خواستراوییەوە
دوانزە جار سی بەسەر زەویدا خولایەوە،
لەوەتەی ئەوین دڵ و (هایمن)(****) دەستی ئێمەی لێک گرێداوە

---

(*) فۆیبەس: خوای خۆە. (وەرگێڕ)

(**) نیبتۆن: خوای دەریایە. (وەرگێڕ).

(***) تێلەس: خواوەندی خۆر. (وەرگێڕ).

(****) هایمن: خوای لێک مارەکردنە. (وەرگێڕ).



بە پەیمانی هەرە پیرۆز ئێمەی بۆ یەکتری داناوە.

**شانۆڤانی شاژن:** ڕەنگە خۆر و مانگ گەلێک گەشتی دیکەش بکەن
پێش ئەوەی خۆشەویستی ئێمە بەرەو کۆتایی ببەن!
بەڵام، ئاخ و داخ، تۆ بەم دواییانە زۆر بێ زەوق دیاری
بەزم و خۆشی جارانت نەماوە هەر بەیەگجاری،
من لەتۆ نیگەرانم. ئەگەرچیش نیگەرانم
بەڵام نابێ خەم لە هیچ بخۆیت، گیانی گیانم،
چونکە لە خۆشەویستی ژنان رادە و ڕێژە هەس
یان هەر هیچ نامێنێت یان هەر هەمووی دەبێتە هی یەک کەس.
تۆ بە ئەزموون دەزانیت خۆشەویستی من چۆن چۆنییە،
جا کە خۆشەویستیم قەبارەیەکی هەیە، ترسیشم هەر بەو چەشنییە.
ئەو کاتەی عیشق مەزنە، بچووکترین گومان ترسناک دەبێت،
ئەوکاتەش ترسێکی گچکە مەزن دەبێت کە عیشقێکی مەزن لە ئارادا بێت.

**شانۆڤانی شا:** ئەوەی راستی بێت، ئەزیزم، دەبێ بەم زووانە من بڕۆم لێرە:
چونکە هێزە چالاکەکانم کاری خۆیان پێ ناکرێت بەو گوێرە.
تۆش لەم جیهانە جوانەدا لەپاش من دەژیت و دەمێنیت،
سەربەرز و خۆشەویست، ڕەنگە کەسێکیشت لێ پەیدا بێت
وەکو من دڵنەرم بێت و ببێتە مێردت –

**شانۆڤانی شاژن:** ئۆه، ئەوەی ماوە دەری مەبڕە!

ئەو عیشقەی پێویستە بچێتە ناو سینەم کوفرە،
یاخوا لەمێردی دووەمم نەفرەتم لێ بێت،
کەس بۆ دووەم جار مێرد ناکاتەوە مەگەر یەکەمی کوشتبێت.
**هاملێت** (لەلاوە): زەقنەبووتە، زەقنەبووت.
**شانۆڤانی شاژن**: ئەو هۆیانەی کە دووەم زەماوەند دەجوولێنن
ئارەزووی نزمی قازانجن نەک عیشق و ئەوین.
مێردی دووەمم جارێکی دیش لەناودەبەم
ئەگەر ویستی لەناو جێگا دەمم بۆ بخاتە نێو دەم.
**شانۆڤانی شا**: ئێستا من پێت باوەڕدەکەم ئەوەی تۆ دەیبێژی
بەڵام ئەوەی بڕیاری لەسەر دەدەین زۆرجار دەیشکێنین بەگێژی،
بڕیار تەنیا بەندەی بیرەوەری و یادە،
کە دێتە دونیاوە بەهێزە، کە دەمینێتەوە لاواز و بەربادە،
ئێستا وەکو میوەی نەگەییو توند بەدرەختەکەوە نووساوە،
کەچی بەبێ لەقاندنەوە بەردەبێتەوە کە تەڕ و تێرئاوە.
ئەوە زۆر پێویستە کە نەماوە لەبیرمان،
کە چ شتێک قەرزاری خۆمانین بیدەینەوە خۆمان،
ئێمە لەجۆش و خرۆشدا بۆ خۆمان پێشنیار دەکەین،
کە جۆش و خرۆشەکە نەما، مەبەستەکەش لەناو دەبەین.
چ زەبری خەم بێت و چ خۆشی و شادی
کە بەجێ گەیەنران بەخۆشیان دەفەوتێن بە بێدادی،
لەو جێگەی خۆشی یەگجار سەرمەستە و خەم یەگجار داماو،



خەم دەبێتە خۆشی و خۆشی دەبێتە خەم بە کەمترین ڕووداو.
ئەم دونیایە هەتا هەتایە نامینێت ئەمەش سەیر نییە
کە خۆشەویستیمان لەگەڵ چارەنووس بگۆڕێت ئەمە چییە،
ئەمە پرسیارێکە و ئێمە دەبێت بیسەلمێنین،
ئایا ئەوین چارنووس لێدەخۆرێت یان چارەنووس ئەوین.
کە پیاوێکی مەزن دەکەوێت، بڕوانە چۆن بەردڵەکانی لێی هەڵدێن،
کاتێک هەژارێکیش سەردەکەوێت دوژمنەکانی وەکو برادەری لێ دێن.
تا ئێرە ئەوین بەدوای چارەنووس دادێت،
چونکە ئەو پێویستی بە هیچ نییە و بێ برادەر نابێت.
جا ئەو کەسەی کە پێویستە و برادەرێکی پووچ تاقی دەکاتەوە،
یەکسەر بۆی دەردەکەوێت ئەوە دوژمنە و هیچ ناباتەوە.
بەڵام وەک باوە دەبێ بەرێکی لەو شوێنەوە بەکۆتا بێنم کە دەستم پێکرد،
ویست و چارەنووسەکانمان دژی یەکتر لەکاردان دەستوبرد،
ئەمەش بەجۆرێکە کە پلانەکانمان بەردەوام تێکدراوە،
بیرەکانمان هی خۆمانە، بەڵام ئەنجامەکانیان هی خۆمان نەماوە.
جا بۆیە بیر بکەوە کە ناکەیتەوە مێردی دووەم،
بەڵکو ئەو بیرانەت بمرێنە لەگەڵ مردنی مێردی یەکەم.
**شانۆڤانی شاژن**: یاخوا زەوی خۆراکم پێ نەدات و ئاسمان ڕووناکی،

خۆشی و پشوو و شەو و ڕۆژم لێ حەرام بن سەرپاکی!
بڕوا و هیوام ببنە نائومێدی و هەناسەساردی،
کۆتاییەکەم ژیانی ناو زیندانی ڕەبەنگایان بێت بە بەربادی!
با هەموو شتێک مایەپووچ بێت کە ڕوخساری خۆشی،
من بۆی دەخوازم و با وێران بێت جۆش و خرۆشی!
لێرەو لە دونیای ئەوێ با بەردەوام ململانێ بەدوامەوە بن،
ئەگەر جارێک بێوەژن بووم و ویستمەوە بکرێمەوە بە ژن!

**هاملێت:** ئەدی ئەگەر هەر ئێستا قسەی خۆی شکاند!

**شانۆڤانی شا:** ئەو سوێندە زۆر بەقووڵی خوراوە. گیانەکەم، کەمێک جێم بهێڵە لێرە،
وا ڕۆحم بێ تاقەت دەبێت، من پێم باشە ئەو ڕۆژە بێتام و خێرە بەخەوتن لەخشتە ببەم. (دەخەوێت)

**شانۆڤانی شاژن:** بخەوە و رابهەژێنە مێشکی خۆت،
یاخوا قەت شتی خراپ لێکمان نەکات! (دەڕوات)

**هاملێت** (بۆ شاژن): خانم، چۆنت را لەو شانۆییەیە؟

**شاژن:** وابزانم خانمەکە بەڵێن و پەیمانی زۆرگەورەی داوە.

**هاملێت:** ئۆه، بەڵام ئەو قسەکانی خۆی دەباتە سەر.

**شا:** ئەرێ تۆ چیرۆکەکە دەزانیت؟ ئەرێ هیچ خراپەیەکی تێدا نییە؟

**هاملێت:** نا، نا، ئەوان تەنیا گاڵتە دەکەن، ژەهرەکەشیان هەر گاڵتەیە،
هیچ جۆرە خراپییەکی تێدا نییە.

**شا:** ناوی شانۆییەکە چییە؟

**هاملێت:** ناوی "تەڵەی مشک"ە. بزانە چۆن؟ تەنیا ئەمە خوازەیە.



شانۆییەکە وێنەی تاوانێکی کوشتنە لە ڤیەننا رووی داوە.
(گۆنزاگۆ) دەرەبەگێکە، ناوی ژنەکەی (باپتیستا)یە. هەر ئێستا
دەبیینیت، ئەمە کارێکی نامەردانەیە. بەڵام هەقمان چییە؟
خاوەن شکۆتان و ئێمە کە ڕۆحێکی پاک و ئازادمان هەیە، ئەوە
ئێمە ناگرێتەوە، با ئەسپی ڕەتاو هەر بەئازارەوە لۆتران باوێت،
خۆ ملی ئێمە لە کۆپەڵان بانەدراوە.
(شانۆڤانێک وەک لوسیانوس دێتە ژوورەوە)
ئەوە ناوی (لوسیانوس)ە و برازای شایە.

**ئۆفیلیا:** گەورەم تۆ هێندەی کۆرسەکە بەچاکی لێی دەزانیت.

**هاملێت:** من دەتوانم نێوانی تۆ و یارەکەت لێک بدەمەوە، ئەگەر من بینیم هەردووکتان عاشقایەتی دەکەن.

**ئۆفیلیا:** گەورەم، تۆ زۆر توندوتیژیت، زۆر توندوتیژ.

**هاملێت:** بەنقەنقت دەخەم ئەگەر بتەوێت نووکە تیژەکەم بۆ خۆت ببەیت.

**ئۆفیلیا:** لە لایەنێکەوە باشتریت و لەلایەنەکەی ترەوە خراپتر.

**هاملێت** (بۆ شانۆڤانەکە): ئینجا تۆ ژن و مێردەکان ببەرەوە. – دەست پێ بکە،
ئەی پیاوکوژ، بەنەفرەت بیت، ڕوخسارە خواگیرانەکانتان لابەن و دەست پێ بکەن. وەرن – قەلی قغەقغکەر بۆ تۆڵەکردنەوە دەقغێنێت.

**لوسیانوس:** بیرەکان ڕەشن، دەستەکان ئامادەن، دەرمانەکە بەکارە و کاتەکەش گونجاوە،
وەرزێکی لەبارە و هیچ بوونەوەرێک نابینرێت لەوناوە،

ئەی گیراوەی خراپ، کە لە گژوگیای شەوان چکێنراوی،
سێ جارانیش بەنەفرەتەکانی (هێکیت)(*) بەرباد و ئافاتاویتر کراوی،
توانا و هێزە ترسناکەکان و پەرجووی نائاسایی خۆت
یەکسەر برژێنە سەر ژیانێکی ساغ و زیندوویێتی بکە خۆڵەپۆت.
(ژەهر دەکاتە ناو کوناگوێی شایەکەوە)

**هاملێت:** ئەو وا بۆ سامانەکەی لەناو باخچەکەدا ژەهراوی دەکات. ناوی وی (گۆنزاگۆ)یە. چیرۆکەکە هەیە و بەزمانێکی ئیتاڵی هەڵبژاردە نووسراوە، هەر ئێستا دەبینیت پیاوکوژەکە چۆن دڵی ژنی (گۆنزاگۆ) بەدەست دەهێنێت.

**ئۆفیلیا:** شا هەڵسا و رۆیشت.

**هاملێت:** چی، لە ئاگری بەقەستی ترساوە!

**شاژن** (بۆ شا): گەورەم، چیتە؟

**پۆلۆنیەس:** شانۆییەکە بوەستێنن

**شا:** ئادەی! رێگام بۆ رووناک بکەنەوە!

**هەموویان**: رووناکی، رووناکی، رووناکی.

(هەموویان دەڕۆن جگە لە هاملێت و هۆراشیۆ)

**هاملێت:** دەبا ئاسکی زامدار بڕوات بگریت بەخەمەوە،
ئاسکە ساغەکەش هەڵدەبەزێتەوە،
چونکە هەندێک دەبێ ئێشک بگرن، کاتێک هەندێک دەبێ پاڵ بدەنەوە،

---

(*) هێکیت: خواوەندی جیهانی ژێرەوەیە و جادوو و جادووگەران و بەرفەرمانی ئەون. (وەرگێڕ).



ئەم دونیایە بەم جۆرە دەسوڕێتەوە. –
بەڕێزم، ئەگەر بەخت و چارەنووسم وەک هی تورکان بەخراپ گەڕا، ئاخۆ ئەمە و گورزە پەڕاموچەیەک و دوو گوڵی (پرۆڤێنسی) سەر پێڵاوە جووت باقیدارەکەم بەشدارییەکم لەگەڵ دەستەی شانۆکاران بۆ مسۆگەر ناکات؟

**هۆراشیۆ:** نیو بەشداری.

**هاملێت:** من بەشدارییەکی تەواوم دەبێت.
چونکە تۆ باش دەزانیت، ئەی (دامۆن)ی هێژا
ئەم هەرێمە بێ بەری کراوە
لە فەرمانڕەوایەکی بەهێز، ئێستا لێرەدا
خوێڕییەک فەرمانی لەسەرمان داناوە.

**هۆراشیۆ:** خۆزگە دێڕەکانت سەروادار بکردایە.

**هاملێت:** ئەی (هۆراشیۆ)ی چاک. من قسەکانی تارماییەکە بە هەزار پاوەند دەکڕم، بینیت؟

**هۆراشیۆ:** گەورەم، زۆر چاک.

**هاملێت:** لەگەڵ قسەی ژەهراویکردنەکە –

**هۆراشیۆ:** زۆر چاک سەرنجم لێی دا.

**هاملێت:** ئەها، ها! – وەرن، مۆسیقاژەنان! وەرن، زوڕنالێدەران!
جا ئەگەر شا حەزی لە کۆمیدیا نەبێت،
بۆچی، ئینجا، رەنگە – بەخوای حەزی لێ نەبێت. –
وەرن، مۆسیقا لێدەن!
(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دێنە ژوورەوە)

**گیڵدنستێرن:** ئەی سەروەری چاکم، رێگام بدە قسەیەکت لەگەڵ بکەم.

**هاملێت:** بەڕێزم، با بەدرێژایی هەموو مێژوو بێت.

**گیلدنستێرن:** گەورەم، شا –

**هاملێت:** باشە، بەڕێزم، چی لە شا قەوماوە؟

**گیلدنستێرن**: لەگەڕانەوەیدا بۆ ژوورەکەی خۆی زۆر خراپ سەرودڵی تێک چووبوو.

**هاملێت:** بەڕێزم، بەخواردنەوە؟

**گیلدنستێرن:** نەخێر، گەورەم، بە ڕق و تووڕەیی.

**هاملێت:** تۆ دەبوایە زۆر لەوە ژیرتر بوایت و ئەوەت بە دکتۆرەکەی بگوتایە، چونکە بۆ ئەوەی من پاکژی بکەمەوە، رەنگە من هێشتا زیاتر نقوومی تووڕەیی بکەم.

**گیلدنستێرن:** باشە، گەورەم، قسەکانت بخە ناو چوارچێوەیەکەوە و هێندە کێوییانە لەو بابەتەی من کردمەوە رامەکە.

**هاملێت:** بەڕێزم، من کەویم. – دەست پێ بکە.

**گیلدنستێرن:** شاژنی دایکت لەبارێکی پڕئازاراوی سەختی رۆحیدا، منی بۆ لای تۆ ناردووە –

**هاملێت:** بەخێر بێیت.

**گیلدنستێرن:** نەخێر، گەورەی چاکم، ئەم جۆرە رێزلێنانە چەشنە راستەکە نییە. ئەگەر پێت خۆشە وەڵامێکی راست بدەیتەوە، من فەرمانی دایکتت پێ رادەگەیەنم، ئەگەرنا، داوای لێبووردن دەکەم و گەڕانەوەم دەبێتە کۆتاییهێنان بە ئیش و کاری ئێرەم.

**هاملێت:** بەڕێزم، ناتوانم.

**گیلدنستێرن:** گەورەم، چی؟

**هاملێت:** با وەڵامێکی دروستت بدەمەوە. من مێشکم تێکچووە. بەڵام،



بەڕێزم ئەو وەڵامەی من دەیدەمەوە، کە لەژێر فەرمانتدا دەبێت، یان، چاکترە وەک تۆ دەیڵێیت، دایکم دەیڵێت، بۆیە هەر هێندەیە و لەبارەی ئەوەوەیە. تۆ دەڵێیت، دایکم –

**رۆزینکرانتز:** ئینجا ئەو وادەڵێت: رەفتاری تۆ ئەوی تووشی نیگەرانی و پەشۆکان کردووە.

**هاملێت:** ئۆی لەو کوڕە سەرسوڕهێنەرەی کە دەتوانێت سەری دایکی وا سوڕبهێنێت – بەڵام ئاخۆ هیچی تر لەدوای ئەو سەرسوڕمانەی دایکەکەوە نایەت؟ بیڵێ.

**رۆزینکرانتز:** ئەو حەز دەکات، پێش ئەوەی بچیتە ناو نوێن، لە ژوورەکەی خۆی قسەت لەگەڵ بکات؟

**هاملێت:** ئێمەش گوێڕایەڵ دەبین، ئەگەر ئەو دە جاریش دایکم بوایە. ئەرێ چ تێکەولێکەی ترت لەگەڵ ئێمە هەیە؟

**رۆزینکرانتز:** گەورەم، جاران تۆ منت خۆش دەویست.

**هاملێت:** ئێستاش هەروایە، بەسەری ئەو دەستە ببەر و بدزانەم. (دەڕوانێتە دەستەکانی خۆی)

**رۆزینکرانتز:** باشە گەورەم، هۆی ئەو تێکچوونەی تۆ چییە؟ بێگومان تۆ دەرگا لەسەر ئازادی خۆت دادەخەیت ئەگەر خەفەتەکانی خۆت بە هاوڕێی خۆت نەڵێیت.

**هاملێت:** بەڕێزم، من بەرەو پێشەوەچوونێکم نییە.

**رۆزینکرانتز:** ئەمە چۆن دەبێت لەکاتێکدا تۆ دەنگی شات لەپشتە بۆ ئەوەی دوای ئەو بچیتە سەر تەختی پاشایەتی دانیمارک؟

**هاملێت:** بەڵێ، گەورەم. بەڵام وەکو پەندەکەی "کەرە مەمرە بەهار هات " دەڕزێت.

(شانۆڤانەکان بە زوڕناوە دێنە ژوورەوە)

ئۆه، زوڕناکان – با تەماشای یەکێکیان بکەم. (زوڕنایەکی پێ دەدەن) – با بەتەنیایی لەگەڵتان بدوێم – بۆچی وام لێ دەکەن لەگەڵ ئاراستەی بایەکە رابکەم وەک بڵێی دەتانەوێ بەداوەوەم بکەن؟

**گیلدنستێرن:** گەورەم، ئەگەر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانمدا یەکجار توندم، ئەوە لەبەرئەوەیە کە خۆشەویستییەکەم زۆر نائاساییە.

**هاملێت:** من باش لەوە ناگەم. ئەرێ ئەو زوڕنایە ناژەنیت؟

**گیلدنستێرن:** گەورەم، ناتوانم.

**هاملێت:** تکات لێ دەکەم.

**گیلدنستێرن:** باوەڕم پێ بکە، ناتوانم.

**هاملێت:** لێت دەپاڕێمەوە.

**گیلدنستێرن:** گەورەم، من ناتوانم پتی لێ بدەم.

**هاملێت:** لێدانی ئەمە وەکو درۆکردن ئاسانە. پەنجە و کەڵەمووستت لەسەرئەو جێ پەنجانە دابنێ و بە دەمت فووی تێ بکە و خۆشترین مۆسیقای لێ پەیدا دەبێت. بڕوانە، ئا ئەمانە کونی دەنگەکانن.

**گیلدنستێرن:** بەڵام من ناتوانم هیچ جۆرە ئاوازێکی سازگاری لێوە دەربکەم. من هیچ شارەزاییەکم لێی نییە.

**هاملێت:** بۆچی، ئێستا بڕوانە، تۆ من چەند بێ بەها دەکەیت! تۆ دەتەوێت یاری بە من بکەیت، تۆ وا دەردەخەیت کە دەزانیتکونە دەنگەکانم کامانەن ؛ تۆ دەتەوێت ناخی شاراوەم دەربهێنیت، تۆ دەتەوێت لە نزمترین ئاوازەوە تا بەرزترین ئاواز بە من لێبدەیت.



ئا لەناو ئەو ئامرازە بچکۆڵەدا مۆسیقایەکی زۆر و دەنگێکی نایاب هەیە، کەچی تۆ ناتوانیت بە قسەی بهێنیت. بەخوێنی خواوەند، تۆ وادەزانیت من لەو زوڕنایە ئاسانترم بمژەنیت؟ تۆ حەزت لێیە بە چ ئامرازێک بانگم بکەیت بانگم بکە، بەڵام تۆ ناتوانیت من ببەستیت و پەستم بکەیت و بمژەنیت –

(پۆلۆنیەس دێتە ناوەوە)

بەڕێزم، خوا پیرۆزت بکات!

**پۆلۆنیەس:** گەورەم، شاژن دەیەوێت لەگەڵت بدوێت و هەر ئێستاش.

**هاملێت:** ئەتو ئەو هەورەی ئەوێندەر دەبینیت کە لەسەر شێوەی وشتردایە؟

**پۆلۆنیەس:** سوێندم بە قوربانی پیرۆز، هەر بەڕاستی لە وشتر دەچێت.

**هاملێت:** نا وابزانم لە ڕاسوو(*) دەچێت.

**پۆلۆنیەس:** سەرپشتی هەر دەڵێی هی راسووە.

**هاملێت:** یان بە نەهەنگ دەچێت؟

**پۆلۆنیەس:** زۆر لە نەهەنگ دەچێت.

**هاملێت:** کەوابوو هەر دەمێکی تر دێمە لای دایکم. – (لەلاوە) ئەوان تا ئەوپەڕەکەی بە گێلم دەزانن. – (بۆ ئەوانی تر) دوای کەمێکی تر دێم.

**پۆلۆنیەس:** وای پێ دەڵێم.

**هاملێت:** "دوای کەمێکی تر" بەئاسانی دەگوترێت.

هاوڕێیان، بەجێم بهێڵن.

(*) راسوو: جۆرە گیانەوەرێکی کێوییە جورج و کەروێشک و... هتد دەخوات. (وەرگێڕ)

(ڕۆزینکرانتز، گێڵدنستێرن، هۆراشیۆ و شانۆڤانان دەچنە دەرەوە)

ئێستا کاتێکی زۆر ئەفسووناوی شەوە،
که لەم کاتەدا گۆڕستانەکان باوێشک دەدەن و دۆزەخیش خراپە
لەگەڵ هەناسەکەی دەنێرێتەوە ناو ئەم دونیایە. ئێستا دەتوانم
خوێنی گەرم بخۆمەوە و کاری وا خراپ بکەم کە ڕۆژ
بە تەماشاکردنی لەرز بیگرێت. ئارام بەرەوە! ئێستا دەچمە لای
دایکم. –
ئەی دڵ، سروشتی خۆت لەدەست نەدەیت، هەرگیز لێ مەگەڕێ
ڕۆحی (نیرۆ)(*) بخزێتە ناو ئەو سینە قایمەت.
با من دڵڕەق بم، بەڵام ناسروشتی نەبم،
من وشەی خەنجەراوی لەگەڵی بەکار دەهێنم، بەڵام خەنجەرەکە نا؛
زمان و دڵم لەم کارەدا دووڕوویی دەنوێنن –
هەرچەندە بە قسەکانم بریندار و ڕیسوای دەکەم
بەڵام لە بەجێگەیاندنیا، هەرگیز بە ڕۆحم پەسەندی ناکەم.
(دەڕوات)

(*) نیرۆ: خراپترین ئیمپراتۆری ڕۆمانی بوو کە دایکی خۆی کوشت و کارە خراپەکانی تری بوونە هۆی وێرانبوون ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. (وەرگێڕ)



## دیمەنی سێیەم

*(ژوورێکی ناو قەڵاکە)*
*شا و ڕۆزینکرانتز و گێڵدنستێرن دێنە ژوورەوە.*

**شا:** من کەیفم پێی نایەت، هەروەها بۆ ئێمەش سەلامەت نییە
بوار بە شێتایەتییەکەی بدەین. بۆیە ئامادە بن،
من دەستوورنامەتان پێ دەدەم بۆ باج کۆکردنەوە،
ئەویش لەگەڵ ئێوە دێتە ئینگلتەرا.
بارودۆخی فەرمانڕەوایەتی ئێمە بەرگەی ئەوە ناگرێت
مەترسی هێندە لێمانەوە نزیک بێت کە سات بەسات
شێتایەتییەکەی ڕوو لەزیادبوونە.
**گێڵدنستێرن:** ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین.
ترسی گەورە و هەرە مەزن لەبارەی
سەلامەتی ئەو هەموو خەڵکە زۆر زۆرەیە
کە لەژێرسایەی پڕشکۆتان دەژین و خواردن دەخۆن.
**ڕۆزینکرانتز:** پێویستە ژیانی تاک و تایبەتی
بەهێزو تواناکانی مێشک
خۆی لە خراپە بەدوور بگرێت، جا ئەمە چەندین قات ڕاستترە
لە بەچاکی مانەوەی ڕۆحێکدا کە ژیانی زۆران کەسی
پێوە بەندە و پەیوەستە. نەمانی شای شکۆمەند
بەتەنیا خۆی نافەوتێنێت، بەڵکو وەکو گێژەنێکە هەر کێی
لە دەوروبەری بێت لەگەڵ خۆی ڕاپێچی دەکات. ئەو پێچکەیەکی

مەزنە
کە لەسەر ترۆپکی بەرزترین چیادا دانراوە،
هەزاران شتی بچووکتر بەناو تیرەکانیەوە
بەستراون و تێک هەڵکێش کراون، جا کە ئەو بەردەبێتەوە
هەرشتێکی پێوەلکاوی بچووک و سیوسیوە و ئەنجامە وردیلەکانیش
لەگەڵ ئەو تێکشکانە مەزنەدا دەکەوێت. هەرگیز شا
بەتەنیا هەنسک نادات، بەڵکو ئاه و ناڵینی ئەو گشتییە.
**شا:** تکاتان لێ دەکەم، خۆتان ئامادەبکەن بۆ ئەم گەشتە خێرایە،
چونکە ئێمە سندم دەکەینە پێی ئەو ترسەی
ئێستا بەئازادی دەگەڕێت.
**رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن:** ئێمە پەلە دەکەین.
(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دەڕۆنە دەرەوە)
(پۆلۆنیەس دێتە ژوورەوە)
**پۆلۆنیەس:** گەورەم، ئەو وا دەچێتە ژووری دایکی.
من خۆم لەپشت پەردەکاندا دەنێم
بۆ ئەوەی گوێم لە قسەکانیان بێت، دڵنیام دایکی رەخنەی توندی لێ دەگرێت.
هەروەک خۆشت گوتت و زۆر ژیرانەشت گوت،
وا باشە کەسێکی تر جگە لە دایکی
(چونکە سروشت ئەوان دەکاتە لایەنگری یەکتر) لەو بارەیەوە
گوێ لە قسەکانیان بگرێت. ئەی پشتیوانم، خوا حافیز.




پێش ئەوەی بچیتە ناو نوێن، دێمەوە لات،
ئەوەی بیزانم پێت دەڵێم.
**شا:** سوپاس، ئەی خانەدانی خۆشەویستم.
(پۆلۆنیەس دەچێتە دەرەوە)
ئۆه، تاوانی من پیسە و بۆنی دەگاتە ئاسمان،
یەکەمین و کۆنترین نەفرەت لەو تاوانە کراوە –
کە کوژتنی برایە! – ناتوانم نوێژ بکەم،
ئەگەرچی ئارەزووشم بەقەد ویستم بەهێز بێت.
گوناهە بەهێزترەکەم نیازە بەهێزەکەم دەبەزێنێت،
وەکو مرۆڤێکم کە دەبێ دوو کار بکات،
دوودڵم و نازانم کیهایان زووتر دەست پێ بکەم،
هەردووکیشیان پشتگوێ دەخەم. چییە ئەگەر ئەو دوو دەستە نەفرەتییەم
بەخوێنی براکەم لەخۆی قورستر بێت،
ئایا لە ئاسمانی شیریندا ئەوەندە بارانە نییە
بیشواتەوە و وەکو بەفری سپی لێ بکات؟ بەزەیی کەلکی چی هەیە
ئەگەر نەتوانێت بەرپەرچی گوناه بداتەوە و بیبەزێنێت؟
نوێژ چی تێدایە جگە لەو هێزە دووقاتەی –
کە رێگا لە گوناه بگرێت پێش ئەوەی تووشی رووخان بێت
یان کاتێک دەکەوین بمانبەخشێت؟ جا بۆیە من سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە،
گوناهی من تێپەڕیوە. بەڵام، ئۆه، چ جۆرە نوێژێک

بەکەلکی من دێت؟ "لە گوناهی چەپەڵم ببوورە "؟
ئەمە نابێت، چونکە من هێشتا خاوەنی ئەو شتانەم
کە لە پێناویاندا ئەو کوشتنەم بەئەنجام گەیاند –
تانجەکەم، چڵێسییەکەم، شاژنەکەم.
ئایا دەشێ کەسێک ببەخشرێت و هێشتاش خۆشی لە ئەنجامی تاوانەکەی بچێژێت؟
لە کارو بەسەرهاتی گەندەڵی ئەم دونیایەدا
لەوانەیە دەستی زێرینی تاوان پاڵ بە دادوەرییەوە بنێت و
زۆر جار بینراوە کە تاوانباران سزای یاساییان
لە یاسادا بە بەرتیل بۆخۆیان کردۆتە خەڵات. بەڵام لە ئاسماندا وانییە،
لەوێ هیچ فرۆفێڵێک نییە – لەوێ کارو کردارەکە
بە سروشتی راستەقینەی خۆی دەردەکەوێت و ئێمە بەخۆمان ناچارین
راستی تاوانەکانمان بە تەوێڵی تاوانەکانماندا بدەینەوە و
بەڵگەکان ئاشکرا بکەین. ئینجا ئەوسا؟ چی دەمێنێتەوە؟
پەشیمانی دادی چی دەدات، چی دیکەش ناکرێت؟
چی دەکرێت کاتێک کەسێک ناتوانێت پەشیمان بێتەوە؟
ئای لەو کڵۆڵییە! ئای لە سینەی وەکو مەرگ ڕەشم!
ئای رۆحی گیرخواردووم کە هەوڵ دەدات خۆی رزگار بکات
کەچی هێشتاش پتر گیر دەخوات! فریام کەون، فریشتەکان! هەوڵدەن.



ئەی چۆکە ڕەقەکانم بچەمێنەوە و ئەی دڵی پڕ تەلی پۆڵایینم
نەرم ببەرەوە وەکو دەمارەکانی ساوایەکی تازە لەدایکبوو!
بۆ ئەوەی هەموو شتێک باش بێت.
(دەچێتە لایەک و کڕنووش دەبات)
(هاملێت دێتە ژوورەوە)
**هاملێت:** هەر ئێستا بەبێ دواکەوتن دەتوانم بیکەم، ئێستا ئەو نوێژ دەکات،
بەڵام ئەگەر ئێستا وابکەم – ئەو دەچێتە بەهەشت،
جا ئەوها تۆڵەم سەندۆتەوە – بەڵام پێویستە بەوردی بیری لێ بکەمەوە.
نامەردێک باوکم دەکوژێت، بۆ ئەمەش،
منی، کوڕە تاقانەکەی، وا بکەم هەمان ئەو خوێڕییە بنێرمە بەهەشت.
ئۆه، ئەمە دەبێتە بەکرێگرتن و مووچەپێدان، ئەوە تۆڵەسەندنەوە نییە.
ئەو باوکمی بە هەموو گوناهە زەمینییەکانیەوە کوشت،
تاوانەکانی ئەم ئەوسا وەکو مانگی ئایار لەوپەڕی پشکووتندا بوون،
جا حیسابی ئەم چۆن دەبێت، کێ هەیە جگە لە ئاسمان ئەمە بزانێت؟
بەڵام لە بارودۆخی ئێرە و ئاراستەی بیرکردنەوەماندا
ئەو لە بارێکی خەفەتناکدایە. جا من ئاوا تۆڵەم سەندۆتەوە
ئەگەر ئەو لەساتی پاکژکردنەوەی رۆحی خۆیدا بکوژم،

لەکاتێکدا ئەو ڕێک و لەبارە بۆ ئەم کۆچەی؟
نەخێر.
ئەی شمشێر بەرز بەرەوە و بەدوای دەرفەتێکی خراپتردا بگەڕێ.
کاتێک بەمەستی خەوتووە، یان لەتوورەییدایە،
یان لەخۆشی گانی حەرامی ناو نوێنەکەیدایە،
یان کاتێک قومار دەکات، سوێند دەخوات، یان خەریکی کارێکە
کە هیچ شوێنەواری رزگاربوونی رۆحی تێدا نییە –
ئەوسا ڕەوانی بکە کە پاژنەکانی لە ئاسماندا لنگەفرتێیان بێت،
ڕۆحیشی نەفرەتلێکراو و ڕەش بێت
وەکو دۆزەخ، ئەو شوێنەی کە ئەوی بۆ دەچێت. دایکم وا چاوەڕوانم دەکات
ئەم چارەسەرییەت تەنیا ڕۆژە نەخۆشەکانت بەرەو درێژی دەبات.
(دەڕوات)

**شا** (هەڵدەستێتەوە): وشەکانم بەرەو بەرزی دەفڕن، بیرەکانم لەژێرەوە دەمێننەوە،
وشەی بێ بیر هەرگیز ڕێگای چوونە ئاسمان نابیننەوە.
(دەڕوات)



## دیمەنی چوارەم

*(ژووری شاژن)*
*شاژن و پۆلۆنیەس دێنە ژوورەوە.*

**پۆلۆنیەس:** ئەو ڕاستەوخۆ دێتە ئێرە. بڕوانە لەگەڵی توند بە.
پێی بڵێ گەمە و گاڵتەکانی زۆر بەربڵاون و کەس بەرگەیان ناگرێت،
هەروەها پێشی بڵێ تۆی پایەبەرز ئەوت لە پەنا گرتووە و نایەڵیت
تین و گەرمی بەو بگات. لێرەوەڕا من بێ دەنگ دەبم.
تکایە لەگەڵی بەڕاست و ڕەوانی بدوێ.
**هاملێت** (لەناوەوە): دایە، دایە، دایە!
**شاژن:** من دڵنیات دەکەمەوە، لێم مەترسە. – بکشێوە.
گوێم لێیەتی وا دێت.
(پۆلۆنیەس دەچێتە پشت پەردەوە)
(هاملێت دێتە ناوەوە)
**هاملێت:** دایە، دە ئێستا پێم بڵێ مەسەلە چییە؟
**شاژن:** هاملێت، تۆ زۆر خراپەت لەگەڵ باوکت کردووە.
**هاملێت:** دایە، ئەتۆ زۆر خراپەت لەگەڵ باوکم کردووە.
**شاژن:** وەرە، وەرە، تۆ بەزمانێکی زۆر بێ ڕێز وەڵامم دەدەیتەوە.
**هاملێت:** بڕۆ، بڕۆ، تۆ بەزمانێکی خراپ پرسیار دەکەیت.
**شاژن:** بۆچی، ئێستاکە تۆ چیتە، هاملێت؟

**هاملێت:** ئێستا چی قەوماوە؟
**شاژن:** منت لەبیرچۆتەوە؟
**هاملێت:** نەخێر، بەخاچی پیرۆز وانییە.
تۆ شاژنیت، تۆ ژنی برای مێردتی،
و – ئەگەر واش نەبوایە! – تۆ دایکمیت.
**شاژن:** کەواتە، نەخێر، من ئەوانەت تێ بەردەدەم کە بتوانن قسەت لەگەڵ بکەن.
**هاملێت:** وەرە، وەرە، دابنیشە، نەجوولێیت،
نابێ بڕۆیت تا من ئاوێنەیەکت بۆ دانەنێم و
بەڵکو بتوانیت ناخی خۆتی تێدا ببینیت.
**شاژن:** تۆ چی دەکەیت؟ دەتەوێت بمکوژیت؟ –
فریام بکەون، هۆی، فریام بکەون!
**پۆلۆنیەس** (لەپشتەوە): ئەوە چییە، هۆی! فریای کەون، فریای کەون، فریای کەون!
**هاملێت** (شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت): ئەوە چییە! سیخوڕە؟ بۆ پوولێک مردووە، مردوو! (بەشمشێرەکە لە پەردەکە رادەکات)
**پۆلۆنیەس** (لەپشتەوە): ئۆه، من کوژرام! (دەکەوێت و دەمرێت)
**شاژن:** ئای بەدبەخت خۆم، تۆ چیت کرد؟
**هاملێت:** نا، نازانم. ئەرێ ئەوە شا بوو؟
**شاژن:** ئای لەو کارە ملهوڕە خوێناوییە!
**هاملێت:** کارێکی خوێناوی!– ئەی دایکی چاکم، ئەوەش نزیکەی بەقەد کوشتنی شایەک و مێردکردنەوە بە براکەی خوێناوییە.



**شاژن:** بەقەد کوشتنی شایەک!
**هاملێت:** بەڵێ، خانم، ئەمە قسەی من بوو. –
(پەردەکە هەڵدەداتەوە و پۆلۆنیەس دەبینێت)
ئەی گێلی بەدبەختی بەهەڵپەی خۆ تێ هەڵقورتێن، خوات لەگەڵ!
من وام زانی تۆ یەکێکی باشتریت. چارەنووسی خۆت وەربگرە،
تۆ دەتزانی کە زۆر بە شتانەوە خەریک بیت کارێکی پڕ مەترسییە. –
(بۆ شاژن) واز لەم دەست گوشینەت بهێنە. ئارام بەرەوە و دانیشە،
لێگەڕێ با من دڵت بگوشم، چونکە هەر دەیگوشم،
ئەگەر لەمادەیەکی وا دروست کرابێت کە بسمرێت،
ئەگەر راهاتنت بەکاری چەپەڵەوە وا ڕەقی نەکردبێت
کە ڕێگر و توند و قایم نەبێت لەدژی هەستکردن.
**شاژن:** من چیم کردووە تا تۆ بوێریت وا بەدەنگ و بەڕەقی زمانت لە دژی من بلەقێنیتەوە؟
**هاملێت:** کارێکی وات کردووە کە
چاکی و پاکی تێک دەشێوێنێت،
ناو لە چاکی دەنێت دووڕوویی، گوڵی جوانی
سەر نێوچەوانی خۆشەویستییەکی بێ گوناه لادەبات و
دومەڵ لەجێگای دەردێنێت، وا لە سوێندی مارەیی دەکات
ببێتە سوێندی قوماربازان. ئۆه، کاری وا

رۆح لە جەستەی مارەیی دەردەکێشێت و
وا لە ئاینی شیرین دەکات تەنیا ببێتە
قسەی بێ مانای بێژراو. ڕووی ئاسمان سوور داگەڕاوە،
بەڵێ، ئەم زەمینە رەقە بەو هەموو بارستە پتەوەیەوە
رووخساری خەمناکە و دەڵێی رۆژی قیامەتە و
لە بەرامبەر ئەو کارەدا مێشکی تێکچووە.
**شاژن:** ئای منی کلۆڵ، ئەوە چ کارێکە
وا پڕبەدەنگ هاواردەکات و هەر لەپێرستەکەیدا دەگرمێنێت؟
**هاملێت:** بڕوانە ئێرە، ئەم وێنەیە و ئەوەی ئێرە.
(وێنەی مامی و باوکی پێ پیشان دەدات)
که دوو وێنەی کت و متی دوو برایانن.
بڕوانە، چ پڕشنگێک لە نێوچەوانی ئەوەدایە –
داوە مووی (هاپیرۆن)(*)، تەوێڵی (جۆڤ)(**) بەخۆی،
چاوانی (مارس)(***) ئاسا، بۆ هەڕەشە و فەرمانکردن،
وەستانەکەی وەکو شاندی خواوەندانە
کە تازە دابەزیوەتە سەر گردە ئاسمان ماچکردووەکان،
ئەمە بەڕاستی پێکهاتە و شێوەیەکە

---

(*) هاپیرۆن: لە ئەفسانەی گریکیدا کەسێکی فەلامەرزی خاوەن هێزی نائاسایی بوو. بەکوڕی ئاسمان و زەوی و بەباوکی خۆر و مانگ و گزنگ دادەنرا. (وەرگێڕ).
(**) جۆڤ: لەلای ڕۆمانی کۆنەکان ئەو خودای ئاسمان و هەموو خواوەندەکانی تر و کاروباری مرۆڤ بوو لەسەر زەوی. (وەرگێڕ).
(***) مارس: خواوەندی شەڕ بوو لەلای ڕۆمانەکان. (وەرگێڕ).



کە پێدەچێت هەر خواوەندێک مۆری خۆی لێدابێت
بۆ ئەوەی دونیا دڵنیا بکاتەوە کە مرۆڤێکی تیایە.
ئەمە مێردت بوو. – بڕوانە تۆ دەزانیت چی بەدوای ئەوەدا دێت:
ئەمەشیان مێردتە، دەڵێی گوڵە گەنمی کەڕەکیفەدارە،
برا ساغەکەشی دەردەدار کرد. ئەرێ تۆ چاوت هەن؟
تۆ ناتوانیت ناوی ئەمە بنێیت عیشق، چونکە لە تەمەنی تۆدا
جۆش و خرۆش دەستەمۆ و ملکەچ بووە،
چاوەڕێی بڕیاردانە: جا چ بڕیاردانێک
کە لەمەوە بەرەو ئەوەیان دەچێت؟ (بەنۆرە نیشانە لە وێنەیەکەوە بۆ ئەوەکەی تر دەکات)
بێگومان تۆ هەستت هەیە،
دەنا جوولە و بزاوتت نەدەبوو. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم هەستەی تۆ
لەپەلوپۆ کەوتووە: چونکە شێتایەتیش ئەو هەڵەیە ناکات،
هەروا هەستی جۆشداریش هێندە ناخرۆشێت
بەڵکو هەندێک لە رادەی هەڵبژاردنەکەی گل دەدایەوە
تاوەکو لەو جیاوازییەدا بەکاری بهێنێت. چ شەیتانێک بوو
ئاوەها چاوبەستی کردیت تاوەکو هەڵت بخڵەتێنێت؟
چاوانی بێ هەست، هەستی بێ بینین،
گوێچکەی بێ دەست یان چاو یان بۆنکردن و یان بەبێ هیچ،
دەنا تەنیا بەشێکی دەردەداری تاقە هەستێکی تەواویش
ناتوانێت وا بکات گێل و گەمژانە رەفتار بکەیت.
ئۆه لەو شوورەیییە! کوا شەرمەزاریت؟ ئەی دۆزەخی یاخی،

ئەگەر بتوانیت لەناو ئێسکەکانی دایکێکدا یاخی ببیت و
جۆشی گەنجێتی پێ بدەیت، دەبا ئاکارە چاکەکان وەکو
مۆمیان لێ بێت،
بەئاگری خۆیان بتوێنەوە. شەرمەزاری دەرمەخە
کاتێک جۆش و خرۆش تین دەسەنێت،
ئەوسا شەختە خێرا گڕ دەگرێت و
عەقڵ گەوادی بۆ ویست و ئارەزوو دەکات.
**شاژن:** ئۆه هاملێت، چی دیکە مەدوێ.
تۆ چاوەکانمت بردە ناو ناخی رۆحم:
لەوێدا خاڵی وا رەش و قووڵ دەبینم
کە رەنگەکانیان کاڵ نابنەوە.
**هاملێت:** نەخێر، بۆ خۆت بژی
لەناو ئارەقەی نوێنی چڵکندا،
کە بە پیسی و گەندەڵی خوساوەتەوە، شیرینی بچێژە و خۆش
رابوێرە
لەناو ئەو گەورە پیس و پۆخڵەدا –
**شاژن:** ئۆه، چی دی قسەم لەگەڵدا مەکە،
ئەم وشانە، وەکو خەنجەر، لەچاوم دەچەقن،
چیتر نا، ئەی هاملێتی خۆشەویست!
**هاملێت:** ئەو پیاوکوژ و نامەردێکە،
کۆیلەیەکە کە ناکاتە یەک لە دوو سەدی
مێردی پێشووت: قەشمەری شایەکانە،



دزی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتییە
کە سەرەتا تانجە بەهادارەکەی دزی و
خستییە ناو گیرفانییەوە.
**شاژن:** هیچی تر مەڵێ!
**هاملێت:** شای شڕ و شیتاڵ و پینانە –
ئەی پاسەوانانی ئاسمان، رزگارم بکەن و
بە باڵەکانتان بەسەر سەرمدا خول بخۆن! – (بۆ تارماییەکە)
شێوەی شکۆمەندانەت چی دەوێت؟
**شاژن:** ئەی هاوار، شێت بووە!
**هاملێت:** ئەرێ ئەتۆ هاتوویت کوڕە پاشکەوتووەکەت سەرزەنشت
بکەیت،
کە کات و سۆزی خۆی بەفیڕۆ داوە و لێدەگەڕێت
ئەو کارە گرنگەی تۆ بەسەنگینی فەرمانی پێدەکەیت نەکرێت؟
ئۆی، دە بیڵێ؟
**تارمایی:** لەبیرت نەچێت: ئەم سەردانەم
تەنیا بۆ ئەوەیە نیازە خاوەکەت تیژ بکەمەوە.
بەڵام بڕوانە، پەشۆکان بەدایکتەوە دیارە.
ئۆه، بچۆ نێوان ئەو و رۆحە شەڕەنگێزەکەی –
چونکە ئەندێشە زۆر بەتوندی کار لەجەستە لاوازەکان دەکات–
هاملێت، قسەی لەگەڵدا بکە.
**هاملێت:** خانم، حاڵت چۆنە؟
**شاژن:** بەداخەوە، حاڵی خۆت چۆنە،

کەوا چاو بەدوای بۆشاییەکدا دەگێڕێت و
لەگەڵ هەوای بێ جەستەدا دەدوێیت؟
رۆحت لەناو چاوەکانتدا زۆر کێوییانە سەرەتاتکێیەتی و
وەکو سەربازی خەوتووە لەکاتی زەنگ لێداندا،
قژی پاتپاتت دەڵێی ژیانی تیا دەگەڕێت و
قیت دەبێتەوە و لەسەر بنکەکانیان دەوەستن. ئەی کوڕی دڵنەرمم،
ئارامی فێنک بەسەر گەرم و گوڕی
جۆش و خرۆشتدا بپرژێنە. ئێستا سەیری چی دەکەیت؟
**هاملێت:** سەیری ئەو دەکەم، ئەو! بڕوانە، ئەو چەند بەڕەنگ زەردییەوە دەڕوانێت؟
شێوە و نیازەکانی پێکەوەبەندن و ئەگەر بەردیش بدوێنێت
وای لێدەکات ببزوێت. – (بۆ تارماییەکە) وا سەیری من مەکە،
نەوەک بەم کارە بەزەیی هێنانەت ئامانجە توندەکانم
بگۆڕێت، ئەوسا ئەوەی کە دەبێت بیکەم
رەنگی راستەقینەیان نابێت و لەوانەیە فرمێسک شوێنی خوێن بگرێتەوە.
**شاژن:** ئەمە بۆ کێ دەڵێیت؟
**هاملێت:** تۆ هیچ لەوێ نابینیت؟
**شاژن:** هەر هیچ نا، کەچی تەنیا هەموو ئەو شتانە دەبینم کە لێرەن.
**هاملێت:** هیچیشت گوێ لێ نەبوو؟



**شاژن:** نا، هیچ نا جگە لە خۆمان.
**هاملێت:** بۆچ، بڕوانە ئێرە! بڕوانە، چۆن خۆی دەدزێتەوە!
باوکمە لە هەمان جلوبەرگی جاران کە دەژیا!
بڕوانە، لە کوێ دەڕوات، تەنانەت ئێستا وا لە دەرگاکە دەچێتە دەرەوە.
(تارماییەکە دەڕوات)
**شاژن:** ئەمە دروستکراوی مێشکی تۆیە،
شێتێتی زۆر شارەزایە لە خوڵقاندنی
ئەم جۆرە بوونەوەرە بێ جەستانە.
**هاملێت:** شێتێتی!
ترپەی دەمارەکانم، وەکو هی تۆ، بەهێواشی لەگەڵ کات لێدەدات،
هەمان مۆسیقای رێکوپێک دەخوڵقێنێت. ئەوە شێتێتی نییە
کە من دەری دەبڕم: تاقیم بکەرەوە،
من بە وشە هەمان ئەو شتانەی روویان دا دووبارە دەکەمەوە
کە شێتێتی لێیان باز دەدات. دایە، بۆ خاتری خۆشەویستی فەڕی خودایی،
ئەم هەتوانە ئازارلابەرە مەخەرە سەر رۆحت،
کەوا باوەڕبکەیت شێتێتی من، نەک تاوانی تۆیە، دەدوێت.
من تەنیا پێستە و قەتماغەی سەر برینان لادەبەم
لەکاتێکدا پیسی و پۆخڵی، هەموو ژێرەکەی داخواردووە و
بەبێ ئەوەی ببینرێت دەردەداری دەکات. لەبەرامبەر ئاسماندا

دانی پێدا بنێ:
لەوەی رابردوو پەشیمان ببەوە، خۆت لەوەی دادێت بەدوور بگرە،
هەوڵ مەدە زبڵ و شیاکە بەسەر گژوگیاکاندا پەرت بکەیت،
تا وایان لێ بکەیت خراپتر بن. لەو چاکەکارییانەم بمبوورە،
چونکە لەبەردەم زل و زەبەلاحی ئەم رۆژگارە گەندەڵەدا
دەبێ چاکە لە خراپە بپارێتەوە تا بیبەخشێت،
بەڵێ، دەبێ بچەمێتەوە و داوای یارمەتی لێ بکات تاکو چاکەی لەگەڵدا بکات.

**شاژن:** ئۆه هاملێت، تۆ دڵی منت لە ناوەڕاستەوە کەرت کرد.

**هاملێت:** ئۆه، کەرتە خراپترەکەی لێ فڕێ بدە،
لەگەڵ کەرتەکەی تر ژیانێکی پاکتر بەسەر ببە.
شەوت شاد. بەڵام نەچیتە ناو نوێنی مامەمەوە:
چاکە بپۆشە، ئەگەرچیش تۆ نیتە،
نەریت، ئەو درنجەیەیە، کە هەموو هەستێک قووت دەدات،
شەیتانی هەموو خووێکە، بەڵام هێشتاش لەوەدا فریشتەیە
کە ئەگەر تۆ کاروکردەی چاک و جوان بکەیت
ئەویش بەهەمان شێوە پۆشاک و زیندووێتی خۆی پێ دەبەخشێت
کە بتوانێت بیکاتە بەر خۆی. ئەمشەو رێگای مەدە،
ئینجا ئەوە ئاسانکارییەکت بۆ کاروکردەی
رێنەدانی داهاتوو پێشکەش دەکات: ئەوەی داهاتوو



ئاسانتریشە:
چونکە وەختە بڵێم نەریت دەتوانێت مۆری سروشت بگۆڕێت،
ئەمەش وادەکات یان شەیتان بەرزەفت بکەیت، یان بەهێزێکی
سەرسوڕمێن تووڕی هەڵبدەیت. جارێکی تر، شەوت شاد.
جا کاتێک تۆ حەز لە پیرۆزایەتی دەکەیت
من داوای پیرۆزی لە تۆ دەکەم. – بۆ ئەم پیاوەی ئێرەش،
(نیشانە بۆ پۆلۆنیەس دەکات)
من پەشیمانم، بەڵام خوا وای پێ خۆش بوو،
کە من بەو سزا بدات و ئەویش بە من سزا بدات،
کەوا من ببمە ئامرازی سزادان و جێبەجێکاریشی،
من ئەو لادەبەم و بەباشیش خۆم بەبەرپرسیار دەزانم
لەو مەرگەی کە پێم بەخشی. جا دیسان، شەوت شاد.
من دەبوایە دڵڕەق بم، تەنیا بۆ ئەوەی بە بەزەیی بم:
خراپە ئاوەها دەست پێدەکات و خراپتری بەدوادا دێت، –
قسەیەکی تر، ئەی خانمی چاک.

**شاژن:** من چی بکەم؟

**هاملێت:** بەهیچ شێوەیەک من داوات لێ ناکەم هیچ بکەیت:
لێگەڕێ با دیسان شایە پفدراوەکە فریوت بدات بۆ ناو جێگا:
بۆ بەزم و خۆشی نقورچ لە روومەتت بگرێت: بە مشکۆکە بانگت بکات:
لێگەڕێ با دوو ماچی پیسیشت لێ بکات،
یان بە پەنجە نەفرەتییەکانی یاری بە گەردنت بکات و

وات لێ بکات تۆ هەموو مەسەلەکەی بۆ ئاشکرا بکەیت،
کە من بە راستی شێت نیم،
بەڵام بە فێڵ خۆم شێت کردووە. باشە وا بکەیت ئەو بزانێت،
چونکە کێ هەیە جگە لە شاژنێکی جوان و سەنگین و ژیر
کە بابەتی وا گرنگ لە بۆقێک، لە شەمشەمەکوێرەیەک،
لە نێرە پشیلەیەک بشارێتەوە؟ کێ وا دەکات؟
نەخێر، سەرەڕای هەست و نهێنگیریش
ئەوەی ناو سەبەتەکە لە سەربانەکەوە هەڵڕێژە خوارەوە و
با باڵندەکان بفڕن و وەکو مەیموونە بەناوبانگەکەش
ملی خۆتی پێ بشکێنە.

**شاژن:** دڵنیابە، ئەگەر وشەکان لە هەناسە پێک بێن و
هەناسەش لە ژیان، من زیندوویێتی ئەوەم نییە هەناسەی پێ بدەم
تا ئەوەی تۆ پێمت گوت باس بکەم.

**هاملێت:** تۆ دەزانیت کە من دەبێ بچمە ئینگڵتەرا؟

**شاژن:** بەداخەوە، لەبیرم چووبوو کە بڕیارەکە وادراوە.

**هاملێت:** نامەیەکی مۆرلێدراو هەیە. هەردوو برادەری خوێندنگام –
کە من بەقەد ماری کەڵبەدار بڕوام پێیان هەیە –
ئەوان دەسەڵاتیان پێ دراوە: ئەوان دەبێ ڕێگاکەم بۆ خۆش بکەن،
ئاراستەم بکەن بەرەو نامەردی. با وای لێ بێت،
چونکە خۆشە کە ئەندازیاری کارێک




بە لوغمەکەی خۆی هەلاهەلا بێت. جا بەڕاستیش زۆر خراپ دەبێت
کە من گەزێک لەژێر لوغمەکەی ئەوانەوە هەڵکۆڵم و
بەرەو مانگ هەڵیان بدەم. ئۆه، ئەمە یەگجار خۆشە
کاتێک دوو فێڵ لە یەک خەتدا بەیەک دەگەن –
ئەم پیاوە وام لێ دەکات پلان دابنێمەوە.
من ئەو کەلاشە رادەکێشمە ژوورەکەی تەنیشتەوە. –
دایە، شەوت شاد. – ئەوەی راستی بێت، ئەو راوێژکارە
ئێستا یەگجار کڕە، یەگجار نهێنگیرە و یەگجار سەنگینە،
کە لە ژیاندا مابوو خوێڕییەکی چەنەبازی گەمژە بوو.
(بۆ لاشەکە) وەرە، بەڕێزم با من تۆ بەرەو کۆتایی بەرم. –
شەوت شاد، دایە.
(هەرکەسە و بەتەنیا دەچێتە دەرەوە. هاملێت پۆلۆنیەس رادەکێشێت).

## پەردەی چوارەم

### دیمەنی یەکەم

*(ژوورێک لەناو قەڵاکەدا)*

*شا و شاژن و ڕۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دێنە ژوورەوە.*

**شا:** ئەو ئاخ و هەنسک هەڵکێشانانە شتێکی تێدایە.
دەبێت روونیان بکەیتەوە، وا باشە لێیان تێ بگەین.
کوڕەکەت لەکوێیە؟
**شاژن:** ئەم شوێنەمان بۆ ماوەیەک بۆ چۆل بکەن.
(ڕۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دەچنە دەرەوە)
وای، سەروەری چاکم، ئەمشەو من چیم بەچاوی خۆم دیت؟
**شا:** چی، گێرترود؟ هاملێت چی دەکات؟
**شاژن:** وەکو دەریا و ڕەشەبای شێتە کە هەردووکیان لە ململانێدان
تا بزانن کامیان بەهێزترە. لەکاتی تێکچوونە
بەرزەفتنەکراوەکەیدا
گوێی لێ بوو شتێک لەپشت پەردەکانەوە دەجوولێتەوە،
شمشێرەکەی لێ وەشاند و هاواری کرد "سیخوڕە، سیخوڕە!"
جا لە ئەنجامی ئەندێشەی مێشکە ڕەقەکەیدا،
پیاوە پیرە چاکە نەبینراوەکە دەکوژێت.
**شا:** ئای لەم کارە نەقۆڵایە!



ئەگەر منیش لەوێ بووام، وا لەگەڵ منیش دەکرا.
ئازادی ئەو شتێکی پڕ هەڕەشەیە بۆ هەمووان،
بۆ تۆ، بۆ من، بۆ هەر کەسێک.
ئەی هاوار، ئەم کارە خوێناوییە چۆن وەڵام دەدرێتەوە؟
ئەوە لەسەر ئێمە گران دەکەوێت، کە پێشبینیمان
کورتی هێناوە لەوەی بیبەستینەوە و ئەو گەنجە شێتە
بەرەڵا نەکەین. بەڵام خۆشەویستی ئێمە هێندە زۆر بوو
کە لەوە تێ نەگەین گونجاوترین شت چییە،
بەڵام ئێمە وەکو کەسێک دەردێکی پیسی هەبێت
بۆ ئەوەی کەس نەیزانێت، لێگەڕاین
ئەو نەخۆشییە لەسەر کرۆکی ژیان خۆی بژێینێت.
ئەرێ بۆ کوێ چوو؟
**شاژن:** چوو ئەو کەلاشە ڕابکێشێت کە کوشتبووی،
شێتایەتی ئەو تەنیا لە جەستەیدایە و ئەو وەکو زێڕە
کە خۆی لەناو کانزای بێ بەهاترەوە
بەپاکی پیشان دەدات، ئەو وا لەبەر ئەو کارەی خۆی دەگرییێت
**شا:** ئۆه، گێرترود، با بڕۆین!
هەر پێش ئەوەی تیشکی خۆر بەر چیاکان بکەوێت،
دەبێ لێرە ڕەوانی بکەین، پێویستە ئێمە بە شکۆمەندی
و لێزانییەوە حیساب بۆ ئەم کارە چەپەڵەی ئەو بکەین
و بیانووی بۆ بهێنینەوە. – هۆ، گێڵدستێرن، هۆ!
(ڕۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دێنە ژوورەوە)
ئەی برادەران، ئێوە بڕۆن هەندێک یارمەتی تر پەیدا بکەن.

هاملێت لە ئەنجامی شێتێتییەکەی (پۆلۆنیەس)ی کوشتووە،
کە لەناو ژووری دایکیەوە ئەوی راکێشاوەتە دەرەوە.
برۆن بیدۆزنەوە، بەنەرمی بیدوێنن و لاشەکە بهێننە
ناو کڵێسا. تکاتان لێ دەکەم، لەمەدا دەستوبرد بن.
(رۆزینکرانتز و گێڵدنستێرن دەچنە دەرەوە)
وەرە، گێرترود، ئێمە بەدوای ژیرترین برادەرانماندا دەنێرین،
رێیان دەدەین هەم بزانن مەبەستمانە چی بکەین و
چیش بەناوەخت کراوە. جا رەنگە بوختان –
کە چرپەکەی لە سەرانسەری دونیادا بڵاو دەبێتەوە
و راستەوخۆش بەرەو ئامانجەکەی مل دەنێت و
ئەو گوللە ژەهراوییەی ئاراستەی دەکات – بەر ناوی ئێمە
نەکەوێت و
هەوای زامدارنەکراو بپێکێت. – ئۆ، دە وەرە، دەی،
رۆحم پڕبووە لە شتی ناکۆک و ترس و وەی.
(دەڕۆن)

## دیمەنی دووەم

*(ژوورێکی تر لەناو قەڵاکەدا)*
*هاملێت دێتە ژوورەوە.*

**هاملێت:** بەسەلامەتی شاردراوەتەوە.
**رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن** (لەناوەوە):هاملێت! هاملێتی سەروەرمان!
**هاملێت:** ئەو هەراوهۆریایە چییە؟ کێیە بانگی هاملێت دەکات؟ ئۆهـ،



ئەوان وا لێرەوە دێن.
(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دێنە ژوورەوە)
**رۆزینکرانتز:** ئەی سەروەرم، چیت لە کەلاشەکە کرد؟
**هاملێت:** تێکەڵی خۆڵم کرد کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە.
**رۆزینکرانتز:** پێمان بڵێ لە کوێیە، تا بتوانین لەوێ
هەڵی بگرین و بیبەینە کڵێسا.
**هاملێت:** باوەڕ مەکەن.
**رۆزینکرانتز:** بە چی؟
**هاملێت:** بەوەی کە من بە گوێی ئێوە دەکەم، نەک هی خۆم.
وێڕای ئەوەش ئەگەر کەسێکی ئیسفەنجاوی پرسیارت لێ
بکات! –
دەبێ شازادەیەک چ وەڵامێکت بداتەوە؟
**رۆزینکرانتز:** تۆ من بە ئیسفەنج دەزانیت، گەورەم؟
**هاملێت:** بەڵێ، بەڕێزم، چونکە تۆ کەسێکیت هەموو خێروبێرو
خەڵاتەکان، پلەوپایەکانی شا هەڵدەمژیت. بەڵام لە کۆتاییدا ئەم
جۆرە کاربەدەستانە باشترین خزمەت بە شا دەگەیەنن. ئەو وا
رایاندەگرێت، وەک چۆن مەیموون گوێز لەلالغاوەی خۆی
رادەگرێت، سەرەتا چێژی لێ وەردەگرێت، پاشان قووتی
دەدات. کاتێک پێویستی بەو شتانە هەبێت کە ئێوە
کۆتانکردۆتەوە، ئەوسا ئەو تەنیا دەتانگوشێت و ئێوەی
ئیسفەنج دیسان وشک دەبنەوە.
**رۆزینکرانتز:** گەورەم، من لێت تێناگەم.
**هاملێت:** من ئەوەم پێخۆشە. قسەی خراپ لەناو گوێچکەیەکی گێل

خەوی لێ دەکەوێت.

**رۆزینکرانتز:** گەورەم، دەبێ پێمان بڵێیت لاشەکە لەکوێیە و
لەگەڵمان بێیتە لای شا.

**هاملێت:** لاشەکە لای شایە(*)، بەڵام شایەکە لەلای لاشەکە نییە.
شایەکە شتێکە –

**رۆزینکرانتز:** شتێکە، گەورەم؟

**هاملێت:** لە هیچی دا. بمبەنە لای ئەو. رێوی خۆت بشارەوە،
هەموو بەدوای بکەون.

(دەڕۆن)

## دیمەنی سێیەم

*(ژوورێک لەناو قەڵاکەدا)*
*شا دێتە ژوورەوە و یاوەرانی لەگەڵدایە.*

**شا:** من خەڵکم نارد بەدوایدا بگەڕێن و لاشەکە بدۆزنەوە.
ئای چەند مەترسیدارە ئەم پیاوە بەرەڵا بێت!
کەچی ناشبێت ئێمە یاسای توندی بەسەردا بسەپێنین.
جەماوەرێکی گەمژە ئەوی خۆشدەوێت،
ئەوان بە چاوەکانیان نەک بە مێشکیان بڕیاری لەسەر دەدەن،
ئینجا کە بارودۆخەکە وایە، ئامرازی سزادانەکە نەک سزاکە
بەخۆی هەڵدەسەنگێنرێت. جا تاوەکو هەمووی بە لووس و

(*) لێرە مەبەستی شێکسپیر ئەوەیە لاشەکە لای خوایە، چونکە خوا شای هەمووانە. (وەرگێڕ).



ئاسانی بڕوات،
پێویستە ئەو رەوانەکردنە کتوپڕەی ئەو وا دەربکەوێت
کە ئەنجامی بیرلێکردنەوەیەکی لەسەرەخۆیە. ئەو نەخۆشانەی
دەگەنە نائومێدی، بەچارەسەری نائومێدانەوە چاک دەبنەوە
دەنا هەرگیز چاک نابنەوە.
(رۆزینکرانتز دێتە ژوورەوە)
باس و خواس چییە؟ چی قەوماوە؟

**رۆزینکرانتز:** ئەو لاشەکەی لەکوێ تەقەت کردووە، گەورەم،
ئێمە ناتوانین، ئەوەی لێ دەربهێنین.

**شا:** بەڵام ئەو خۆی لەکوێیە؟

**رۆزینکرانتز:** گەورەم، ئەو لەدەرەوەیە، پاسەوان بەدەوریەوەیە، بزانین
حەز دەکەیت چی لێ بکەین.

**شا:** بیهێننە بەردەممان.

**رۆزینکرانتز:** هۆ، گێلدنستێرن! سەروەرم بێنە ژوورەوە.
(هاملێت و گێلدنستێرن دێنە ژوورەوە)

**شا:** هاملێت، هەر ئێستا پێم بڵێ (پۆلۆنیەس) لەکوێیە؟

**هاملێت:** خەریکی نانخواردنی شێوانە.

**شا:** نانی شێوان! لە کوێ؟

**هاملێت:** لە جێگایەکدایە کە ئەو نان ناخوات بەڵکو بەخۆی دەخورێت.
ئێستا کۆبوونەوەی هەندێک کرمی سیاسی لەسەر ئەوە. کرمی
تۆ ئیمپراتۆری تۆیە لە خواردندا. ئێمە هەموو گیانەوەرێکی تر
قەڵەو دەکەین تا خۆمان پێیان قەڵەو بکەین و خۆشمان بۆ
کرمەکان قەڵەو دەکەین. شایە قەڵەوەکەی تۆ و سواڵکەرە

لاوازەکە تەنیا جۆرە خواردنی جیاجیان – دوو خۆراکنبۆ سەر
هەمان مێز، ئەمەش کۆتاییەکەیە.

**شا:** بەداخەوە، بەداخەوە.

**هاملێت:** رەنگە مرۆڤ بەو کرمەی شای خواردووە راوە ماسی بکات و
ئەو ماسییەش بخوات کە شای خواردووە.

**شا:** مەبەستی تۆ لەمەدا چییە؟

**هاملێت:** هیچ تەنیا دەمەوێت ئەوە نیشان بدەم کە چۆن لەوانەیە
شایەک بەناو ریخۆڵەی سواڵکەرێکدا گوزەر بکات.

**شا:** پۆلۆنیەس لە کوێیە؟

**هاملێت:** لە ئاسمانە، خەڵک بنێرە ئەوێ تا بیبینن. ئەگەر
نێردراوەکانت لەوێ نەیاندۆزییەوە، بەخۆت لە جێگایەکی تر
لەدوای بگەڕێ. بەڵام، ئەوەی راستی بێت، ئەگەر تۆ ئەم
مانگەی نەیدۆزیتەوە، تۆ کە لەم پەیژەیەی بەرەو ناو داڵانەکە
سەردەکەوێت، بۆنی دەکەیت.

**شا** (بۆ هەندێک لە یاوەرانی): برۆن لەوێ بەدوایدا بگەڕێن.

**هاملێت:** ئەو لەوێ دەبێت تا ئێوە دەچن.

(یاوەرەکان دەچنە دەرەوە)

**شا:** هاملێت، ئەم کارە، تەنیا بۆ سەلامەتی تایبەتی تۆیە –
کە ئێمە گرنگی پێ دەدەین، ئێمە زۆر دڵتەنگین
بەو کارەی کردووتە – دەبێ تۆ بنێرینە ئەوێ
بەوپەڕی خێراییەوە. بۆیە خۆت ئامادە بکە،
گەمییەکە ئامادەیە، بایەکە یارمەتیدەرە،
هاوڕێکانت چاوەڕوانن و هەموو شتێک



رووی بەرەو ئینگلتەرایە.

**هاملێت:** بەرەو ئینگلتەرا!

**شا:** بەڵێ، هاملێت.

**هاملێت:** باشە.

**شا:** ئاوەهایە، ئەگەر مەبەستی ئێمەت زانیبایە.

**هاملێت:** من وای دەبینم کە فریشتەکان دەیزانن. – بەڵام، وەرە، بۆ
ئینگلتەرا! –
خوا حافیز، دایکی خۆشەویستم.

**شا:** ئەدی باوکی خۆشەویستت، هاملێت.

**هاملێت:** دایکم. دایک و باوکم ژن و مێردن، ژن و مێرد یەک
جەستەن، بۆیە دەیڵێم دایکم.-(بۆ رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن)
وەرن، بەرەو ئینگلتەرا. (دەڕۆن)

**شا:** بەنزیکی بەدوایەوە بن، فریوی بدەن خێرا بچێتە ناو کەشتی،
بەدوای مەکەون، من دەمەوێت ئەمشەو لەوێ بێت.
برۆن! چونکە هەموو شتێک کە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە
هەبێت مۆر کراوە و جێبەجێ کراوە. تکایە، خێرا بکەن.
(رۆزینکرانتز و گیڵدنستێرن دەڕۆن)
جا ئینگلتەرا، ئەگەر تۆ خۆشەویستی من بە هێند دەزانیت –
وەک چۆن رەنگە هێزی مەزنی من لەوێ لەوە ئاگادارت بکاتەوە،
چونکە هێشتا جێی برینەکانت تازە و سوورن
بەهۆی لێدانی شمشێری دانیمارکییەوە، ترسی ئازادت
وات لێدەکات بۆ ئێمە دڵسۆز بیت – جا تۆ ناتوانیت
بەساردوسڕی فەرمانی شاهانەی ئێمە وەربگریت، کە نامەکان

بەدوورودرێژی
داوای ئەو ئەنجامەت لێ دەکەن
کە مەرگی دەستبەجێی هاملێتە. ئینگلتەرا، بیکە،
چونکە ئەو دەڵێی تایەکی گەرمە و لەناو خوێنمدا جۆش دەدات،
بۆیە تۆ دەبێت چاکم بکەیتەوە. تا ئەو کاتەی کە دەزانم کارەکە کراوە،
هەرچییەکم بۆ هەڵبکەوێت هێشتا خۆشییەکانم چێژیان لێ نەبینراوە.

(دەڕوات)

## دیمەنی چوارەم

*دەشتاییەک لە دانیمارک*
*فۆرتینبراس و سەرتیپێک بە سوپاوە بەسەر تەختەی شانۆدا تێ دەپەڕن*

**فۆرتینبراس:** بڕۆ، ئەی سەرتیپ، لە منەوە سڵاو لە شای دانیمارک بکە.
پێی بڵێ، بەیارمەتی خۆی، فۆرتینبراس
داوا دەکات ڕێی پێ بدرێت وەک خۆی بەڵێنی بە ئێمە داوە
کە بەناو شانشینی ئەودا تێپەڕبین. تۆ شوێنی دیدارەکە دەزانیت
جا ئەگەر خاوەن شکۆ حەزی لە هەر شتێک بوو لەگەڵ ئێمە،
ئێمە ئامادەین بەخۆمان لەبەرچاوی ئامادە بین.



ئەمەی پێ ڕابگەیەنە.
**سەرتیپ:** گەورەم، من وادەکەم.
**فۆرتینبراس** (بۆ سوپاکەی): هێواش بڕۆن.
(هەموو دەڕۆن جگە لە سەرتیپ)
(هاملێت و ڕۆزینکرانتز و گیلدنستێرن و هی دیکە دێنە ناوەوە)
**هاملێت:** بەڕێزم، ئەم هێزانە هی کێن؟
**سەرتیپ:** گەورەم، هی نەرویجن.
**هاملێت:** بەڕێزم، تکایە، ئەوانە بەتەمانە بچنە کوێ؟
**سەرتیپ:** بەتەمانە بچنە بەرامبەر هەندێک شوێنی پۆڵەندا.
**هاملێت:** بەڕێزم، کێ فەرماندەیانە؟
**سەرتیپ:** فۆرتینبراس، برازای شای نەرویج.
**هاملێت:** بەڕێزم، ئەو دەچێت دژی هەموو پۆڵەندا بجەنگێت
یان تەنیا لەسەر سنوورەکانیدا؟
**سەرتیپ:** گەورەم، ئەگەر بەڕاستی بدوێم و هیچی زێدەی نەخەمە سەر
ئێمە دەچین پارچە زەوییەکی بچووک بگرین
کە هیچ سوودێکی نییە جگە لە ناوەکەی.
ئەگەر بە پێنج پوولم بدەنێ من نایچێنم،
ئەمە نە بۆ نەرویج و نە بۆ پۆڵەنداش هیچ
پلەوپایەیەکی تێدا نییە ئەگەر بە سەربەخۆییش بفرۆشرێتەوە.
**هاملێت:** بۆچ، کەواتە پۆڵەندییەکان هیچ بەرگرییەکی لێ ناکەن.
**سەرتیپ:** بەڵێ، ئەوان پاسگەیشیان لێی داناوە.
**هاملێت:** دوو هەزار ڕۆح و بیست هەزار پوول

کێشەی ئەم مەسەلە پووچە نابڕێنێتەوە،
ئەمە دوومەڵی سامان و ئاسوودەیی زۆرە
کە لەناوەوە کێم دەکات و هیچ ماکێکی دەرەکی پێوە دیار نییە
کە بۆچی مرۆڤەکە دەمرێت. – بەڕێزم، من بەسادەیی سوپاست دەکەم.

**سەرتیپ:** گەورەم، خوات لەگەڵ بێت.

**رۆزینکرانتز:** گەورەم، حەز دەکەیت بڕۆیت.

**هاملێت:** هەر ئێستا لەگەڵتان دەبم. کەمێک لە پێشم بڕۆن.
(هەموو دەڕۆن جگە لە هاملێت)
چۆن هەموو بۆنەکان دژ بە من قسە دەکەن،
هانی تۆڵەکردنەوە خاوەکەم دەدەن! مرۆڤ چییە
ئەگەر چاکەی سەرەکی و کات بەسەربردنی ئەو
لە پێناوی خواردن و خەوتن بێت؟ ئەوسا لە ئاژەڵ پتر نابێت.
مسۆگەر، ئەوەی ئەو توانایە گەورەیەی بیرکردنەوە پێمان بەخشیوە
تا لەمەوپێش و لەمەودوای خۆمان ببینین،
ئەو توانا و هێزی بیرکردنەوەی نەداوەتە ئێمە
تاوەکو بەبێ بەکارهێنان لەناوماندا کەڕوو هەڵبێنن. ئێستا ئەگەر ئەوە
لەبیرچوونەوەی ئاژەڵانە بێت یان گومانێکی ترسنۆکانەی
بیرکردنەوە بێت کە زۆر بەوردییەوە لە ڕووداوەکان رادەمێنێت
–هەر بیرکردنەوەیەکیش ئەگەر بکرێتە چوار پارچە، یەک



پارچەی ژیرییە و
هەمیشە سێ پارچەکەی تری ترسنۆکییە – نازانم
بۆچی هێشتا من دەڵێم ئەو شتە دەبێت بکرێت
کاتێک من هۆ و ویست و هێز و ڕێگاکانی کردنیم لەبەردەستدایە.
نموونەی، بەقەد زەمین گەورە، هانم دەدات بیانکەم،
ئەم سوپایە ببینە، چەندە گەورە و زلە
لەلایەن شازادەیەکی ناسک و نازدارەوە فەرماندەیی دەکرێت
کە ڕۆحی پڕ بووە لە ئارەزوو،
لە ڕووداوی نەبینراو ڕوو گرژ دەکات،
دەوێرێت لاشە و نادڵنیایی بخاتە بەردەم
چارەنووس و مەرگ و مەترسی
تەنانەت لە پێناوی قەپێلکە هێلکەیەک.
مەزنایەتی ڕاستەقینە لەوەدا نییە کە بەبێ هۆیەکی مەزن بجوولێیت،
بەڵکو مەزنایەتی لەوەدایە کە لەسەر پووشکەیەک بجەنگیت
کاتێک ئابڕوو دەکەوێتە مەترسییەوە. جا ئێستا هەڵوێستی من چۆنە،
باوکم کوژراوە و دایکم لەکەدار کراوە،
مێشک و خوێنم وورووژێنراون
کەچی من هەردووکیان دەفەوتێنم؟ بەڵام بۆ شوورەیی خۆم،
وا دەستبەجێ مەرگی بیست هەزار پیاو دەبینم

کــە بۆ تۆزقـــاڵێک ناوبانگ یان کـــەڵکەڵەیەک دەچنە ناو گۆڕەکانیانەوە
وەکــو ئەوەی بچنە ناو نۆێنەکــانیــان، ئەوان لەســـەر پارچە زەوییەک دەجەنگن
کە جـێگەی ئەو هەمـوو کەسـەی تێـدا نابێتـەوە کە کێـشـەیان لەسەریەتی و
بەشی گۆڕەکانیان ناکات و جێگەی شاردنەوەی
کوژراوەکانی تێدا نابێتەوە؟ – ئۆه، لە ئێستا بەدواوە
بیـرەکـانم خـوێناوی دەبن، ئەگـینا هیچ بەها و بایەخـێکیــان نەماوە!

(دەڕوات)

## دیمەنی پێنجەم

*(ئێلسینۆر. ژوورێکی ناو قەڵاکە)*
*شاژن و هۆراشیۆ دێنە ژوورەوە.*

**شاژن:** من قسەی لەگەڵ ناکەم.
**هۆراشیۆ:** ئەو لەسەر ئەوە سوورە، بەڕاستیش شێتە،
بارودۆخی ئەو پێویستی بە بەزەییە.
**شاژن:** چی دەوێت؟
**هۆراشیۆ:** ئەو زۆر باسی باوکی دەکات، ئەو دەڵێت بیستوویەتی
لەم دونیـایەدا فڕوفێڵ هەیـە، ئینجا ئـحمێک دەکات و لە سـینگی خۆی دەدات،



بە تووڕەیی لە شتی بێ کەلک هەڵدەدات، شتی نادڵنیا دەڵێت
کە نیمچە واتایەکیان هەیە. قسەی ئەو هیچ نییە،
بەڵام بەکارهێنانی بێ سەروبەری ئەو وا لە گوێگرەکان دەکات
قسەکان پێک ببەستنەوە، بەمەزەندە لێکی بدەنەوە،
وشەکان بەپێی مێشکی خۆیان لێک ببەستن و
چاونووقاندن و سەرلەقاندن و گرێشمەکانی واتابەخشن و
لەڕاستیدا وادەکەن کە خەڵکی وابزانن بیرۆکەیان تێدایە،
ئەگەرچی هیچیش مسۆگەر نییە، بەڵام زۆر پڕخەم و کەسەرە.
پێم باشە لەگەڵی بدوابایت چونکە لەوانەیە وابکات
گومانی مەترسیدار لەناو مێشکی بەدکاران بڵاو بکاتەوە.
**شاژن:** ڕێی بدە با بێتە ژوورەوە.
بۆ ڕۆحــە دەردەدارەکــەم، کـــە ســروشــتی راســتــەقــینـەی ئەو گوناهکارە،
هەر خۆشییەک بۆ کارەساتێکی مەزن وەکو پێشگوتارە.
گوناه هێندە پڕ لە گومانێکی ساکاری پەنهانە
کە خۆی ئاشکرا دەکات لەترسی ئەوەی ئاشکرا بێت، گیانە.
(هۆراشیۆ و ئۆفیلیا کە شێت بووە دێنە ژوورەوە)
**ئۆفیلیا:** کوانێ خانمە جوانە شکۆدارەکەی دانیمارک؟
**شاژن:** ئێستا چۆنیت، ئۆفیلیا؟
*ئۆفیلیا (گۆرانی دەڵێت)*
*چۆن ئەوینی راستەقینەت جیاکەمەوە*
*لە یەکێکی ساختە و درۆ؟*

به کڵاوە حاجیانییەکەی و گۆچانەکەی
لەگەڵ سەندەڵەکانی پێی تۆ.

**شاژن:** مخابن، خانمی شیرین، مەبەستت لەم گۆرانییە چییە؟

**ئۆفیلیا:** تۆ دەیڵێی؟ نەخێر، تکایە گوێ بگرە.

(گۆرانی دەڵێت) خانمەکەم، ئەو مرد و رابرد
ئەو مرد و رابرد،
لەلای سەرییەوە سەوزەگیا رواوە،
لەلای پاژنەشی بەرد ریز کراوە.

**شاژن:** نەخێر، بەڵام، ئۆفیلیا –

**ئۆفیلیا:** تکایە، گوێ بگرە.

(گۆرانی دەچڕێت) کفنەکەی سپییە وەکو بەفری چیا –

(شا دێتە ژوور)

**شاژن** (بۆ شا): ئەی هاوار، بڕوانە ئێرە، گەورەم.

**ئۆفیلیا** (گۆرانی دەچڕێت): بەگوڵی جوان رازێنرایەوە،
تا ناو گۆڕیش بەفرمێسکی
بەگوڕی ئەوینی راستەقینە لاوێنرایەوە.

**شا:** چۆنیت، خانمی نازدار؟

**ئۆفیلیا:** باشم، خوا چاکەت بداتەوە. دەڵێن کوندەپەپوو کچی نانەوا بوو.
گەورەم، ئێمە دەزانین بەخۆمان چین، بەڵام رەنگە
نەزانین چیمان لێ دێت. خوا بەرەکەت بخاتە سفرەتەوە.

**شا:** ئەمانە خەیاڵی ئەون لەبارەی باوکیەوە.



**ئۆفیلیا:** تکایە با باسی ئەوە نەکەین، بەڵام ئەگەر لێیان پرسیت
ئەوە مانای چییە، تۆ ئەمە بڵێ:

(گۆرانی دەڵێت) سبەی رۆژی حەزرەتی (ڤالانتاین)ە،
هەموویان بەو بەیانییە زووە،
منیش کچێکم لەبەر پەنجەرەی تۆ.
ئینجا ئەو هەستایە سەر پێ و جلی کردە بەر،
دەرگای ژوورەکەی خۆی والا کرد،
کچەکەی بردە ناو ژوورێ و چیتر
بە کچێنی نەمابوو کە بەڕێی کرد.

**شا:** ئۆفیلیای جوان!

**ئۆفیلیا:** بەڕاستی، وا بەبێ سوێندخواردن من کۆتایی پێ دەهێنم:

(گۆرانی دەڵێت) بەحەزرەتی مەسیح و حەزرەتە چاکەکان،
مخابن، نەماوە هیچ شەرم و شوورەیی!
گەنجان دەیکەن ئەگەر بۆیان هەڵبکەوێت،
بە خوای ئەوان خەتابارن لەو کارەی!
کیژەکە گوتی "پێش ئەوەی تەقڵەم پێ لێبدەیت،
بەڵێنت پێ دابووم کە بێیتە خوازبێنیم."
ئەو وەڵام دەداتەوە.
"سوێند بەو خۆرەی ئەوێ تۆم دەخواست
ئەگەر نەهاتبایتە ناو نوێنم."

**شا:** چەندە وای لێ بەسەرهاتووە؟

**ئۆفیلیا:** هیوادارم هەموو شتێک چاک بێت. دەبێ ئارام بگرین.

من کە بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ ئەو لەناو زەوی سارد درێژ بکەن،
جگە لە گریان چی ترم پێ ناکرێت. براکەم ئەوە دەزانێت.
منیش سوپاست دەکەم
بۆ ئامۆژگارییە باشەکانت. – وەرە، ئەی گالیسکە! – شەو شاد، خانمان،
شەو شاد، خانمە شیرینەکان، شەو شاد، شەو شاد. (دەڕوات)

**شا:** بەنزیکی بەدوای بکەون، تکاتان لێ دەکەم، بەباشی چاوتان لێی بێت.

(هۆراشیۆ دەچێتە دەرەوە)

ئۆە، ئەمە هەمووی ژەهری خەمێکی قووڵە، هەمووی
لە مەرگی باوکیەوە پەیدا بووە. ئۆە، گێرترود، گێرترود،
کە خەم و پەژارە دێت، ئەوان وەکو دیدەوانێکی تەنیا نایەن،
بەڵکو بەتیپ دێن! یەکەم شت، باوکی کوژراوە،
دووەم شت، کوڕەکەت چوو و ئەو کە بکەری ئەو کردارە دژوارانەیە
دەبێ بەدەستی دادوەرانەوە هەڵبکێشرێت. خەڵک وروژاون،
بیر و چرپەکانیان لەبارەی مردنی (پۆلۆنیەس)ی چاکەوە،
خەست و خراپن، ئێمەش شتەکەمان بەنەزانییەوە کرد،
بەدزییەوە ناشتمان. ئۆفیلیای بەسەزمان
لەنێوان خۆی و بڕیارە جوانەکانی دابەش بووە،
کە بە بێ ئەوان ئێمەش تەنیا نیگاری خۆمانین، یان تەنیا دڕندەین.



لە کۆتاییشدا، ئەوەی بەقەد هەموو ئەوانە گرنگە، ئەوەیە
براکەی ئەو بەدزییەوە لە فەرەنساوە گەڕاوەتەوە و
لەناو سەرسوڕماندا خۆی دەخواتەوە و خۆی لە خەڵک دوور خستۆتەوە و
پێویستی بە خەڵکی چپەچپکەر نییە گوێچکەی دەردەدار بکەن
بە قسە ئافاتاوییەکانی مردنی باوکی،
کە نەبوونی ڕاستی و بەڵگەی ڕووداوەکان
لەوە ناپرینگێنەوە کە ناوی ئێمە بخەنە ناو
گوێچکەی هەمووانەوە. ئۆە، گێرترودی خۆشەویستم، ئەمە
دەڵێی ساچمەی تۆپی کوشندەیە کە لە زۆر لاوە
مەرگ بۆ من دەهێنن. (هەراوهۆریایە لەناوەوە)

**شاژن:** مخابن، ئەو هەراوهۆریایە چییە؟

**شا:** کوا پاسەوانە سویسرییەکانم؟ با دەرگاکە پاس بکەن.

(جوامێرێک دێتە ناوەوە)

مەسەلە چییە؟

**جوامێرەکە:** گەورەم، خۆت ڕزگار بکە!

ئۆقیانووسەکە لە ئاستی خۆی بەرزتر بووەتەوە و
هێندەی (لێیرتس)ی گەنج بەخێراییەکی دڕندانەوە
کەنارە نزمەکان هەڵناللووشێت. ئەو سەرۆکایەتی ئاژاوەگێڕییەک دەکات و
بەسەر ئەفسەرەکانی تۆدا زاڵە. گەجەر و گوجەرەکانیش
بەگەورەم بانگی دەکەن

وەک بڵێی دونیا تەنیا ئەم ساتە دەستی پێ کردبێت،
رابردوو لەبیرچووەتەوە، داب و نەریت لەگۆڕێ نەماوە،
هەموویان وشەیەک بەڕاست دەزانن و پاڵپشتی لێ دەکەن،
دەڵێن: " ئێمە با لێیرتس بە شا هەڵبژێرین!"
کـڵاوەکانیـان هەڵدەدەن و بـە زمـان و دەسـتـەکـان تا پەڕەگـەی
ئاسمان چەپڵەی بۆ دەکوتن،
"لێیرتس دەبێتە شا، لێیرتس شایە!"

**شـاژن:** ئۆی ئـەوان چەند بە کـەیفـخـۆشـیـیـەوە بەدوای شـوێنێکی
ساختەدا دەوەڕن!
ئۆە، ئەمە پێچەوانەیە ئەی سەگە دانیمارکییە ناڕەسەنەکان!

**شا:** دەرگاکان شکێنران. (هەراوهۆریایە لەناوەوە)
(لێـیـرتس بەچەکـەوەیە و خـەڵکی دانیـمـارکی بەدوایـەوە دێنە
ژوورەوە)

**لێیرتس:** شا لە کوێیە؟ – (بۆ سەربازە دانیمارکییەکان) بەڕێزان،
ئێوە هەمووتان لەدەرەوە بوەستن.

**دانیمارکییەکان:** نەخێر، لێ گەڕێ بێینە ژوور.

**لێیرتس:** تکاتان لێ دەکەم، ماوەم بدەن.

**دانیـمـارکـیـیـەکـان:** وا دەکـەین، وا دەکـەین. (ئـەوان لەودیو دەرگـاوە
دەمێننەوە)

**لێیرتس:** سوپاستان دەکەم – دەرگاکە بپارێزن. – ئەی شای چەپەڵ،
باوکمم بدەرەوە!

**شاژن:** لەسەرخۆ، ئەی (لێیرتس)ی چاک.



**لێیرتس:** ئەو تنۆکە خوێنەی لەسەرخۆیە من بە بیژی دادەنێت،
بەڕووی باوکمدا دەقیژێنێت گەواد، مۆری قەحپەیی
تەنانەت لێرە، لەنێوچەوانە پاک و بێگەردەکەی
دایکی راستگۆم دەدات.

**شا:** لێیرتس، مەسەلە چییە
کەوا یاخیبوونەکەت هێندە زل و زەبەلاحانەیە؟ –
گێرترود، رێگای بدە، ترست لە ئێمە نەبێت.
هێزێکی پاراستنی خودایی بەجۆرێکی وا پەرژین لە شا دەکات
کە خیانەت تەنیا بتوانێت لە کونێکەوە سەیری بکات و
زۆر بەئەستەم ئەوەی دەیەوێت پێی دەکرێت.–پێم بڵێ، لێیرتس،
لەبەرچی وا گڕت گرتووە؟ گێرترود، رێگای بدە –
ئەی پیاو، قسە بکە.

**لێیرتس:** کوا باوکم؟

**شا:** مردووە.

**شاژن:** بەڵام بەدەستی ئەو نا .

**لێیرتس:** چۆن بوو مرد؟ من گاڵتەم لەگەڵ ناکرێت.
پشـتـیـوانی با بڕوات بۆ دۆزەخ! پەیمانەکان، بۆ لای رەشـتـرین
شەیتان!
ویژدان و فەڕی خودایی بۆ قووڵترین چاڵایی!
من دەوێرم خـۆم بخـەمـە بەر نەفـرەت. من گـەیشـتـوومـەتە ئەو
خاڵەی
کە گوێ بە هەردوو دونیا نەدەم،

چی دەبێت با ببێت، تەنیا من بەتەواویترین شێوە
تۆڵەی باوکم دەسێنمەوە.
**شا:** چی ڕێی لێ گرتوویت؟
**لێیرتس:** ویستی خۆم، نەک هەموو دونیا.
بۆ ڕێگاکانی خۆم، من ئەوان زۆر بە ئەسپاییەوە بەکاردەهێنم،
تا وەکو بەو کەمەی هەیە دوور بڕۆم.
**شا:** (لێیرتس)ی چاک،
ئەگەر حەز دەکەیت ڕاستی مردنی باوکی ئازیزت بزانیت،
ئایا لە تۆڵەسەندنەوەکەتدا وا نووسراوە
هەموو شتێک بخەیتە مەترسییەوە، دۆست و دوژمنت،
براوە و دۆڕاو؟
**لێیرتس:** جگە لە دوژمنەکانی کەسی تر نا.
**شا:** ئینجا تۆ دەیانناسیت؟
**لێیرتس:** بۆ برادەرە چاکەکانی من ئاوا باوەش دەکەمەوە،
وەکو باڵندەی سەقاقوشی ژیانبەخشی دڵنەرم
خوێنی خۆمیان دەرخوارد دەدەم.
**شا:** بۆچ، ئێستا تۆ وەکو
کوڕێکی چاک و جوامێرێکی ڕاستەقینە قسە دەکەیت و
منیش لە مردنی باوکی تۆ بێ گوناهم،
بۆ ئەوەش من بەهەموو هەست و سۆزمەوە خەمبارم،
ئەمەش لەبەر بیر و هزری تۆدا زۆر بەڕوون و ئاشکرا دیارە
وەک چۆن ڕۆژ لەبەرچاوت دەردەکەوێت.



**دانیمارکییەکان** (لەناوەوە): ڕێگای بدەن بێتە ژوورەوە.
**لێیرتس:** ئەوە چییە؟ ئەو هەرا و هۆریایە چی یە؟
(ئۆفیلیا دێتە ژوورەوە)
ئەی گەرمی، مێشکم وشک بکەرەوە! فرمێسکە حەوت قات سوێرەکان،
هەست و توانای چاوەکانم بسووتێنن!
بەخودا، شێتێتی تۆ دەبێ بارتەقای خۆی بدرێتەوە
تاوەکو تەرازووی ماف بەلای تۆدا بشکێتەوە. ئەی گوڵی بەهار!
خانمی خۆشەویست، خوشکی دڵنەرم، ئۆفیلیای شیرین!
ئەی ئاسمان! ئایا دەکرێت عەقڵی خانمێکی گەنج
وەکو ژیانی پیاوێکی پیر مەرگ بەخش بێت؟
سروشت لە مەسەلەی ئەویندا ڕێکوپێکە و چونکە ڕێکوپێکە
هەندێک بەشی نازداری خۆی
بەدوای ئەو کەسەدا دەنێرێت کە خۆشی دەوێت.
**ئۆفیلیا** (گۆرانی دەڵێت): ئەوان بە سەر دانەپۆشراوی لەسەر دارەبازە بردیان
وای وای لەخۆم، وای وای لە خۆم،
لەناو گۆڕەکەشدا زۆر فرمێسک هەڵوەرین –
خوا حافیز، ئەی کۆترەکەم!
**لێیرتس:** ئەگەر عەقڵیشت بمابوایە و هانی تۆڵەکردنەوەت دابوایین،
ئاوەها نەیدەبزواندین.
**ئۆفیلیا:** تۆ دەبێ گۆرانی "ئای لەو خوارە،" و "بانگی ئەو خوارەی بکە " بڵێیت.

ئۆھ، چۆن لەگەڵ خەرەکەکە دێت! سەرنۆکەرە تەڵەکەبازەکە
کیژی خودانەکەی خۆی هەڵگرت.

**لێیرتس:** ئەم شتە پووچە پتر لە مانایەکی تێدایە.

**ئۆفیلیا** (بۆ لێیرتس): گوڵی ڕۆزماری کە بۆ یادگارییە،
تکایە، یارەکەم، لەبیرت بێت. گوڵی هەرجاییش، گیانەکەم بۆ بیرکردنەوەیە.

**لێیرتس:** لە شێتێتیدا زانیاری هەیە، بیرۆکە و یادگاری پێکەوە دەگونجێن.

**ئۆفیلیا** (بۆ شا): گوڵی شمڵی بۆ تۆ و گوڵی چقڵداریش –
(بۆ شاژن) گوڵی ئەسپەندەر بۆ تۆ و هەندێکیشیان بۆ من –
ئێمە دەتوانین بەمە بڵێین گیای فەڕی یەکشەمووان – ئۆ، دەبێ تۆ گوڵی ئەسپەندەر بەجیا لە خۆت بدەیت. – گوڵی حاجیلەش هەیە. – من پێم خۆشبوو هەندێک وەنەوشەت پێ بدەن(*)، بەڵام هەموویان سیس بوون کە باوکم مرد. ئەوان دەڵێن ئەو کۆتاییەکەی باش بوو.
(گۆرانی دەڵێت) *هەموو خۆشی من بۆ باڵندەی بووکە سوورەی ناسک و جوان* –

**لێیرتس:** خەم و پەژارە، سۆز و خۆشەویستی، تەنانەت دۆزەخیش
لەلای ئەو بەجوانی و چاکی دەگوترێت.

---

(*) لە زمانی ئینگلیزیدا هەر گوڵێک هێمای شتێکە. (شمڵی) هێمای پانکردنەوەیە، (گوڵی چقڵدار) هێمای بێ وەفایی، (گوڵی ئەسپەندەر) هێمای خەم و پەشیمانی، (گوڵی حاجیلە) هێمای فڕوفێڵکردنە لە عیشق و ئەوینداریدا. (وەرگێڕ).



ئۆفیلیا (گۆرانی دەڵێت): *جا ئەو ناگەڕێتەوە؟*
*جا ئەو ناگەڕێتەوە؟*
*نەخێر، نەخێر، ئەو مردووە.*
*هەرکێ بچێتە ناو نوێنی مەرگ*
*جارێکی دی قەت ناگەڕێتەوە.*

*ریشی وەکو بەفر سپی بوو،*
*هەموو قژی سەریشی کەتانی بوو،*
*ئەو چوو، ئەو چوو*
*ئێمەش پرسەکەمان هەڵگرت،*
*خوا بەزەیی بە ڕۆحی بکات!*

لەگەڵ ڕۆحی هەموو مەسیحییەکان. لەخودا دەپاڕێمەوە، خوا ئاگای لێت بێت. (دەڕوات)

**لێیرتس:** ئەی خودایە، ئەوە دەبینیت؟

**شا:** من دەبێت هاوبەشی خەمت بم،
یان تۆ ئەم مافە بە من نادەیت؟ بڕۆ، هەرکێ
لە برادەرە هەرە ژیرەکانت هەڵدەبژێریت هەڵیانبژێرە
با گوێ لە من بگرن و لە نێوان تۆ و من بڕیار بدەن.
ئەگەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ
دەستی ئێمە لەو کارەدا هەبوو، ئێمە شانشین و
تاج و ژیان و هەرچی دیکە کە بە هی خۆمانی دادەنێین
بەرەزامەندییەوە بە تۆی دەبەخشین، بەڵام ئەگەر وانەبوو،
دەبێ رازی ببیت و سەبرمان لێ بگریت

تا ئێمە پێکەوە کارێکی وا بکەین کە رۆحت
پێی ئارام ببێتەوە.
**لێیرتس:** با ئەمە وابێت،
شێوەی مردنەکەی، ناشتنە کەس پێ نەزانەکەی –
بە بێ نیشانەی مەردایەتی، شمشێر و دروشمی ئازایەتی
لەسەر ئێسکەکانی،
بە بێ سرووتی خانەدانانە و تەنتەنەی فەرمی –
هاوار دەکەن ببیسترێن، وەکو بڵێی لەئاسمانەوە بۆ سەرزەوی
بێت،
کە پێویستە من لێپێچانەوەیان لەبارەوە بکەم.
**شا:** تۆش هەر دەبێ وابکەیت،
لە هەرکوێیەک خراپە بکرێت، دەبێ تەورە مەزنەکە[*] بێتە
خوارەوە.
تکات لێ دەکەم، لەگەڵم وەرە. (دەڕۆن)

## دیمەنی شەشەم

*(ژوورێک لەناو قەڵاکەدا)*
*هۆراشیۆ و خزمەتکارێک* دێنە ژوورەوە.

**هۆراشیۆ:** ئەوان کێن کە دەیانەوێت لەگەڵم بدوێن؟
**خزمەتکار:** گەورەم، ئەوان خەڵکانێکی دەریاگەڕن و دەڵێن نامەشیان بۆ تۆ پێیە.

(*) هێمایە بۆ ئامرازی سزادان و تۆڵەسەندنەوە. (وەرگێڕ).



(دەچێتە دەرەوە)
**هۆراشیۆ:** با بێنە ژوورەوە. –
نازانم دەبێ لە چ پارچەیەکی دونیاوە
سڵاوم بۆ هاتبێت، ئەگەر لە (هاملێت) ەوە نەبێت.
(دەریاوانەکان دێنە ناوەوە)
**دەریاوانی یەکەم:** گەورەم، خوا پیرۆزت بکات.
**هۆراشیۆ:** یا خوا تۆش پیرۆز بکات.
**دەریاوانی یەکەم:** گەورەم، وا دەکات و واشی پێ خۆشە. گەورەم، نامەیەکم بۆ تۆ پێیە لەو باڵۆێزەی کە دەبوایە بچێتە ئینگلتەرا – ئەگەر تۆ ناوت هۆراشیۆ بێت، وەک ئەو رێگای دام ئەوەندە بزانم.
(نامەکەی پێ دەدات)
**هۆراشیۆ** (دەخوێنێتەوە): هۆراشیۆ، کاتێک تۆ چاوت بەم نامەیە دەکەوێت، رێگایان بۆ خۆش بکە بگەن بە شا چونکە نامەیان بۆ ئەویش پێیە. پێش ئەوەی لە دەریادا دوو رۆژ بەسەر ببەین، کەشتییەکی چەتەگەرانی زۆر شەڕخواز بەدوامان کەوت. کە زانیمان ئێمە زۆر خاوین لە رۆیشتندا، ئێمە بەناچاری پۆشاکی ئازایەتیمان پۆشی و بە چەنگاڵ چووینە سەر کەشتی ئەوان. کاتێک لێمان دوورکەوتنەوە، تەنیا من بوومە یەخسیری ئەوان. ئەوان وەک دزی خاوەن بەزەیی لەگەڵ من رەفتاریان کرد. بەڵام ئەوان دەیانزانی چییان کردووە، منیش دەبێ چاکەیەکیان لەگەڵدا بکەم. با ئەو نامانە بە شا بگات کە من بۆم ناردوون، تۆش بە زووترین کات وەک یەکێکی لە مەرگ

راکردوو خۆت بگەیەنە لام. من قسەی وام پێیە ئەگەر لە گوێتدا بیانچرپێنم زمانت لاڵ دەبێت، بەڵام ئەو قسانە لەچاو سەنگ و عەیاری بابەتە راستەقینەکە زۆر کەمترن. ئەم برادەرە چاکانە تۆ دەگەیەننە ئەو شوێنەی منی لێیە. رۆزینکرانتز و گێلدنستێرن بەرەو ئینگلتەرا رێگای خۆیان گرتۆتە بەر، من زۆرم پێیە لەبارەی ئەوان پێتی بڵێم. خواحافیز.

*لەو کەسەی کە دەزانیت دڵسۆزی تۆیە: هاملێت.*

وەرن، من رێگای گەیشتنی ئەو نامانەتان بۆ دەکەمەوە،
جا پەلە بکەن تاوەکو من بگەیەننە لای
ئەو کەسەی کە ئێوە نامەکانتان لێیەوە هێناوە.

(دەڕۆن)

## دیمەنی حەوتەم

*(ژوورێکی تری ناو قەڵاکەدا)*

*شا و لێیرتس دێنە ژوورەوە.*

**شا:** پێویستە ویژدانت ئێستا بێتاوانی من مۆر بکات،
تۆ دەبێت من وەک برادەر لەناو دڵت دابنێیت،
چونکە تۆ بە گوێچکەی پڕ زانینتەوە گوێت لێ بوو
کە ئەو کەسەی باوکی جوامێری تۆی کوشتووە
مەبەستی لەناوبردنی گیانی من بوو.

**لێیرتس:** ئەوە بەجوانی دەرکەوت – بەڵام تۆ پێم بڵێ
بۆچی تۆ هیچت دژ بەم کاروکردارانە نەکرد،



کە سروشتەکانیان هێندە پڕتاوانن و پێویستە بە مەرگ سزا بدرێن،
لە کاتێکدا کە سەلامەتی و ژیری و هەموو شتێکی دیکە،
بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوەی لێ دەخواستیت.

**شا:** ئۆه، لەبەر دوو هۆی تایبەتی،
کە لەوانەیە لەلای تۆ لاواز بن،
بەڵام لەلای من بەهێزن. شاژنی دایکی
نزیکەی بە روخساری ئەو دەژیت، بۆ خۆشم –
ئایا چاکە یان ماڵوێرانییە، هەر کامەیان بێت –
ئەو ژنە هێندە بە ژیان و رۆحمەوە نووساوە –
وەکو ئەستێرەیەکە کە تەنیا لە خولگەی ئەودا دەسووڕێتەوە،
منیش بەبێ ئەو هەرگیز ناتوانم. هۆی دووەم،
بۆچی پەنا نابەمە بەر دادگایەکی گشتی،
لەبەر خۆشەویستی مەزنی خەڵکی رەشوڕووتە بۆ ئەو،
جا ئەگەر هەموو خراپەکانی ئەو لەناو سۆزەکانی ئەواندا هەڵبێنم،
ئەو وەکو ئەو کانییەیە کە دار دەکاتە بەرد،
بۆیە ئەوان سندم و زنجیرەکانی ئەو بە شتی چاک و بەفەڕ لێکدەدەنەوە،
تیرەکانم بەجۆرێکی وا دەگەڕێننەوە ناو کەوانەکەی خۆم، وەک
وابێت لەداری یەگجار سووک دروست کرابن بەرامبەر ئەو رەشەبایە بەهێزە،
نایەڵن بگەنە ئەو شوێنەی نیشانەم لێی گرتووە.

**لێیرتس:** چا منیش باوکێکی خانەدانم لەدەست داوە،
خوشکێکم شێت بووە و لە دۆخێکی نائومێدانەدایە –
ئەگەر ستایشی شتی بەسەرچوو بکرێت، بەها و بایەخی ئەو –
لەسەر دوندی بەرزی و کاملایەتی هەموو سەدەکان وەستاوە و
ئامادەیە بۆ رووبەڕوو بوونەوە.– بەڵام تۆڵەسەندنەوەم بەڕێوەیە.

**شا:** خەوی خۆت بۆ ئەمە مەزڕێنە. نابێ تۆ وا بیر بکەیتەوە
ئێمە لە کەرەستەیەکی وا خاو و سست دروست کراوین
کە ڕێگا بدەین بەترسناکی ریشمان رابتەکێنرێت و
بە گەمەو گاڵتەی تێبگەین. بەم زووانە تۆ زیاتر دەبیسیت.
من باوکتم خۆشدەویست و خۆشمان خۆشدەوێت،
جا هیوادارم ئەمە وات لێ بکات کە خەیاڵ بکەیت –
(پەیامهێنێک دێتە ژوورەوە)
ئێستا بیڵێ، باسوخواس چییە؟

**پەیامهێن:** گەورەم نامەی (هاملێت)م هێناوە.
(نامەکانی دەداتە دەست) ئەمەیان بۆ خاوەن شکۆتانە، ئەمەشیان بۆ شاژنە.

**شا:** لە (هاملێت) ەوە! کێ هێناویەتی؟

**پەیامهێن:** گەورەم، گوایە دەریاوانان هێناویانە. من نەیانم بینیوە.
ئەمانە لە ڕێگای (کلاودیۆ) وە بە من گەیشتن، ئەو لەوانەی وەرگرتووە کە هێنابوونی.

**شا:** (لێیرتس) دەبێ تۆ گوێت لێیان بێت.



(بۆ پەیامبەرەکە) بەجێمان بهێڵە. (پەیامبەرەکە دەڕوات)
(نامەکە دەخوێنێتەوە)

*بۆ تۆی بەرز و دەسەڵاتدار – تۆ دواتر دەزانیت کە من لە سایەی شانشینەکەتدا نەبوون و نابووت کراوم. سبەی داوای ڕێپێدانتان لێ دەکەم کە چاوی شاهانەتان ببینم و پێشوەخت لەسەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەم کە من وا بەم کتوپڕییە و سەیرییە گەڕاومەتەوە.*

هاملێت

دەبێ ئەوە مانای چی بێت؟ هەموو ئەوانی تریش هاتوونەتەوە؟
ئایا ئەوە فرۆفێڵە یان شتێکی دیکەیە؟

**لێیرتس:** تۆ دەسخەتی ئەو دەناسیتەوە؟

**شا:** ئەوە دەسخەتی (هاملێت)ە. – "بەنابووتی" –
لە پەراوێزیشدا لێرە دەڵێت "بەتەنیا".
ئامۆژگاری تۆ چییە؟

**لێیرتس:** گەورەم، منیش تیا ماوم. بەڵام لێگەڕێ با بێتەوە،
ئەو دەردی ناو دڵی من دەهێنێتە جۆش،
چونکە من دەژیم و دەمەوێت ئەوەی لەڕوودا بڵێم،
"تۆ وات کردووە."

**شا:** لێیرتس، ئەگەر وابێت –
ئاخر چۆن دەبێت وابێت؟ چۆن بەجۆرێکی تر نەبوو؟ –
بەگوێی من دەکەیت؟

**لێیرتس:** بەڵێ، گەورەم،

بەمەرجێک تۆ ناچارم نەکەیت بۆ ئاشتبوونەوە.
**شا:** بۆ ئاسوودەیی تۆیە. ئەگەر ئەو ئێستا بێتەوە –
واتە وازی لە گەشتەکەی هێناوە، کەواتە جارێکی تر
گەشتەکە ناکات – من وای لێ دەکەم
کارێک بکات، کە هەر ئێستا لەناو فێڵەکانمدا ڕسکاوە،
لەم کارەشیدا، جگە لە لەناوچوون، هیچ چارێکی دیکەی نییە.
لەبارەی مردنەکەشی گلەیی و گازاندە لە هیچ کەسێک ناکرێت،
تەنانەت دایکیشی هیچ کەسێک بە بەرپرسیار نازانێت و
بەکارێکی خواکردی دادەنێت.
**لێیرتس:** گەورەم، من بەگوێت دەکەم،
لەوەش پتر، ئەگەر تۆ پێت دەکرێت وا ڕێکی بخەیت
من ببمە داردەستت.
**شا:** ئەمە لە جێی خۆیەتی.
لەوەتەی تۆ گەشتت کردووە زۆر باست کراوە
لەبەرچاوی هاملێت، لەبەر هەر کردارو ئاکارێک بێت
وەک دەیڵێن تۆی پێ دەدرەوشێیتەوە. سەرجەم دەستکەوتەکانت
پێکەوە
هێندەی ئەو تاقە ئاکارەت نەبوونەتە
مایەی حەسوودی ئەو. ئەمەش، بەڕای من،
لەهەرە بێ بایەخەکەیانە.
**لێیرتس:** گەورەم، کامە دەستکەوت؟
**شا:** ئەوەشیان خەتە نەخشێکە لە کڵاوی گەنجێتیدا،



کەچی ئەویش پێویستە، چونکە گەنج شایەنی
ئەوەن ڕەنگی گەش و بریقەدار لەبەربکەن
وەک چۆن پیر پێویستییان بە فەروو و پەتۆ هەیە،
ئەمەش تەندروستی و سەنگینی دەگەیەنێت. – دوو مانگێک
دەبێت،
سوارچاکێکی (نۆرمەندی) لێرە بوو –
من بەخۆم بینیم و بەخۆشم دژی فەرەنسییەکان جەنگاوم،
بەڵام ئەوان لە ئەسپ سواریدا باشن. کەچی ئەو سوارچاکە
لەمەیاندا کارامە بوو، دەتگوت لەسەر زینەکەی ڕوواوە،
بە ئەسپەکەی کاری وا سەرسوڕمێنی دەکرد،
دەتگوت لەگەڵ گیانەوەرە ئازاکەی بۆتە یەک جەستە و
سروشتیان نیوە بە نیوە کردووە. ئەو لەناو بیرمدا هێندە بەرز
هەڵکشا.
کە من، لەبەرامبەر شێوە و کارامەیی و فێڵەکانی ئەودا
ناتوانم بڵێم ئەو چی کرد.
**لێیرتس:** نۆرمەندی بوو؟
**شا:** بەڵێ، نۆرمەندی بوو.
**لێیرتس:** بە سەری خۆم(*) ئەوە (لامۆند) بووە.
**شا:** دەق خۆیەتی.
**لێیرتس:** من باشی دەناسم، ئەو بەڕاستی سەرتۆپ و
گەوهەری هەر هەموو نەتەوەکانە.

---
(*) لە دەقە ئینگلیزییەکەدا دەڵێت "بەگیانی خۆم". (وەرگێڕ)

**شا:** ئەو دانی بە تۆدا نا،
بەجۆرێکی زۆر وەستایانە باسی تۆی کرد
لە هونەر و مەشقی بەرگری لەخۆکردنتا،
بە تایبەتیش لە قلینج وەشاندنتا
کە هاواری کرد " بەڕاستی دیمەنێکی مەزن دەبێت
ئەگەر یەکێک بەربەرەکانێت بکات. ئەو سوێندی خوارد کە
قلینج وەشێنانی میللەتی ئەو، نە جووڵە، نە خۆپارێزی، نە
چاویان دەمێنێت ئەگەر تۆ رووبەڕوویان ببیتەوە. بەڕێزم، ئەو
باسەی ئەو (هاملێت)ی هێندە پڕی ژەهری حەسوودی کرد،
کە ئەو هیچی نەدەکرد تەنیا ئاواتەخواز بێت و نزا بکات
تۆ کتوپڕ بگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی یاری لەگەڵدا بکەیت.
ئینجا لەئەنجامی ئەمەوە –
**لێیرتس:** گەورەم، لەئەنجامی ئەمەوە چی بوو؟
**شا:** لێیرتس، ئەرێ تۆ باوکتت خۆشدەویست؟
یان تۆ وەکو نیگارێکی خەمباریت و
روخسارێکی بێ دڵێت؟
**لێیرتس:** بۆ دەپرسیت؟
**شا:** نەک لەبەرئەوەی وا بیر دەکەمەوە تۆ باوکتت خۆش ناوێ،
بەڵکو لەبەرئەوەی دەزانم کە خۆشەویستی بەکاتەوە بەندە،
من دەبینم، بە بەڵگە و رووداو دەبینم
کات کار لە پشکۆ و گڕی ئەو خۆشەویستییە دەکات.
لەناو ناخی گڕی خۆشەویستی خۆیدا



جۆرە پڵیتەیەک یان قۆزاخەیەک هەیە کە کپی دەکات.
هیچ شتێکیش تاسەر وەک خۆی بەچاکی نامێنێتەوە،
چونکە چاکی، کاتێک دەگاتە رادەی هەرەبالآیی خۆی
لەناو زێدەڕۆیی خۆیدا دەمرێت. ئەوەی دەمانەوێت بیکەین
پێویستە ئەو کاتە بیکەین کە دەمانەوێت، چونکە ئەم
"دەمانەوێت"ە دەگۆڕێت و
ساردبوونەوە و دواکەوتنی زۆری تێدایە
بەقەد هەبوونی زمانەکان، دەستەکان و رووداوەکان،
ئەوسا ئەو "دەبێت" ە وەکو ئاخ هەڵکێشانێکی فەوتێنەرە
کە بەئاسوودەکردنمان ئازارمان دەدات. بەڵام بۆ تیماری
سەری ئەم برینە:
هاملێت دێتەوە. تۆ دەبێت چی بکەیت
تا دەربخەیت کە کوڕی باوکی خۆتیت
ئەمەشت دەبێت پتر بەکردار بێت نەک بە قسە؟
**لێیرتس:** دەتەوێت لەناو کڵێسا سەری ببڕم.
**شا:** ئەوەی راستی بێت، هیچ جێگایەکی پیرۆز نییە بۆ کوشتن،
تۆڵەسەندنەوە سنووری نییە. بەڵام، (لێیرتس)ی چاک،
ئەرێ ئەوە دەکەیت لە کونجەکەی خۆتدا بمێنیتەوە؟
هەر هاملێت بێتەوە دەزانێت تۆ هاتوویتەوە.
ئێمە خەڵکان فێر دەکەین بە کارامەییتدا هەڵبڵێن و
دوو هێندەی کابرای فەرەنسی ناوبانگت
بە باق و بریق بخەن، ئێوە بەجوانی دەگەیەنینە یەک و

گرەو لەسەر سەرتان دەکەین. ئەو چونکە ناوریایە،
یەگجار دڵپاکە و هیچ جۆرە پیلانکارییەکی نییە،
لە قلینجەکان ناڕوانێت، بەجۆرێکی ئاسان
یان بە کەمێک تێکەولێکە، تۆ دەتوانیت
شمشێرە ناکۆڵکراوەکە هەڵبژێریت و بەلێدانێکی فێڵبازانەوە
تۆڵەی باوکتی لێ بکەیتەوە.
**لێیرتس:** من وا دەکەم،
بۆ ئەم مەبەستەش شمشێرەکەم
بەجۆرە هەتوانێک چەور دەکەم کە لە گەندە دکتۆرێکم کڕیوە و
هێندە کوشندەیە، ئەگەر تەنیا نووکی چەقۆی تێ هەڵبهێنیت و
شوێنێکی پێ بەخوێن دابێت هیچ نیوەنمەکێک چەند دەگمەنیش
بێت،
کە گژوگیاکانی کۆکرابنەوە و چاکی ئەوەشیان سەربار بێت
لەژێر تریفەی مانگ کۆکراونەتەوە، ناتوانن لە مەرگی رزگار
بکەن
ئەگەر تەنیا رووشانێکی پێ کرابێت. من نووکی شمشێرەکەم
بەم دەرمانە کوشندەیە دەکەم، کە ئەگەر بەئاستەم بیرووشێنم
ببێتە هۆی مردنی.
**شا:** با زیاتر بیر لەوە بکەینەوە،
با کات و کەرەسەی لەبار و گونجاو هەڵسەنگێنین
کە لەگەڵ جۆری ئەو کارەی دەمانەوێت بیکەین تەبا بێت.
ئەگەر ئەوەش سەرکەوتوو نەبوو،



ئامانجەکانمان بەهۆی خراپی بەجێگەیاندنمان لایدا،
باشترە نەکرێت. بۆیە ئەم پڕۆژەیە
پێویستە پشتیوانی یان پاڵپشتی دووەمی هەبێت کە بتوانێت
راستی بکاتەوە
ئەگەر ئەوە لە تاقیکردنەوەدا شکستی هێنا. لەسەرخۆ بە! – با
من ببینم –
ئێمە گرەوێکی گران لەسەر لێهاتوویی تۆ دەکەین –
بەڵێ دۆزیمەوە:
کاتێک لە کۆششی جوولەکانتانا ئێوە گەرم دادێن و تێنوو
دەبن–
کە دەبێت ئێوە لە هەڵمەتەکانتانا بۆ ئەم کارە توند بن –
ئینجا ئەو داوای خواردنەوە دەکات، بەم بۆنەیەوە
من پیاڵەیەکم بۆ ئەو ئامادە کردووە، کە بە تەنیا فرێکی ئەوە،
ئەگەر ئەو بەرێکەوت لە لێدانی ژاراوی تۆ رزگاری بوو،
لەوێ بەئامانجی خۆمان دەگەین. بەڵام راوەستە، ئەو هەرایە
چییە؟
(شاژن دێتە ناوەوە)
ئێستا چی هەیە، ئەی شاژنی شیرین؟
**شاژن:** خەفەتێک بە شوێن پێی خەفەتێکی تردا دێت،
زۆر خێرا بەدواییەکدا دێن. – لێیرتس، خوشکت خنکاوە.
**لێیرتس:** خنکاوە، ئۆە، لە کوێ؟
**شاژن:** لەو شوێنەی کە شۆڕەبییەک بەلاخواری لەسەر قەراغی چۆمێک
هەیە،

گەڵا بۆرەکانی لەئاوە شووشەییەکەی چەمەکەدا دەردەکەوێتەوە،
ئەو کـــیـــژە بـە جلی زۆر نـازدارەوە هـاتـە ئـەوێ و خـــۆشـی
رازاندبۆوە
بە گوڵی پێقەلە و گەزنە و حاجیلە و وەنەوشەی درێژووکانی
کە شوانە بەرەڵاکان ناوێکی قۆڕتری پێ دەڵێن
بەڵام کیژە ساردەکانمان پێی دەڵێن پەنجەی مردووان.
لەوێ دەیویست تاجە گوڵینەکەی بە لقە شۆڕبووەکانی
ئەم درەختە هەڵبواسێت، چڵێکی کرمنی بچووک شکا،
ئەو خۆی و یادگارە گوڵینەکەی کەوتنە ناو چەمە
بە هاش و هووشەکەوە. جلەکانی بەسەر ئاوەکەدا پان بوونەوە
وەکو پەری ئاوان بوو، کە ئەوان هەڵیاندەگرت،
بۆ ماوەیەک پارچە گۆرانی کۆنی دەچڕی،
بەکەسێک دەچوو کە ئاگای لە مەینەتی خۆی نەبێت،
هەر دەتگوت بوونەوەرێکە لەو مادەیە
خوڵقاوە و ڕسکاوە. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند
تا جلەکانی تەڕ بوون و بەئاوەکە قورس بوون،
ئینجا ئەو کلۆڵە بەسەزمانەی بۆ ناو مەرگی قوڕین ڕاکێشا.

**لێرتس:** مخابن، کەواتە ئەو خنکاوە.

**شاژن:** خنکاوە، خنکاو.

**لێرتس:** ئۆفیلیای بەسەزمان تۆ زۆر لەئاو خووساویت،
بۆیە من فرمێسکی خۆم رادەگرم. کەچی هێشتا
ئەوە خوو و خەسڵەتمانە، سروشت داب و نەریتی خۆی هەیە



با شوورەیی چی دەڵێت بیڵێت. کاتێک ئەم فرمێسکانە نامێنن
ئافـرەتەکـەی ناو سـروشـتـمـان دێتـە دەرەوە. – گـەورەم،
خواحافیز.
من قسەی ئاگراویم هەیە کە مەیلی لەوەیە گڕ بگرێت،
بەڵام ئەو لاوازییە دەیکوژێنێتەوە. (دەڕوات)

**شا:** گێرترود، با بەدوایدا بچین.
من چەندم کردو کۆشا تا ئەم ڕقەی دابمرکێنمەوە!
ئێستا لەوە دەترسم ئەمە دیسان هەڵی بگیرسێنێتەوە،
جا بۆیە با بەدوای بکەوین.
(دەڕۆن)

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی یەکەم

*ئێلسینۆر. گۆڕستانێک (لە حەوشەی کلێسادا)*

*(دوو گۆڕهەڵکەن بە بێڵ و کەلوپەلی ترەوە دێنە ژوورەوە)*

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەرێ ئەو ناشتنێکی مەسیحییانە بنێژرێت کە بەدەستی خۆی ویستوویەتی خۆی رزگار بکات؟

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** من پێت دەڵێم بەڵێ، بۆیە یەکسەر گۆڕەکە هەڵکەنە. دادوەر لە مەسەلەی ئەوی ڕوانیوە و بۆیە ناشتنی مەسیحییانەی بۆ داناوە.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەمە چۆن دەبێت، مەگەر ئەو تەنیا بۆ بەرگری لەخۆکردن خۆی خنکاندبێت؟

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** بۆچی، بڕیاردراوە کە وایە.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** کەواتە دەبێت ئەمە بەرگری لەخۆکردن بێت، نابێت شتی تر بێت. چونکە هۆیەکە لێرەدایە. ئەگەر من بەئەنقەست خۆم بخنکێنم، ئەمە کردارێک دەسەلمێنێت. هەر کردارێکیش سێ لقی هەیە: ئەوەیە بیکەیت، ئەنجامی بدەیت و جێبەجێی



بکەیت. بۆیە ئەو بەئەنقەست خۆی خنکاندووە.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** نەخێر، بەڵام تۆ گوێ بگرە، ئەی گۆڕهەڵکەنی چاک-

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ڕێگام بدە. (بەپەنجەی خۆی لەسەر خۆڵەکە نیگار دەکێشێت).

ئاوەکە لێرەیە، باشە. مرۆڤەکە لێرە وەستاوە، باشە. ئەگەر مرۆڤەکە بۆ لای ئاوەکە بچێت و بخنکێت، ئەو بیەوێت و نەیەوێت، هەر دەڕوات – ئێستا گوێت لەمە بێت، بەڵام ئەگەر ئاوەکە بۆ لای ئەو بچێت و ئەو بخنکێت، ئەو خۆی ناخنکێنێت. جا بۆیە، ئەو کەسەی تاوانبار نەبێت بە لەناوبردنی خۆی ژیانی خۆی کورت ناکاتەوە.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** بەڵام ئایا ئەمە یاسایە؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئا، بەخوای ئەمە یاسای لێپێچانەوەی مردووانە.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** قسەی ڕاستت دەوێت؟ ئەگەر ئەم مردووە ژنێکی بەگزادە نەبوایە، دەبوو لەدەرەوەی ڕێوڕەسمی مەسیحیدا بنێژرێت.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** قسەکەت راستە. جێی داخە مرۆڤە پایەبەرزەکان لەم دونیایەدا پتر لە برادەرە مەسیحییەکان مافی ئەوەیان پێ بدرێت کە خۆیان لە ئاودا بخنکێنن یان خۆیان هەڵواسن. –

وەرە، ئەی بێڵ، لێرەدا هیچ بەگزادەیەکی کۆن نییە جگە لە رەزەوان، چاڵ هەڵکەن، گۆڕهەڵکەنەکان. ئەوان پیشەی ئادەم دەپارێزن.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** ئەرێ ئەو خانەدان بوو؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەو یەکەمین کەس بوو کە ئەو ئامرازانەی هەڵگرت.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** بۆچی ئەو ئەم شتانەی نەبوو؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەرێ تۆ گاوریت، چیت؟ ئەرێ تۆ چۆن لە کتێبی پیرۆز دەگەیت؟ کتێبی پیرۆز دەڵێت: "ئادەم زەوی هەڵکەند." ئەرێ ئەو بەبێ ئامراز دەتوانێت زەوی هەڵکەنێت؟ من پرسیارێکی ترت لێ دەکەم: ئەگەر تۆ نەتتوانی وەڵامی تەواوم بدەیتەوە، بۆ خۆت دانی پیا بنێ –

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** بیکە.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەو کەسە کێیە کە شتێکی بەهێزتر لە باڵەخانە و کەشتی و دارتاش دروست دەکات؟

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** سێدارە دروستکەرە، چونکە ئەو شتەی ئەو دروستی دەکات دوای مردنی هەزارکەسیش هەر دەمێنێتەوە.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** من بەڕاستی زیرەکی تۆم بەدڵە. سێدارە شتی چاک دەکات، بەڵام چۆن شتی چاک دەکات؟ شتی چاک دەکات دژی ئەوانەی خراپە دەکەن. کەچی ئێستا شتێکی خراپە بڵێیت سێدارە لە کڵێسا بەهێزتر دروست کراوە. جا بۆیە لەوانەیە سێدارە شتێکی چاک لەگەڵ تۆ بکات. دە ئێستا تۆ لە من بپرسە.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** "باشە کێیە ئەو کەسەی شتێکی بەهێزتر لە باڵەخانە و کەشتی و دارتاش دروست دەکات؟ "

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** پێم بڵێ و ئیشەکەت تەواو دەبێت.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** بەخودای ئێستا دەتوانم.



**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** دەی وەرە سەر بابەتەکە.

**دووەم گۆڕهەڵکەن:** بەسروودەکانی ئایینی پیرۆز، نایزانم.

(هاملێت و هۆراشیۆ دێنە ناوەوە، کەمێک لەوانەوە دوورن)

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** چی دی مێشکی خۆت بەوە مەتەقێنە، چونکە کەرە گێلەکەت بەلێدان هەنگاوەکانی گورجتر ناکات، جا ئەگەر لەمەودوا ئەو پرسیارەت لێ کرا، بڵێ "گۆڕهەڵکەن" ە. چونکە ئەو خانووانەی ئەم دروستیان دەکات تا ڕۆژی زیندووبوونەوە دەمێننەوە. بڕۆ بۆ لای (یۆگان) و جامێک شەڕابم بۆ بهێنە.

(دووەم گۆڕهەڵکەن دەڕوات)

(بەدەم زەوی هەڵکەندنەوە گۆرانی دەڵێت)

*لە گەنجێتیدا کە دڵداریم دەکرد،*
*وام دەزانی زۆر خۆش و بەتامە،*
*ئاخ و ئۆفی زەمانەم بۆ خۆم بەکاردەبرد،*
*وای، نەگەیشتم بە هیچێکی ئەو کامە.*

**هاملێت:** ئەرێ ئەو پیاوە هیچ هەست و سۆزێکی بۆ کارەکەی نییە چونکە بەدەم گۆڕهەڵکەندنەوە گۆرانی دەڵێت؟

**هۆراشیۆ:** لێڕاهاتن وای لێ کردووە هەستمردوو و بێ باک بێت.

**هاملێت:** دەق وایە. ئەو دەستەی کەمتر بەکاردێت، هەستیاری پتری تێدا دەبێت.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** (گۆرانی دەڵێت)

*بەڵام تەمەن بە هەنگاوە بەدزییەکانی،*
*منی لەناو چنگی خۆی وەگیرهێناوە،*

*ناردوومیەتە ناو وڵاتی مردووەکانی*
*دەڵێی وەک من لەو دونیایە هەر نەخوڵقاوە.*

(کەللەسەرێک هەڵدەداتە دەرەوە)

**هاملێت:** ئەم کەللەسەرە زمانێکی تێدا بوو، جاران دەیتوانی گۆرانی بڵێت. بڕوانە ئەم خوێڕییە چۆن بە زەویدا دەدات، وەک ئەوەی ئێسکی شەویلاکی (قابیل) بێت، ئەوەی یەکەم کوشتنی بەئەنجام گەیاند. ڕەنگە ئەمە سەری سیاسەتوانێک بێت کە ئێستا ئەم کەرە پیاوە بەسەریدا زاڵە، رەنگە هی یەکێک بێت کە فێڵی لە خواش دەکرد، وا نییە؟

**هۆراشیۆ:** گەورەم، رەنگە وا بێت.

**هاملێت:** یان لەوانەیە هی پیاوانی ناو دەربار بێت کە دەیتوانی بڵێت "بەیانیت باش، گەورەی شیرینم! چۆنیت، گەورەی باشم؟" بەڕێزم، لەوانەیە ئەمە یەکێک بێت لەو کەسانەی کە ئەسپی کەسێکی دی ستایش کردبێت تاوەکو تکای بۆ بکات – وا نییە؟

**هۆراشیۆ:** وایە، گەورەم.

**هاملێت:** بۆچ، تەنانەت ئەگەر واش بووبێت. ئێستا کرم تێی وڕکاون، بێ شەویلاکە و بەبەر بێڵی گۆڕهەڵکەنێک دراوە. سووڕ و گەڕێکی چاک لێرە هەیە و ئێمە پێمان کرا بۆ خۆمان بیبینین. ئەرێ ئەم ئێسکانە لە بەخێوکردن و پێگەیاندنیاندا هێندەیان تێ نەچووە تاوەکو ئاوەها جگانێیان پێ بکەن؟ کە بیر لەوە دەکەمەوە ئێسکەکانم وەژان دەکەون.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن** (گۆرانی دەڵێت):

*قازمەیەک و بێڵێک و بێڵێک،*



*لەگەڵ یەک پارچە کفن،*
*ئۆه، دەبێ چاڵێکی خۆڵ لێ بدرێت*
*تاوەکو خزمەتی ئەو میوانە بکرێت.*

(کەللەسەرێکی تر هەڵدەداتە دەرەوە)

**هاملێت:** ئەوە یەکێکی دیش. بۆچ ئەمە کەللەسەری پارێزەرێک نەبێت؟ ئێستا کوا وردەکارییەکانی، پەناو پێچەکانی، کێشە یاساییەکانی، گرێبەست و فڕوفێڵەکانی؟ بۆچی ئێستا لەو خوێڕییە دڵڕەقە قبووڵ دەکات بە بێڵە پیسەکەی لە تەپڵی سەری بدات و پێی ناڵێت کە تاوانی دەستدرێژی بە ئەنجام گەیاندووە؟ هم! ئەم برادەرە لەوانەیە وەختی خۆی بە خۆو بە قەواڵەی قەرزەکانی زەوی کڕێکی مەزن بووبێت، بە گرێبەستی دەستەبەرکردن و تاوانە لێسەندنەکانی، دەقەبەڵکردنە دوولایەنییەکانی و لێکدی وەرگرتنەوەکانی زەوی. ئایا ئەمە تاوانەی تاوانەکانێتی، لێکدی وەرگرتنەوەی لێکدی وەرگرتنەوەکانێتی تاوەکو ئەو سەرکە نازدارەی پڕ بێت لە خڵت و خۆڵ و خۆڵەپۆک؟ ئایا دەستەبەرکاریەکانی دەستەبەری ئەوە دەکات چی دی نەفرۆشێت و دوولایەنکارییەکانیشی بە هەمان شێوە، پتر لەوەی درێژی و پانی قەواڵە لێک هەڵبڕاوەکانی دەیکەن؟ زۆر زەحمەتە بەناوکردنی زەوی و زارەکانی لەناو ئەو سندووقە(*) جێگای ببێتەوە و دەبێت میراتگرەکە بەخۆیشی جگە لەوە هیچی دیکەی نەبێت، ها؟

**هۆراشیۆ:** گەورەم، تۆزقاڵێکیش زیاتر نا.

---

(*) لێرەدا مەبەست لە گۆڕە. (وەرگێڕ)

**هاملێت:** ئەرێ پێستەی قەواڵە لە کەوڵی مەڕ دروست ناکرێت؟

**هۆراشیۆ:** بەڵێ، گەورەم، لە کەوڵی گوێرەکەش دەبێت.

**هاملێت:** ئەوانە مەڕ و گوێرەکەن کە دەیانەوێت بەم جۆرە مسۆگەری بکەن. من لەگەڵ ئەو برادەرە قسە دەکەم. – (بۆ گۆڕهەڵکەنەکە) کورە، ئەم گۆڕە هی کێیە؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** گەورەم، هی منە. –

(گۆرانی دەڵێت) *ئۆهـ، چاڵێکی خۆڵ دەبێ لێ بدرێت*

*تا خزمەتی ئەو میوانە بکرێت.*

**هاملێت:** ئەوەی راستی بێت، دەزانم هی تۆیە چونکە تۆ لەناویایت.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** گەورەم، چونکە تۆ لەدەرەوەی دایت، بۆیە هی تۆ نییە. لەلایەنی خۆمەوە لەناویدا نابم، کەچی هێشتاش هەر هی منە.

**هاملێت:** تۆ لەناویدا درۆ دەکەیت، چونکە لەناویدا نابیت و دەشڵێیت هی خۆتە. ئەوە بۆ مردووانە نەک زیندووان بۆیە تۆ درۆ دەکەیت.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەمە درۆیەکی خێرای زیندووانە، بۆیە دیسان هەر لەمنەوەیە بۆ تۆ دێت.

**هاملێت:** ئەم گۆڕە بۆ چ پیاوێک لێ دەدەن؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** گەورەم، ئەمە بۆ هیچ پیاوێک نییە؟

**هاملێت:** کەواتە بۆ چ ئافرەتێکە؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بۆ هیچ کامێکیان نییە.

**هاملێت:** ئەدی کێ لەناویدا دەنێژرێت؟



**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** گەورەم، بۆ یەکێکە کە جاران ئافرەت بوو، بەڵام خوا لێی خۆش بێت مردووە.

**هاملێت:** ئەو خوێڕییە چەند وردە! پێویستە ئێمە بە وردی قسە بکەین ئەگینا قسەی دووماناییی دەمانفەوتێنێت. هۆراشیۆ، بەخوای، لەم سێ ساڵەی دواییدا هەست دەکەم سەردەمەکە هێندە پێشکەوتووە کە پەنجەی پێی جووتیار هێندە لە پاژنەی پێی پیاوانی دەربار نزیک بووەتەوە خەریکە پاژنەی دەڕووشێنێت. – (بۆ گۆڕهەڵکەنەکە) چەند ساڵە گۆڕهەڵکەنیت؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** لە هەموو رۆژەکانی ساڵدا، ئەو رۆژە بوو کە شا (هاملێت)ی کۆچکردوومان بەسەر (فۆرتینبراس) دا سەرکەوت.

**هاملێت:** ئەوە لە کەنگییەوەیە؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** نایزانیت؟ هەموو گێلێکیش ئەوە دەزانێت: ئەوە ئەو ڕۆژە بوو کە (هاملێت)ی گەنج لەدایک بوو – ئەوەی ئێستا شێت بووە و ناردراوەتە ئینگلتەرا.

**هاملێت:** ئەرێ بەخوای وایە، پێم ناڵێیت ئەو بۆچی ناردراوەتە ئینگلتەرا؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بۆچ، چونکە ئەو شێتە. ئەو لەوێ مێشکی چاک دەبێتەوە، یان ئەگەر چاکیش نەبۆوە، ئەوە لەوێ مەسەلەیەکی گرنگ نییە.

**هاملێت:** بۆ؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** لەوێ وای نابینن، خەڵکەکەی ئەوێ وەکو ئەو شێتن.

**هاملێت:** ئەرێ ئەو چۆن شێت بوو؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** ئەوان دەڵێن، زۆر بەسەیری شێت بوو.

**هاملێت:** چۆن بەسەیری؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بەڕاستی، ئەو تەنانەت عەقڵی لەدەست داوە.

**هاملێت:** لەسەر چی؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بۆچ، لێرە لەسەر خاکی (دانیمارک). من لێرە سی ساڵە گۆڕهەڵکەنم، چ بەپیاوی و چ بە کوڕینی.

**هاملێت:** ئەرێ مرۆڤ تا چەند لێرە دەمێنێتەوە بەرلەوەی بڕزێت؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بەڕاستی، ئەگەر ئەو پێش مردنی بۆگەن نەبووبێت – هەروەکو لەم ڕۆژانەدا گەلێ لاشەی بۆگەنمان هەن کە بەزەحمەت دەمێننەوە بەرلەوەی بیاننێژین – ئەوان هەشت– نۆ ساڵێک دەمێننەوە. پێستەخۆشکەر نۆ ساڵ دەمێننەوە.

**هاملێت:** بۆچی ئەو لەوان زیاتر خۆی دەگرێت؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بۆچ، گەورەم، ئەو لە پیشەکەی خۆیدا پێستەکەی وا غاراوە کە ئاوەکە بۆ ماوەیەکی زیاتر رادەگرێت، ئاوی لەشی تۆش بۆگەنکەرێکی پیسی لاشە مردووە زۆڵەکەتە. ئێستا ئەوە کەللەسەری کەسێکە بیست و سێ ساڵە لەناو خاکدایە.

**هاملێت:** ئەوە هی کێ بوو؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** برادەرێکی شێتۆکەی زۆڵ. پێتوایە هی کێیە؟

**هاملێت:** نەخێر، من نایزانم.

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** هەی دەرد لەو دمۆرە شێتە! جارێکیان یەک گومگومەی پڕ شەڕابی (راینلاند)(*)ی لەسەر سەرم روو کرد.

---

(*) راینلاند ناوچەیەکە لە ئەمانیا بەترێ بەناوبانگە و شەرابی ئەوێش زۆر چاکە. (وەرگێڕ).



گەورەم، ئەم کەللەسەرە بچکۆلەیە هی (یۆرک)ی گاڵتەبازی شایە.

**هاملێت:** ئەمە؟

**یەکەم گۆڕهەڵکەن:** بەڵێ، دەق خۆیەتی.

**هاملێت:** رێم بدە با بیبینم. (کەللەسەرەکە دەبات) – مخابن، ئەی (یۆرک)ی بەسەزمان! – من ئەوم دەناسی، هۆراشیۆ. ئەو کەسێک بوو نوکتەکانی بێ کۆتایی و خەیاڵێکی هەرە نایابی هەبوو. هەزاران جار منی لە پشتێ کردووە، کەچی ئێستا، لە ئەندێشەمدا چەند قێزەوەنە! گەدەم پێی هەڵدەچێت. لێرە، دوو لێو هەبوون کە بەخۆشم نازانم چەند جاران ماچم کردوون. ئێستا، کوانێ فشەو گاڵتەی جارانت؟ لەخۆهەڵدانەکانت؟ گۆرانییەکانت؟ بریسکەی قسە خۆشەکانت کە بەوە راهاتبوویت خەڵکی سەرخوان بخەیتە هەراو جمین؟ کەس نەماوە ئێستا گاڵتە بەو مۆنی و گرژییەت بکات؟ چەناگەت بەتەواوی داچەقاندووە؟ ئێستا برۆ ژووری خانمەکەم و پێی بڵێ، هەرچەندەش یەک ئینج ئەستوور دەموچاوی ئارایشت بکات، سەرەنجام هەر بەشتەکە دەگات، وای لێ بکە بەمە پێ بکەنێت. – تکایە، هۆراشیۆ، یەک شتم پێ بڵێ.

**هۆراشیۆ:** چییە، گەورەم؟

**هاملێت:** ئەرێ تۆ بڕوات وایە (ئەسکەندەر)(*) لەناو خۆڵ وای لێ بەسەرهاتبێت؟

**هۆراشیۆ:** رێک وای لێ هاتووە.

---

(*) مەبەست لە (ئەسکەندەری مەقدۆنییە). (وەرگێڕ).

**هاملێت:** ئەدی دەبێ بۆنیشی وابێت؟ پیاھ!

**هۆراشیۆ:** رێک وەهایە، گەورەم.

**هاملێت:** هۆراشیۆ، ئێمە دەبینەوە چ توخمێکی نزم! بۆچی ئەندێشەمان بەدوای خۆڵی خانەدانانەی (ئەسکەندەر) دا نەچێت تاوەکو دەیبینێتەوە چۆن بۆتە زارەوانەی ناو کونی بەرمیلێک؟

**هۆراشیۆ:** تۆ یەگجار ورد لە شتەکان رادەمێنیت.

**هاملێت:** نەخێر، ئەوەی راستی بێت، تۆزقاڵێکیش وا نییە، بەڵام زۆر بەنەرمی تا ئەوێ بەدوای دەکەوم و تا کوێ رێی تێ بچێت دەچم. بەم جۆرە:
(ئەسکەندەر) مرد، (ئەسکەندەر) نێژرا، (ئەسکەندەر) دەبێتەوە خۆڵ، خۆڵ لە زەوییە و ئێمەش قوڕ لە زەوی دەگرینەوە و ئەدی بۆچی نابێت لەو قوڕەی کە ئەو بووەتە ئەوە ئەوان نەتوانن کونی بەرمیلێکی پێ قەپات بکەن؟

*مرد و بوو بە خۆڵ، قەیسەری ئیمپراتۆر*
*رەنگە کونێکی پێ بگیرێت تا با نەیەتە ژۆر،*
*ئۆھ، ئەو خۆڵەی کە زەوی خستبووە ترس و تۆقان،*
*کونی دیوارێک دەگرێت تا نەمێنێت سەرمای زستان.*

بەڵام، هێواش! هێواش! وەرە ئەملا. – ئەوە شایە.
(شا و شاژن و لێیرتس و لاشەکە و قەشە و گەورەپیاوان بە کۆڕەو دێن)
شاژن و پیاوانی دەربار وا دێن. ئەوان لەدوای کێ دەڕۆن؟ – بەسرووتێکی وا کرِ و ناتەواویش؟ ئەمە وا نیشان دەدات



ئەو لاشەیەی لەدوای دەڕۆن بەدەستی نائومێدانەی خۆی
ژیانی خۆی فەوتاندووە. ئەمە هی کەسێکی پایەبڵندە.
با کەمێک خۆمان بشارینەوە و سەیر بکەین.
(لەگەڵ هۆراشیۆ دەکشێنە دواوە)

**لێیرتس** (بۆ قەشەکە): چ رێوڕەسمێکی دیکە ماوە؟

**هاملێت** (لەلاوە بۆ هۆراشیۆ): ئەمە (لێیرتس) ە،
گەنجێکی زۆر خانەدانە. سەیرکە.

**لێیرتس:** چ رێوڕەسمێکی دیکە ماوە؟

**یەکەم قەشە:** ناشتنی ئەو بایی ئەوەندە بەگەورەیی جێبەجێ کراوە
کە رێمان پێ دراوە. مردنی ئەو گوماناوی بوو،
بەڵام ئەگەر ئەو فەرمانە مەزنە نەبوایە کە نەریتەکەی وەلانا،
دەبوایە تا نووڕەی دوایین شەیپوور ئەو
لە خاکێکی ناپیرۆزدا بنێژرابوایە، دەبوایە لەجیاتی نزای چاک،
پارچە تاسوڵقە، بەردەستێ، پلووکە بەرد بەسەریدا بباریبووان.
کەچی ئەو رێگای پێ دراوە گوڵبەندی پاکیزەیی بۆ بکرێت،
کێژێنییەکەی گوڵباران بکرێت و بە زەنگ و زیل
لەناو گۆڕێکدا بنێژرێت.

**لێیرتس:** ناکرێت هیچی دیکەی بۆ بکرێت؟

**یەکەم قەشە:** هیچی دیکەی بۆ ناکرێت.
ئێمە رێوڕەسمی ناشتنی مردووان تێک دەدەین
ئەگەر سەردوولکەی ئایینی بۆ حەساندنەوەی رۆحی ئەو
وەکو هی ئەوانەی بە ئاسایی کۆچیان کردووە بڵێین.

**لێیرتس:** لەناو گۆڕەکەی دابنێن،
یاخوا لە جەستەی جوان و پیس نەکراوی ئەودا
وەنەوشە بڕوێت! ئەی قەشەی رەقەکار، من پێت دەڵێم،
خوشکی من دەبێتە فریشتەیەکی چاککەرەوە،
کاتێک تۆ لەناو دۆزەخدا دەلووریێنیت.
**هاملێت:** چی، ئۆفیلیای نازدار! –
**شاژن** (گوڵی بەسەردا دەکات): شتی جوان بۆ جوانە، خوات لەگەڵ!
بەتەمای ئەوە بووم ببوایت بە ژنی (هاملێت)ی کوڕم،
خانمی جوان، من بیرم لەوە دەکردەوە نوێنی بووکێنیت بۆ
بڕازێنمەوە،
نەک گۆڕەکەت بە گوڵ بنەخشێنم.
**لێیرتس:** ئۆه، ماڵوێرانی سێ قات
دە جاران سێ قات بەسەر ئەو سەرە نەفرەتییەدا ببارێت
کە بە کارە بەدەکەی تۆی لە مێشکە زیندووەکەت
بێبەری کرد! – بۆ ماوەیەک خۆڵ پێداکردنەکە رابگرن
تاوەکو من جارێکی تر لەباوەشی دەگرم. (خۆ هەڵدەداتە ناو
گۆڕەکە)
ئێستا خۆڵەکە لەسەر زیندوو و مردوو قۆمەت بکەن،
تا لەم تەختاییە چیایەک دروست دەکەن
کە لە شاخی پیرە (پیلۆن) بڵندتر بێت و سەری بگاتە
ئاسمانی شینی (ئۆلیمپەس).
**هاملێت** (دەچێتە پێشەوە): ئەوە کێیە کە خەمەکەی
هێندە توندە و دەربڕینی خەم و خەفەتەکانی



ئەستێرە گەڕۆکەکان بانگ دەکات و دەیانوەستێنێت و
وەکو گوێگری واق وڕماویان لێ دەکات؟ ئەوە منم،
(هاملێت)ی دانیمارکیم. (خۆهەڵدەداتە ناو گۆڕەکەوە)
**لێیرتس** (چنگی لێ گیر دەکات): شەیتان رۆحت بسەنێت!
**هاملێت:** تۆ دوعایەکی چاکت نەکرد.
تکات لێ دەکەم، پەنجەت لەسەر قوڕگم لابە،
چونکە، ئەگەرچی من کەللەم گەرم نییە و هەڵەشە نیم،
بەڵام شتێکی پڕمەترسی لە مندا هەیە،
کە وا لەژیرێتیت دەکات ترس دایبگرێت. دەستت لابە!
**شا:** لێکیان بکەنەوە.
**شاژن:** هاملێت، هاملێت!
**هەموویان**: جوامێران –
**هۆراشیۆ:** ئەی سەروەری خاسم، ئارام ببەرەوە.
(یاوەرەکان لێکیان دەکەنەوە و ئەوان لەگۆڕەکە دێنە دەرەوە)
**هاملێت:** بۆچی، من لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵی دەجەنگم
تا ئەو ساتەی پێڵووی چاوەکانم لە جوولە دەکەون.
**شاژن:** ئۆه، کوڕم، لەسەر چ مەسەلەیەک؟
**هاملێت:** من ئۆفیلیام خۆشدەوێت. چل هەزار برا
بەهەموو خۆشەویستی خۆیانەوە ناتوانن بەقەد من
ئەویان خۆش بوێت. – (بۆ لێیرتس) تۆ بۆ ئەو چی دەکەیت؟
**شا:** ئۆه، لێیرتس، ئەو شێتە.
**شاژن:** بۆ خاتری خوا، بەتەنیا لێی بگەڕێ.
**هاملێت:** بە خوا، پێم بڵێ چی بۆ ئەو دەکەیت.

دەتەوێت بگریت؟ دەتەوێت بجەنگیت؟ دەتەوێت بەڕۆژوو بیت؟
دەتەوێت خۆت لەتلەت بکەیت؟
دەتەوێت سرکە بخۆیتەوە؟ تیمساح بخۆیت؟
منیش وا دەکەم. – تۆ هاتوویتە ئێرە بنووزێیتەوە؟
بە خۆهەڵدانە ناو گۆڕەوە بمبەزێنیت؟
بەزیندوویی لەگەڵ ئەو بتنێژن، منیش وا دەکەم
جا ئەگەر تۆ باسی چیاکان دەکەیت، با ئەوان ملیۆنان فەدان
بەسەرماندا بدەن، تاوەکو خۆڵی سەر گۆڕەکانمان
سەری خۆی بە ناوچەی گڕدار(*) هەڵدەکڕووزێنیت و
وا لە چیای (ئۆسا) دەکات بەقەد بالووکەیەک بێت! نەخێر، گەر
تۆ دەم بکەیتەوە من وەک تۆ بەچاکی دەم هەڵدەبڕم.

**شاژن:** ئەمە تەنیا شێتایەتییە،
ئەو لێهاتنەی بەم جۆرە تەنیا ماوەیەک دەیگرێت،
پاشتر دەستبەجێ وەکو دایکانەی کۆتر
کە جووتە ساقەسۆرەکەی دەترووکێن،
بێدەنگ دەبێت و بەسەریانەوە دەنیشێتەوە.

**هاملێت:** گوێ بگرە، گەورەم،
تۆ لەبەرچی وا لەگەڵ من رەفتار دەکەیت؟
من هەمیشە تۆم خۆشویستووە. بەڵام ئەمە مەسەلەیەک نییە،
با (هەرقەل)(**) بەخۆی چی پێدەکرێت بیکات،

---

(*) واتە ناوچەی خۆر. (وەرگێڕ)
(**) پاڵەوانێکی بەهێزی گریکی کۆن بوو. (وەرگێڕ)



پشیلە دەمیاوێنێت و سەگیش رۆژی خۆی هەیە.
(دەڕوات)

**شا:** تکات لێ دەکەم، هۆراشیۆی چاک، لەگەڵی بە. –
(هۆراشیۆ دەڕوات)
(بۆ لێیرتس) پشووت درێژ بێت لەبارەی قسەی دوێنێ شەومان،
ئێمە دەستبەجێ ئەو کێشەیە دەخەینە تاقیکردنەوەوە. –
گێرترودی چاک، هەندێک چاودێری لەسەر کوڕەکەت دابنێ. –
ئەم گۆڕە پەیکەر یادگارێکی زیندووی دەبێت.
هەر بەم زووانە ساتێکی هێمن دەبینین
تا ئەوسا، کارو کردەکانمان بە ئارامی دەسپێرین.
(دەڕوات)

## دیمەنی دووەم

*هۆڵێکی ناو قەڵاکە*
*(هاملێت و هۆراشیۆ دێنە ژوورەوە)*

**هاملێت:** بەڕێزم، ئەوەندە بەسە لەو بارەیەوە. ئێستا ئەوی تر دەبینیت،
تۆ هەموو بارودۆخەکەت لەبیرە؟

**هۆراشیۆ:** گەورەم، لەبیرمە.

**هاملێت:** بەڕێزم، لەناو دڵمدا جۆرە ململانێیەک هەبوو
کە لێ نەدەگەڕا بخەوم. وام دەزانی من
زۆر خراپترم لە یاخییە پێ سندمکراوەکان. بەهەڵەشەیی،
با ستایشی هەڵەشەییش بکەم لەبەر ئەوە، با بزانین،

هەندێک جار بزێوی بەباشی بە کەلکمان دێت،
لەو کاتەی پیلانە قووڵەکانمان سەرناکەون. جا دەبێت لەوەوەش
فێر ببین
کە خواوەندێک هەیە – سەرەنجاممان دیار دەکات،
هەرچۆنێکیش ئێمە هەوڵی ئاراستەکردنی بکەین –
**هۆراشیۆ:** ئەمە زۆر مسۆگەرە.
**هاملێت:** لەناو کونجەکەی خۆم هەڵسامەوە و
پاڵتۆی دەریاییم لەخۆم لوول دا و لە تاریکیدا
دەستم گێڕا تا بیاندۆزمەوە. بە مرازی خۆم گەیشتم،
گرێبەستکەکەی ئەوانم دزی، لە کۆتاییدا کشامەوە
ناو ژوورەکەی خۆم. هێندە ئازایەتیم نواند،
کە ترسەکانم خوو و رەوشتی لەبیر بردمەوە، دەسەڵات پێدانە
شاهانەکەی ئەوانم هەڵپچڕی، هۆراشیۆ، بڵێ لەناویدا چیم
دۆزییەوە،
ئۆه، نامەردایەتییەکی شاهانەیی! – فەرمانێکی ئاشکرا –
پڕی چەندین جۆری هۆ کرابوو
کە ساغی و سەلامەتی دانیمارک و هی ئینگلتەراشی پێوە
بەندە،
تەئهوو! چەندین خراپەکاری و زیانبەخشی ژیانمی تێدا
هەڵبەسترابوو
کە لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا، نابێ هیچ مەودام پێ بدرێت،
نەخێر، نابێت ماوە بۆ تیژکردنەوەی تەورەکەش بهێڵرێتەوە و
دەبێ دەستبەجێ سەرم بپەڕێندرێت.



**هۆراشیۆ:** چۆن شتی وا دەشێت؟
**هاملێت:** ئەوەتا دەسەڵات پێدانەکە. بە ئیسراحەتی خۆت بیخوێنەوە.
بەڵام گوێ رادەگریت بزانیت چیم کرد؟
**هۆراشیۆ:** تکات لێ دەکەم.
**هاملێت:** کاتێک بەم جۆرە لە هەموو لایەکەوە بەتۆڕی نامەردی
تەنرابووم –
بەرلەوەی پێشگوتارێک بۆ مێشکم ئامادە بکەم،
ئەوان شانۆگەری خۆیان دانابوو – منیش دانیشتم،
نووسراوێکی نوێی دەسەڵات پێدانم نووسییەوە، بەچاکیم
نووسییەوە –
من جاران وا سەیری ئەوەم دەکرد، وەک چۆن سیاسەتوانەکان
دەیکەن،
کە نزمایەتییە بەجوانی شت بنووسیت، زۆر تێکۆشام
چۆن ئەو فێربوونە لەبیرەخۆم ببەمەوە، بەڵام، بەڕێزم، ئێستا
ئەمە خزمەتێکی راستەقینەی کردم. – دەتەوێت بزانیت
پوختەی نووسینەکەم چی بوو؟
**هۆراشیۆ:** بەڵێ، گەورەی چاکم.
**هاملێت:** ئەمە داواکارییەکی راستەقینەیە لە شاوە –
لەبەرئەوەی ئینگلتەرا ژێردەستەیەکی دڵسۆزێتی،
لەبەرئەوەی خۆشەویستی لەنێوان ئەوان رەنگە وەکو دارخورما
بڕوێت،
لەبەرئەوەی پێویستە هێشتا ئاشتی پۆشاکی گوڵە گەنمی بکاتە
بەر،

پەیوەستییەک لەنێوان خۆشەویستیمان هەبێت،
هەروا لەبەر زۆر "لەبەرئەوەی" تری گرینگ –
کە بە ڕوانین و زانینی ئەم ناوەرۆکانە،
بەبێ دواکەوتن و زۆر هێنان و بردنی زۆر یان کەم،
دەبێ هەڵگری ئەو نامانە یەکسەر لەناو ببات و
بەبێ ئەوەی ماوەی ئەوەشیان هەبێت دان بە گوناهەکانیان
بنێن.
**هۆراشیۆ:** چۆن ئەوەت مۆرکرد؟
**هاملێت:** بۆچی، تەنانەت لەوەشدا خودا بۆی ڕێکخستم.
من مۆری ئەنگوستیلەکەی باوکمم لەناو جزدانەکەمدا مابوو،
کە دەقاودەق وەکو مۆری دانیمارکی بوو،
نووسینەکەم بەهەمان شێوەی ئەوەکەی تر لوول دا،
ئیمزا و مۆرم کرد و بە سەلامەتی لەجێی خۆیم دانایەوە،
کەس بەم گۆڕینەی نەزانی. ئینجا ڕۆژی پاشتر
شەڕی دەریایی دەستی پێ کرد، دوای ئەوە چی قەوما
ئەوە بەخۆت دەمێکە دەیزانیت.
**هۆراشیۆ:** کەواتە گیلدنستێرن و ڕۆزینکرانتز بۆ مردن ڕۆیشتن .
**هاملێت:** بۆچی، پیاو، ئەوان حەزیان لەو کارە بوو،
ئەوان هەرگیز لە هەست ویژدانم نزیک نەبوونە، ڕووخانیان
لە ئەنجامی کارو کردەی خوار و خێچیان پێ گەییوە.
کارێکی ترسناکە کەسانی سروشت نزم بکەونە
نێوان زەبری لێدانی نووکە ئاگراوییەکانی



دوو دوژمنی بەهێزەوە.
**هۆراشیۆ:** وای ئەمە چ جۆرە شایەکە!
**هاملێت:** ئەرێ تۆ پێت وانییە ئێستا من ناچارم کە –
ئەو کەسەی شای منی کوشت و دایکمی حیز کرد،
هەروا کەوتە نێوان هەڵبژاردنی من و هیواکانمەوە،
قولابی خۆیشی هەڵدا بۆ دەستگیرکردنی ژیانم و
بەو هەموو فڕوفێڵانەشیەوە – من بە ویژدانێکی پاکەوە
بچم بەچەکەکەی خۆی لەناوی ببەم؟ ئەرێ بەرنەفرەت ناکەوم
ئەگەر لێگەڕێم ئەو دەرد و ئافاتەی ناو سروشتمان
خراپەیەکی تر بە ئەنجام بگەیەنێت؟
**هۆراشیۆ:** زۆری پێ ناچێت و دەبێ شای ئینگلتەرا پێی رابگەیەنێت
ئیش و کارەکەی ئەوێ چۆن بەجێ گەیەنراوە.
**هاملێت:** زۆری پێ ناچێت. ماوەکەی نێوانیشیان بۆ منە،
ژیانی مرۆڤ لەوە درێژتر نییە بڵێی "یەک".
بەڵام ئەی هۆراشیۆی چاک، من زۆر بەداخەوەم
کە بەخراپی لەگەڵ (لێیرتس) جوولامەوە،
چونکە کاتێک من سەیری سیمای کێشەکەی خۆم دەکەم،
سیمای کێشەکەی ئەوم بە بیر دێتەوە. من دەمەوێت دڵی چاک
بکەمەوە.
بەڵام بێگومان دەرخستنی زەبەلاحی خەمەکانی ئەو بوو
کە وای لە من کرد بگەمە ترۆپکی سۆز و تووڕەیی.
**هۆراشیۆ:** هێواش! ئەوە کێیە دێت؟

(ئۆسریک دێتە ژوورەوە)

**ئۆسریک:** بەڕێزتان زۆر بەخێر بێنەوە بۆ دانیمارک.

**هاملێت:** بەڕێزم، من زۆر بەخاکەڕاییەوە سوپاست دەکەم – (لەلاوە بۆ هۆراشیۆ) ئەرێ تۆ ئەو مێشە ئاوییە دەناسیت؟

**هۆراشیۆ:** (لەلاوە بۆ هاملێت): نەخێر، ئەی گەورەی چاکم.

**هاملێت:** (لەلاوە بۆ هۆراشیۆ): کەواتە باری رۆحیت پڕخێرترە، چونکە خراپە بیناسیت. ئەو زەوی و زاری هەیە و بەپیتیشن. با دڕندەیەک ببێتە گەورەی دڕندەکان و ئاخوڕی ئەو لەناو ئاخوڕگای شادایە. ئەم قاژوویەکە، بەڵام وەک من دەیڵێم، ئەو خاوەنی زەوی و زاری گەندوگوواوی فراوانە.

**ئۆسریک:** گەورەی بەڕێزم، ئەگەر ئێوە بێ ئیشن، من دەبێ شتێکی خاوەن شکۆتان پێ رابگەیەنم.

**هاملێت:** بەڕێزم، منیش بە هەموو دڵسۆزی رۆحییەوە وەری دەگرم. کڵاوەکەت لە جێگای راستی خۆی دابنێ، کڵاو بۆ سەر دروست کراوە.

**ئۆسریک:** من سوپاسی بەڕێزتان دەکەم، زۆر گەرمە.

**هاملێت:** نەخێر، باوەڕم پێ بکە زۆر ساردە، با لە باکورەوە دێت.

**ئۆسریک:** گەورەم، ئەوەی راستی بێت، تا رادەیەک ساردە.

**هاملێت:** بەڵام، وابزانم هێشتا زۆر شێدار و گەرمە بۆ باری جەستەیی من.

**ئۆسریک:** گەورەم، وەک دەڵێیت، یەگجار زۆر شێدارە، بەڵام نازانم چۆنی بڵێم. – بەڵام گەورەم، خاوەن شکۆ پێی گوتم پێت بڵێم



کە گرەوێکی گەورەی لەسەر تۆ کردووە. گەورەم، ئەوە مەسەلەکەیە –

**هاملێت:** تکات لێ دەکەم، لە بیرت بێت –

(هاملێت وای لێ دەکات کڵاوەکە لەسەر بکات)

**ئۆسریک:** نەخێر، گەورەی چاکم. بەخودای تەنیا بۆ خۆشی خۆم. گەورەم، بەم تازووکانە (لێیرتس) هاتە ناو دەربار، بڕوام پێ بکە، ئەو جوامێرێکی تەواوە، پڕاوپڕی ئاکاری نایابە، قسەخۆش و قۆزە. ئەوەی راستی بێت، ئەگەر بە تێگەیشتنەوە لەو بدوێم، ئەو رابەر و رێنماییکەری پەروەردەی چاکە، چونکە تۆ لەودا سەرجەم ئەو شتانە دەدۆزیتەوە کە جوامێران حەزیان لێیەتی.

**هاملێت:** گەورەم، وەسفی تۆ هیچ کەموکوڕی یان نەبوونییەکی تێدا نییە، هەرچەندە من دەیزانم، دابەشکردنی ئەو بەم جۆرە وردییە، ژمێرکارییەکەی ناو مێشک گێژ دەکات، ئەگەرچی ئەوەش زۆر بەناڕێکی لەگەڵ خێرا چوونە ناو مێشکەوە دەڕوات. بەڵام، لە راستی پیاهەڵدان بەو، من ئەو بە رۆحی بابەتێکی مەزن دادەنێم و لێک قایمکردنی ئەو دەگمەن و دانسقەییەی ئەو، ئەگەر بەڕاستی قسە لەبارەی ئەوەوە بکەین، روخساری خۆی دەبێتە ئاوێنەی خۆی و هەر کەسێکی دی بە شوێن ئەودا بڕوات ئەو کەسە دەبێتە سێبەری ئەو و هیچی تر نا.

**ئۆسریک:** بەڕێزتان زۆر بەڕێکی باسی ئەو دەکەن.

**هاملێت:** مەبەستەکەت، بەڕێزم؟ بۆچی ئێمە ئەو جوامێرە لەناو هەناسە کاڵەکانی خۆماندا لوول دەدەین؟

**ئۆسریک:** گەورەم؟ –

**هۆراشیۆ:** ئەرێ تۆ ناتوانیت لە زمانی یەکێکی تر تێ بگەیت؟ بەڕێزم، تۆ بەڕاستی، بەخۆشت هەر بەم شێوازە قسە دەکەیت.

**هاملێت:** مەبەستت چییە لەوەی ناوی ئەو جوامێرە دێنیت؟

**ئۆسریک:** مەبەستت (لێیرتس)ە؟

**هۆراشیۆ** (لەلاوە بۆ هاملێت): دەمێکە جۆرکەکەی بەتاڵ بووە. هەموو وشە زێڕینەکانی خەرج کرد.

**هاملێت:** بەڕێزم، لەبارەی ئەو.

**ئۆسریک:** من دەزانم تۆ بێ ئاگا نیت –

**هاملێت:** بەڕێزم، خۆزگە بتزانییبایە، کەچی ئەوەی ڕاستی بێت، ئەگەر بشتزانییبایە ئەمە بۆ من هیچ چاک نییە. – باشە، بەڕێزم.

**ئۆسریک:** تۆ بێ ئاگا نیت لە ئاکارە نایابەکانی (لێیرتس) –

**هاملێت:** من ناوێرم دان بەوەدا بنێم، نەوەک خۆم لە نایابیدا بەو بەراورد بکەم، بەڵام هەرکەسێک بۆ ئەوەی یەکێکی تر بناسێت، دەبێت خۆی بناسێت.

**ئۆسریک:** گەورەم، من مەبەستم لە چەکەکانییەتی، بۆ ئەو ناوبانگەی ئەو لەلای خەڵکی هەیەتی و ئەو لە ئاکارەکانیدا بێ هاوتایە.

**هاملێت:** چەکی ئەو چییە؟

**ئۆسریک:** شمشێر و خەنجەرە.

**هاملێت:** ئەمانە دوو چەکی ئەون. بەڵام، باشن.

**ئۆسریک:** گەورەم، شا لەسەر شەش ئەسپی بەربەری گرەوی لەسەر کردووە، بەرامبەر گرەوەکەی ئەو، وەک من بیزانم، کە بریتین لە شەش شمشێر و خەنجەری فەرەنسی بەهەموو



کەلوپەلەکانییەوە وەکو کەمەربەند و قایش و شتی وا. ئەوەی ڕاستی بێت، سێ لەم کەمەربەندانە زۆر جوان و نازدارن و بەجوانی لە دەسکەکانیان دەوەشێنەوە، ئەوان کەمەربەندی زۆر ناسکن و یەگجار بەسەلیقەوە نەخشێنراون.

**هاملێت:** ئەوانە چین کە تۆ پێیان دەڵێیت کەمەربەند؟

**هۆراشیۆ** (لەلاوە بۆ هاملێت): من دەمزانی کە دەبوایە ئەوەت بۆ لە پەراوێزدا ڕاڤە بکرابوایە بەرلەوەی ئەم کارە بکەیت.

**ئۆسریک:** گەورەم، کەمەربەندەکان بریتین لە تێوەرێخەکان.

**هاملێت:** ئەوسا دەستەواژەکەت لەگەڵ بابەتەکە تێکی دەکردەوە ئەگەر بمانتوانییبایە تۆپ بە لاتەنیشتمانەوە قایم بکەین. من پێم خۆشە تا ئەو ساتە هەر پێی بڵێیت: " تێوەرێخەکان " بەڵام، بەردەوام بە. شەش ئەسپی بەربەری بەرامبەر شەش شمشێری فەرەنسی بە هەموو کولەپەل و تێوەرێخ و کەمەربەندە زۆر جوان نەخشێنراوەکان، ئەمە گرەوی فەرەنسییە دژ بە دانیمارک. لەبەرچی ئەو "گرەوە" کراوە، وەک تۆ دەیڵێیت؟

**ئۆسریک:** گەورەم، شا دوانزە جار لێدانی لە نێوان تۆ و ئەو داناوە، نابێ ئەو لە سێ دانە لێدان زیاتر لە تۆ بدات. ئەو دوانزە لێدانی بەرامبەر بە نۆ لێدان داناوە: ئینجا یەکسەر دەگاتە دوا بڕیار، جا ئەگەر بفەرموون وەڵام بدەنەوە.

**هاملێت:** پێت چۆنە ئەگەر بڵێم نا؟

**ئۆسریک:** گەورەم، مەبەستم وایە بەخۆت لە بەرامبەری بوەستیتەوە.

**هاملێت:** بەڕێزم، من لێرە لەناو ئەو هۆڵەدا پیاسە دەکەم. ئەگەر خاوەن شکۆ پێی خۆشە ئێستا کاتی پشوودان و مەشقکردنە،

با شمشێرەکان بێن ئەگەر ئەو جوامێرە ئارەزوومەندە و (شا)ش لەسەر قسەی خۆی سوورە، من ئەگەر پێم کرا بۆی دەبەمەوە، ئەگەر نەشمتوانی، من هیچم دەست ناکەوێت جگە لە شەرمەزاری و چەند تاکە لێدانێک.

**ئۆسریک:** من وەڵامەکەت ئاوا ببەمەوە؟

**هاملێت:** بەڕێزم، شتێکی وا بڵێ، بەپێی حەزی سروشتی خۆت قسەکە برازێنەوە.

**ئۆسریک:** من لە خزمەتی بەڕێزتاندام.

**هاملێت:** تۆ لە خزمەتی خۆتدایت، هی خۆت. (ئۆسریک دەڕوات) – ئەو چاک دەکات کە بە خۆی خزمەتەکانی خۆی دەخاتە روو. هیچ زمانێکی تر ناتوانێت وای بۆ بکات.

**هۆراشیۆ:** ئەو قیقیداوکەیە(*) هێشتا قەپێلکی هێلکەی بەسەر سەرەوەیە و رادەکات.

**هاملێت:** ئەو پێش مژینی مەمکی دایکی فێرە ئەو جۆرە خوو رەوشتانە بووە. ئەو و زۆرێک لەو رەوە باڵندانەی وەکو ئەو، کە من دەیانناسم حەز لەو سەردەمە فشەیە دەکەن – ئەوان تەنیا ئاواز و رووخساری رووکەشانەی ئەو سەردەمە فێربووینە و جۆرە کەش و فشێکیان وەرگرتووە کە دەیانباتە ناو زۆربەی بیرۆکە پفدراو و فشەڵەکان، جا تەنیا فووێکیان لێ بکە، ئەوسا بڵقەکانیان نامێنێت.

(گەورە پیاوێک دێتە ناوەوە)

(*) قیقیداوکە باڵندەیەکی خێرای ڕەش و سپییە، دەڵێن هەرکە لە هێلکە ترووکا هێشتا قەپێلکەکەی بەسەرەوە ماوە دەست بەڕاکردن دەکات. (وەرگێڕ)





**گەورەپیاو:** گەورەم، خاوەن شکۆ پەیامێکی لەگەڵ (ئۆسریک)ی گەنج بۆ ئێوە ناردبوو کە ئەویش وەڵامەکەی گەڕاندووەتەوە کە ئێوە لەناو هۆڵەکەدا چاوەڕێی دەکەن. ئەو ناردوویەتی بزانێت ئەگەر حەزتان لەوەیە کە لەگەڵ (لێیرتس) یاری بکەن، یان کاتی زیاترتان پێویستە.

**هاملێت:** من لەسەر مەبەستی خۆم جێگیرم، مەبەستەکانم بە شوێن فەرمانەکانی شادا دێن. ئەگەر ئەو ئامادەبوونی خۆی دەرببڕێت، من ئامادەم، ئێستا بێت یان هەرکاتێکی تر، بەمەرجێک من وەک ئێستا توانام هەبێت.

**گەورەپیاو:** شا و شاژن و هەموویان وا دێنە خوارەوە.

**هاملێت:** لە کاتێکی گونجاودا دێن.

**گەورەپیاو:** شاژن حەز دەکات تۆ بەگەرمی و دۆستانە بەخێرهاتنی (لێیرتس) بکەیت بەرلەوەی دەست بە یارییەکە بکەن.

**هاملێت:** ئەو ئامۆژگارییەکی باشم دەکات. (گەورە پیاوەکە دەڕوات)

**هۆراشیۆ:** گەورەم، تۆ لەم گرەوە دەدۆڕێنیت.

**هاملێت:** من لەو بڕوایەدا نیم. لەوەتەی ئەو چۆتە فەرەنسا من بەردەوام لە مەشقکردن دام، من ئەو یارییە بەباشی دەبەمەوە، بەڵام تۆ نازانیت لێرە لەناو دڵمدا من چ ئازارێکم هەیە، بەڵام ئەوە گرنگ نییە.

**هۆراشیۆ:** نا، گەورەی چاکم –

**هاملێت:** ئەوە تەنیا فشەیە، بەڵام جۆرە دڵە خورپەیەکە رەنگە ببێتە هۆی دڵتەنگ کردنی ئافرەت.

**هۆراشیۆ:** ئەگەر مێشکت حەزی لە شتێک نەکرد، بە گوێی بکە. من

پێشوەخت هاتنیان بۆ ئێرە رادەگرم و دەڵێم تەندروستیت لەبار نییە.

**هاملێت:** یەک تۆزیش نا، ئێمە دژ بە جادووگەری دەجەنگین. تەنانەت لە بەربوونەوەی چۆلەکەیەکیشدا ویستێکی خودایی هەیە. ئەگەر شتێک ئێستا روو بدات، نابێت دواتر روو بدات، ئەگەر دواتر روونەدات، هەر دەبێ ئێستا روو بدات، جا ئەگەر پێویست بێت ئێستا رووبدات، ئەوە هەر روو دەدات. ئامادەگی هەموو شتێکە. هیچ کەسێک نابێتە خاوەنی ئەوەی بە جێی دەهێڵێت، چی تێدایە پێشتر بچێت؟ چی دەبێت با ببێت.

(شا و شاژن و لێیرتس و گەورە پیاوان و ئۆسریک و یاوەران دێنە ژوورەوە و قلینج و دەستەوانە و قۆڵەوانەیان پێیە لەگەڵ مێزێک کە گومگومەی پڕ شەرابی لەسەر دادەنێن)

**شا:** وەرە، هاملێت، وەرە، ئەم دەستە لە من وەربگرە.

(شا دەستی لێیرتس دەخاتە ناو دەستی هاملێت)

**هاملێت:** بەڕێزم، لێم ببوورە. من خراپەم لەگەڵ کردیت،
بەڵام، بمبوورە، چونکە تۆ خانەدانیت.
ئەم ئامادەبووانە دەزانن،
پێویستە تۆش ببیسیت، من چۆن گرفتار بوویمە
بە شێتایەتییەکی پڕئازار. ئەوەی من کردوومە،
رەنگە ئازاری بە سروشتت، ئابڕوومەندیت و سەربەرزیت گەیاندبێت
وا من لێرە رایدەگەیەنم کە شێتایەتی من بوو وای کرد.
ئەرێ (هاملێت) بوو کە خراپەی لەگەڵ (لێیرتس) کردبوو؟



هەرگیز (هاملێت) نەبوو.
ئەگەر (هاملێت) لەخۆی جیا بکرێتەوە و
ئەو کاتەی ئەو بەخۆی نییە ئەوسا ئەو خراپە لەگەڵ (لێیرتس) دەکات،
کەواتە (هاملێت) وا ناکات، (هاملێت) نکوڵی لەوە دەکات.
ئەدی کێ دەیکات؟ شێتێتی ئەو وادەکات. ئەگەر وا بێت،
(هاملێت) بەخۆی لەو لایەنەیە کە خراپەی لەگەڵ کراوە،
شێتێتییەکەی دوژمنی (هاملێت)ی بەسەزمانە.
جا، بەڕێزم، لەبەرچاوی ئەم ئامادەبووانە،
رێگەم بدە کە بیسەلمێنم خراپەی بەئەنقەستم لەگەڵا نەکردووی و
لەناو مێشکی هەرە بەخشندەتا ئازادم بکە و
وا دابنێ کە من تیرم بەسەر خانووێکدا هاویشتووە و
لەو دیو خانووەکەدا برای خۆمی بەرکەوتووە.

**لێیرتس:** من سروشتم تێر بووە،
لە بارودۆخی وادا، هاندەرەکەی بەلای زۆرییەوە
بەرەو تۆڵەسەندنەوەی دەبات. بەڵام بەپێی مەرجەکانی
ئابڕوومەندیم من دوور دەوەستم و ئاشتبوونەوەشم ناوێت
تا ئەو کاتەی هەندێک گەورەپیاوی رۆمەتدار و ئابڕوومەندانی دیار دەکەونە نێوانمان،
ئەوسا دەنگ و پێشینەی ئاشتی
ناو و ناوبانگم بەبێ خەوشی دەهێڵێتەوە. بەڵام، تا ئەو ساتە،
من خۆشەویستی پێشکەشکراوت وەک خۆشەویستی

وەردەگرم،
خراپەکاریت لەگەڵ ناکەم.
**هاملێت:** منیش ئازادانە باوەشی بۆ دەکەمەوە،
بە ئازادیش ئەو گرەوە برایانە یاری دەکەین. –
قلنجەکانمان پێ بدەن. – وەرە.
**لێیرتس:** وەرە، یەکێکیش بدەنە من.
**هاملێت:** (لێیرتس) من دێمە بەرامبەرت. تاوەکو لە نەزانی مندا
لێهاتوویی تۆ، وەکو ئەستێرەیەک لە شەوی تاریکدا،
بەڕاستی گەش گەش بچریسکێتەوە.
**لێیرتس:** گەورەم، تۆ گاڵتەم پێ دەکەیت.
**هاملێت:** نەخێر، سوێند بەو دەستانەم.
**شا:** (ئۆسریک)ی گەنج، قلنجەکانیان پێ بدە. – (هاملێت)ی برازام
تۆ گرەوەکە دەزانیت؟
**هاملێت:** زۆر بەباشی، گەورەم،
بەڕێزتان گرەوەکەتان لە بەرژەوەندی لایەنە بێ هێزەکە داناوە.
**لێیرتس** (قلنجەکەی تاقی دەکاتەوە): ئەمەیان زۆر قورسە، با یەکێکی تر ببینم.
**هاملێت** (قلنجەکەی تاقی دەکاتەوە): ئەمەیان بۆ من زۆر باشە. ئەم قلنجانە وەک یەک درێژن؟
**ئۆسریک:** بەڵێ، گەورەی چاکم.
**شا:** جامی مەی لەسەر ئەو مێزەی ئەوێ دابنێن. –
ئەگەر (هاملێت) یەکەم و دووەم لێدانی ئەنجام دا،



یان لێدانی سێیەمی بەرامبەر کردەوە،
با لە هەموو بورجەکانەوە تۆپ بتەقێندرێن،
شا شیرینی چاکتر وەشاندنی (هاملێت) دەخواتەوە،
جا بێ هاوتاترین مراوری دەخرێتە ناو ئەو جامەوە
کە بەنرختر بێت لەوەی کە چوار شای یەک لەدوای یەکی دانیمارک
لە تاجەکانیان داوە. جامی مەیەکانم بدەرێ،
با تەپڵ و شەیپوورەکان بۆ یەکتر دەنگ بدەنەوە،
شەیپوور بۆ تۆپچی دەرەوە و
تۆپەکانیش بۆ ئاسمان و ئاسمانیش بۆ زەوی رابگەیەنێت،
"ئێستا شا بەخۆشی (هاملێت) دەخواتەوە." وەرن، دەست پێ بکە،
ئێوەش ئەی دادوەران، چاوتان بکەنەوە.
**هاملێت:** بەڕێزم، ئادەی وەرە.
**لێیرتس:** گەورەم، ئادەی وەرە. (شەڕە قلینجانێ دەکەن)
**هاملێت:** ئەمە یەک.
**لێیرتس:** نەخێر.
**هاملێت:** دادوەران ئێوە بڵێن.
**ئۆسریک:** لێدان بوو، لێدانێکی زۆر ئاشکرا.
**لێیرتس:** باشە، دیسان.
**شا:** ڕاوەستن، خواردنەوەکەم بدەرێ. – هاملێت، ئەم مروارییە هی تۆیە،

(ژەهر دەکاتە ناو پەرداغەکەوە)

ئەمە بۆ خۆشی و تەندروستی تۆیە.

(شەیپوورەکان دەنووڕێن و تۆپ دەتەقێنرێن)

پەرداغەکەی پێ بدەن.

**هاملێت:** من یەکەم جار ئەم سووڕە تەواو دەکەم. بۆ ماوەیەک لای ببە.–

وەرە، – (قلینجانێ دەکەن) لێدانێکی تر، چ دەڵێیت؟

**لێیرتس:** پێکەوتنە، پێکەوتن، من دانی پیا دەنێم.

**شا:** کوڕەکەمان دەیباتەوە.

**شاژن:** ئەو قەڵەوە و هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە.

ها، هاملێت، ئەوە دەستەسڕەکەم، نێوچەوانتی پێ بسڕەوە،

شاژن بۆ بەختی چاکی تۆ دەخواتەوە، هاملێت.

(شاژن جامە ژەهرەکە دەخواتەوە)

**هاملێت:** ئەی خانمی چاک.

**شا:** گێرترود، مەیخۆرەوە.

**شاژن:** گەورەم، من دەیخۆمەوە، تکام وایە بمبووریت. (دەخواتەوە)

**شا** (لەلاوە): ئەمە پەرداغە ژاراوییەکە بوو، تازە زۆر درەنگە.

**هاملێت:** خانم، من هێشتا ناوێرم بخۆمەوە، دوای کەمێکی تر.

**شاژن:** وەرە، با من دەموچاوت بسڕمەوە.

**لێیرتس:** گەورەم، من ئێستا لێی دەدەم.

**شا:** باوەڕ ناکەم.

**لێیرتس** (لەلاوە): کەچی لەگەڵ ئەوەشا ئەمە دژی ویژدانمە.



**هاملێت:** لێیرتس، وەرە بۆ سێیەم لێدان. تۆ تەنیا گاڵتە دەکەیت،

تکات لێ دەکەم، بە هەموو هێزی خۆتەوە بیوەشێنە،

دەترسم تۆ بە بێ هێزم بزانیت و فشەم لەگەڵا بکەیت.

**لێیرتس:** تۆ وادەڵێیت، دە وەرە. (قلینجانێ دەکەن)

**ئۆسریک:** هەردوولا، هیچ.

**لێیرتس:** دە ئێستا بیگرە.

(لێیرتس هاملێت بریندار دەکات، ئینجا لە پێکداداندا ئەوان شمشێرەکانیان لێ دەکەوێت و هی یەکتر هەڵدەگرنەوە و هاملێت لێیرتس زامدار دەکات).

**شا:** لێکیان بکەنەوە، ئەوان جۆشیان سەندووە.

**هاملێت:** نەخێر، دیسان وەرە. (شاژن بەردەبێتەوە)

**ئۆسریک:** هۆی، ئاگاتان لە شاژن بێت!

**هۆراشیۆ:** هەردوولا خوێنیان لێ دەتکێت. – (بۆ هاملێت) گەورەم، چۆنیت؟

**ئۆسریک:** لێیرتس، چۆنیت؟

**لێیرتس:** بۆچی، وەکو کەڵەشێری کێویم کە بە داوی خۆمەوە بووبم، ئۆسریک، من بەڕەواییەوە بەهۆی ناپاکی خۆمەوە کوژراوم.

**هاملێت:** شاژن چۆنە؟

**شا:** ئەو کە بینی ئەوان زامدار بوون لە هۆشی خۆی چوو.

**شاژن:** نەخێر، نەخێر، خواردنەوەکە بوو، خواردنەوەکە – ئۆه، ئەی (هاملێت)ی شیرین، خواردنەوەکە بوو، خواردنەوەکە! – من ژارخوارد کرام.

**هاملێت:** ئای لەم نامەردییە! – هۆ، با دەرگا دابخرێت.

ناپاکییە! بەدوایدا بگەڕێن. (لێیرتس بەردەبێتەوە)

**لێیرتس:** ئەوە لێرەیە، هاملێت. هاملێت، تۆش کوژراویت.

هیچ دەرمانێکی دونیا تۆی پێ چاک ناکرێتەوە،

لە تۆدا نیو کاتژمێر ژیان نەماوە،

کەرەستەی ناپاکییەکە وا لەناو دەستی خۆتدایە

بە کۆڵ نەکراوی و ژاراویکراوییەوە. ئەو کارە چەپەڵەم

یاخەی خۆمی گرتەوە، لۆ، وا لێرە من درێژ دەبم،

هەرگیز جارێکی تر هەڵناسمەوە. دایکت ژاراوی کراوە.

من چی ترم پێ ناگوترێت – شا، شا تاوانبارە.

**هاملێت:** نووکی شمشێرەکە – ئەویش ژاراوی کراوە! –

جا کەواتە ژەهر کاری خۆت بکە. (بە شمشێر لە شا دەدات)

**هەموویان:** ناپاکی! ناپاکی!

**شا:** ئۆهـ، هێشتا بەرگریم لێ بکەن، من تەنیا زامدار کراوم.

**هاملێت:** ها، ئەی دانیمارکی داوێن پیس و پیاوکوژ و نەفرەتی،

بەشی خۆت لەمە بخۆرەوە. – ئەرێ مرواریییە تاقانەکەت لێرەیە؟

تۆش بەدوای دایکمدا بڕۆ. (شا دەمرێت)

**لێیرتس:** بەجۆرێکی دادوەرانە خزمەت کرا،

ئەو بەخۆی ژارەکەی تێ کردبوو. –

(هاملێت)ی خانەدان، با گەردن ئازادی لە یەکتر بخوازین.

مەرگی من و باوکم با نەکەونە ئەستۆی تۆ،

هی تۆش نەکەوێتە ملی من!

**هاملێت:** خوا گەردنی تۆ لەوە ئازاد بکات! منیش بەدواتدا دێم. –



هۆراشیۆ، من دەمرم. – خوات لەگەڵ، شاژنی کڵۆڵ! –

(بۆ هەمووان) ئێوە ڕەنگتان بزرکاوە و لەبەردەم ئەو ڕووداوە دەلەرزن،

زمانتان لاڵ بووە یان سەیرکەری ئەو ڕووداوەن،

هاتبیایە کاتم هەبوایە – چونکە ئەو مەرگە پۆلیسییە دڵڕەقە

لە گرتنمدا زۆر توندە – ئۆهـ، خۆزگە پێتانم گوتبا –

بەڵام با وا بێت. – هۆراشیۆ، من دەمرم،

تۆ دەژیت، بەڕاستی باسی من و کێشەکەم

بۆ ئەوانەی باوەڕ ناکەن بگێڕەوە.

**هۆراشیۆ:** هەرگیز باوەڕ مەکە.

من پتر ڕۆمانییەکی جارانم(*) لەوەی دانیمارکی بم.

لێرەدا هێشتا هەندێک شەڕاب ماوە. (جامەکە هەڵدەگرێتەوە)

**هاملێت:** چونکە تۆ پیاویت،

جامەکەم بدەرێ. بۆ خاتری خودا، واز بێنە، من جامەکەم دەوێت.

ئای خودایە، هۆراشیۆ، چ ناوێکی خراپ

لەدوای مندا بەجێ دەمێنێت ئەگەر شتەکان بەنەزانراوی بمێننەوە!

ئەگەر هەرگیز تۆ منت لەناو دڵتدا هەڵگرتووە

بۆ ماوەیەک کەمێک خۆت لەو ئاسوودەیییە بەدوور بگرە و

لەم دونیایە دڵڕەقەدا بەئازارەوە هەناسە هەڵکێشە

(*) لێرەدا مەبەستی (هۆراشیۆ) ئەوەیە کە ڕۆمانییەکانی جاران هێندە ئازا و دڵسۆز بوون ئامادەبوون لەپێناو برادەرایەتیدا خۆیان بکوژن. (وەرگێڕ)

تا چیرۆکی من بگێڕێتەوە.

(دەنگی ڕۆیشتنی سەربازی لە دوورەوە دێت، دەنگی تەقەش لەناوەوە)

ئەو دەنگ و هەرا جەنگییانە چین؟

**ئۆسریک**: ئەوە (فۆرتنبراس)ی گەنجە کە بەسەرکەوتوویی لە پۆڵەندا گەڕاوەتەوە و ئەم تۆپ تەقاندنەشی وەکو ڕێزگرتنە لە باڵیۆزی ئینگلتەرا.

**هاملێت**: ئۆه، من دەمرم، هۆراشیۆ،

ئەو ژەهرە بەهێزە بەتەواوی سواری ڕۆحم بووە.

من نامێنم تا لە ئینگلتەراوە هەواڵم پێ دەگات،

بەڵام من بۆ (فۆرتنبراس)

پێشبینی شای ئینگلتەرا دەکەم.

ئەو دەنگی مردووی منی لەگەڵدایە،

جا لەگەڵ ڕووداوەکاندا کەم و زۆر پێی بڵێ

چی منی وا جووڵاند – ئەوەی ماوە بێدەنگییە. (دەمرێت)

**هۆراشیۆ**: ئێستا وا دڵێکی مەزن تێکدەشکێت. – شەوت شاد، ئەی شازادەی شیرین،

یاخوا کۆمەڵەی فریشتان بەگۆرانی بەرەو ئارامگەکەت ببەن! –

ئەرێ بۆچ تەپڵەکە بەرەو ئێرە دێت؟ (ڕۆیشتنی سەربازی لەناوەوە) (فۆرتنبراس و باڵیۆزانی ئینگلیز بە تەپڵ و ئاڵاوە لەگەڵ یاوەرەکانیان دێنە ناوەوە)

**فۆرتنبراس**: کوا دیمەنەکە لە کوێیە؟



**هۆراشیۆ**: دەتەوێت چی ببینیت؟

کارەسات یان سەرسامی، لە گەڕانەکەتا بوەستە.

**فۆرتنبراس**: ئەم قۆمەتە هاواری وێرانکردن جاڕ دەدات. – ئۆه،

مەرگی لەخۆبایی چ بانگهێشتێک لەناو کونجە ئەبەدیەکەتدا بەرپێوەیە،

کە بە یەک تاقە لێدان ئەوەندە شازادەت وا لە خوێن گەوزاندووە؟

**یەکەم باڵیۆز**: دیمەنەکە ترسناکە،

ئیش و کارەکانمان لە ئینگلتەراوە بەدرەنگی گەیشتنە ئێرە،

گوێچکەکانی ئێرە بێ هەستن بۆ گوێ لێگرتنمان،

تاوەکو بەو بڵێم کە فەرمانەکەی جێبەجێ کراوە و

ڕۆزینکرانتز و گیلدنستێرن مردوون.

نازانم سوپاسی خۆمان لە کێ وەربگرین؟

**هۆراشیۆ**: لە دەمی شاوە وەرتان نەدەگرت

ئەگەر ئەو توانای ژیانیشی مابوایە بۆ سوپاسکردن.

ئەو هەرگیز فەرمانی لەناوبردنی ئەوانی نەدابوو.

جا چونکە ئێوە ڕێک لەکاتی ڕوودانی ئەم کارە خوێناوییەدا،

لە شەڕی پۆڵەندییەکان و ئێوەش لە ئینگلتەراوە،

گەیشتوونەتە ئێرە، فەرمان بدەن با ئەم جەستانە

لەسەر سەکۆیەکی بەرز لەبەرچاوان دابندرێن،

ڕێگای منیش بدەن بۆ هەموو دونیای نائاگادار بدوێم

چۆن ئەم شتانە ڕوویان دا. ئێستا ئێوە دەربارەی

تاوانی کوشتنی گەورە و کاری نائاسایی و
بڕیاردانی بەڕێکەوت و کوشتنی سەرپێیی و
لەناوبردنی بە فڕوفێڵ دروستکراو دەبیستن،
جا لە کۆتاییدا مەبەستەکان هەڵە دەرچوون و
بەسەر سەری پیلانسازەکاندا ساغ بوونەوە. من دەتوانم
هەموو ئەوانە بەڕاستی بڵێم.
**فۆرتنبراس**: با خێرا بکەین لە بیستنی،
داوا لە خانەدانترینەکانیش بکەین ئامادە بن و گوێ بگرن.
من خۆم، بە خەمبارییەوە بەم چارەنووسە رازیم.
وەک لەبیرتان ماوە من هەندێک مافم هەیە لەو شانشینەدا
کە ئێستا ئەو دەرفەتە لەبارە پێشوازیم لێ دەکات.
**هۆراشیۆ**: منیش لەو بارەیەوە شتێکم پێیە بیڵێم،
چونکە لە دەمی ئەو هیچ دەنگێکی تر دەرناچێت.
بەڵام ئەوەی گوتتان با دەستبەجێ جێبەجێ بکرێت،
چونکە تەنانەت کە مێشکی مرۆڤ لە جۆشاندایە، نەوەکا
خراپەی تر بۆ پیلانگێڕی و هەڵەی تر رووبدات.
**فۆرتنبراس**: با چوار کاپتن
(هاملێت) وەکو سەربازێک هەڵگرن بۆ سەر شانۆ،
چونکە ئەو وابوو، هاتبا ئەو بکرابوایە شا
زۆر بە شاهانەیی ئەوەی لێ دەوەشایەوە. لەبارەی
کۆچکردنەکەشی، مۆسیقای سەربازی و سرووتی جەنگی بە
بەرزی بۆ ئەو لێ دەدرێن. –



لاشەکان لاببەن. – دیمەنی وا بۆ گۆڕەپانی جەنگ شیاوە، بەڵام
ئێرە جێگای نییە.
بڕۆ بە سەربازەکان بڵێ تۆپ بتەقێنن.
(شێوە رۆیشتنی سەربازانەی پرسەیی. ئەوان دەڕۆن و لاشەی
مردووەکانیان هەڵگرتووە و دوای ئەوەش رێژنەیەک تەقە
دەتەقێنرێن.)

(کۆتایی)